## پاژی حەوتەم

## ڕۆژنامە فرۆشێک و پیاسەیەکی ڕۆژێکی یەک شەممە

## لە لوبنان

ئەگەر یەکێک لە ئاواڵەکانی لێیان پرسیبایە، داخوا چەند پارچەیەکی لە نێو سەنگەر و ناو تانکی تورک و عارەبان وە چنگ کەوتبوو و چەند جارانیش بەسەر دوژمناندا زاڵ ببوو و، ئەو هیچ جارێک لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا نەدەچووە ناو درێژەی باسەکەوە و گفتوگۆیەکەی بەلایەکی دیدا دەشکاندەوە و هەر ئەوەندەی دەگوت: (ئاخ خ خ... زۆر).

هەرچەندە تووشی بەتووشی ڕۆژنامە فرۆشیەوەش ببوو، بەڵام نەیدەتوانی نکوڵی لە خەبات و شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەرییەکەی خۆی بکات و خۆی لێ بدزێتەوە، چونکە ئەو بەوانەوە ناسرابوو.

کاک عومەر بەو ژیانە سادە و ساکارە ڕازی بوو و لە ناو خانووێکی بچکۆلانەی کۆن و پیسدا دەژیا، کە کەوتبووە سەر ڕێگای نێوان (بەیروت – تەڕابولس) ئەوەش بۆ وی کەسەرێکی گران بوو، کە لە چیا بەرزە سەرکەشەکانی کوردستانەوە بکەوێتە کەنار دەریایەکی گەرم و شێداری واوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەوڵی ئەوەی بوو کە ددان بەخۆیدا بگرێ و دەگەڵ ئەو چارەنووسەدا هەڵکا.

کاک عومەر قادر زۆر مەردانە بەشداری لە قەدەری ئەو هەزاران کوردە دەربەدەرانەدا کرد، کە لەسەر خاک و زێدی خۆیان دوور خراونەوە و بەتفت و تاڵی ژیان بەسەر دەبەن.

هەموو ڕۆژێ بەسواری پایسکل دەچووە شاری، بۆ ئەوەی لە دەرگای لاوەکی چاپخانەی ڕۆژنامەکەوە، دەستەیەک ڕۆژنامەی تازە لە کورە دەرهاتووی وە چنگ کەوێ، و بچێ لە گۆڕەپانی = Place canonدا بیانفرۆشێ و ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی خۆی پێ دابین بکات، هەرچەندە کاک عومەر زۆریش ناڕەزا بوو بەو ژیانە بەڵام خۆی و ئاواڵەکانیشی دەیانزانی کە تازە ژیانی ناو چیا و سەربەستی نێو ئەو لێڕ و بەندەنانە



نایەتەوە و خوا حافیزی یەکجارەکیان کردووە، لە لایەکی دیشەوە زۆر سوپاسگوزاری ئەوە بوون کە لێرە حەوانەوە و مافی پەناهندەییان داونەتێ.

حەسەن گێڕایەوە کە، دوێنێ پۆلیسی نهێنی (مخابرات) هاتووە و ماڵەکەی سەر و بن کردووە و پشکنیویەتی.

کاک عومەر گوتی: لەوانەیە لەبەر باج (ضريبة) نەدانێ هاتبن، بەڵام خۆ پەناهندە هەر هێندەی پەیدا دەکا بژێوی خۆی پێ دابین بکا.

حەسەن گوتی: نەخێر، زیاتر لە سەعاتێکی هەر پرسیاری لێ کردم، و دەیویست بزانێ داخوا خەریکی کاروباری سیاسەتێم یان نا و واشی تێگەیاندم کە بەلای ئەوەوە و بەبیروباوەڕی وی، وا باشترە بچم لە وڵاتێکی دیکە، داوای پەناهندەیی بکەم.

کاک عومەر گوتی: لەبەر چی...!؟. پیاو مافی ئەوەی هەیە، دوای ساڵێک داوای ڕەگەزنامەی ئێرە بکات، چونکە لێرە دەستوور وایە. بەخودای ئەمن هێندەم نەماوە ساڵێکی تەواو کەم، هەر تەواوی کەم دەبمە هاووڵاتی سووری.

بۆیە هەمیشە هەوڵی دەدا بەهیچ شێوەیەک باسی سیاسەت نەکات و هەر خەریکی ڕۆژنامە فرۆشتنی خۆی بێ بەئەفەندییە سووریان. کاک عومەر هەرگیز کەیفی بەو جۆرە پیاوانە نەدەهات کە چاکەت و پانتۆڵیان لەبەر دەکرد و فەلسەفەیان لێدەدا. بەڵام ئەوان زۆر بەحەزەوە ڕۆژنامەیان لەو دەکڕی، چونکە ئەو لە هەموو جۆرە شوێنێک ڕانەدەوەستا، پیاوێکی زەریف و لێوەشاوە و نەفس بەرز بوو و بەجلوبەرگی کوردییەوە و خاوێن و باوێن و خەنجەرێکی زێڕ لەبەر پشتێندێ. ئەو دەمانە سەروچاوە جوان و ڕێکوپێکەکەی گرژ دەبوو کە دەنگوباسی کوردستانێ دە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرابایەوە.

حەسەن دەیگوت: ئەگەر ڕەگەزنامە وەرگرم، دەبێ هەر زووش بچمە ناو سوپای سووری. باشە خۆ ئێمە جارێکی دی ناچینەوە ناو چیاکانی خۆمان، و بەدرێژایی ژیانیشمان لێرە چ بکەین... هەر چاوەڕێی لێبووردنێکی گشتی

بین؟. هەر لە ناو گۆڕەپانەکان ڕۆژنامە بفرۆشین؟ هەر خەریکی بار بارکردنی ناو بەندەرەکان بین؟

بەخودای حەسەن ڕاست دەکا، لە ئاوارەیی و غەریبیشدا هەموو دەمێ لە ژێر چاودێری پۆلیسدا بیت و لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا هەر بەچەتە و ڕێگر و دز و جەردەت لە قەڵەم دەن...!!.

ئەو خەنجەرە زێڕە نموونەیەکی دەگمەنی بوو، چۆن، بیفرۆشێ و بۆ خۆشی ببێتە ئەفەندی، جا ئەوە هەر مانای وایە کوردستان بەیەکجاری دۆڕا. هاواڵ برادەرەکانی زۆریان پێ دەگوت، کە بیفرۆشێ و بەپارەی ئەو خەنجەرە کە (دار الجریدة) خانەی ڕۆژنامەکەی پێ دەهات پێی بکڕێ.

ئەویش دەیگوت: دەتانەوێ ئەو خەنجەرە بفرۆشرێ و بەچەند مانگێکان پارەکە لە کەلێنی قامکانڕا بەربێتەوە و پاشان هەژار و نەدارتر بین لە پێشان...!؟. نەخێر، نەخێر برادەران ئەو خەنجەرە، سەربەرزی و شانازی خێزان و ڕەچەڵەکمە، هەتاترووسکەی یەک هیوای بچکۆلە بۆ چارەنووسمان دیار بێ دەبێ هەر هەڵی بگرم.

کوردستانمان دۆڕاند کاک عومەر...!

کێ دەڵێ؟ لەوانەشە و لەوانەش نییە.

ئەگەر ئەو دۆستایەتییەی نێوان سوریا و فەڕەنسا جێی متمانە بێ، وەڵڵا ئەوە مافی پەناهندەییان دەدەن. بەڵام ئێمە هەر دەبێ سوپاسی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە بکەین کە مووسڵ خراوەتەوە سەر عێراق و داویانەتە ئەو. هەتا ئەم بارودۆخە ئاوا بێ، ئێمە جێمان لێرە مسۆگەرە، خۆ ئەگەر هات و بارودۆخەکەش بەلایەکی دیدا کەوت و گۆڕا، بەخودای ئەوە سوریا یەک و دووی لێ ناکا و هەموومان بەدەستەوە دەدەنەوە و ئاودیومان دەکەنەوە.

ئەوەی ڕێگای گەڕانەوەشمان بۆ تورکیا بۆ خۆش دەکات، تەنیا کودەتایەکی بنەڕەتییە لە تورکیا. ئەو جۆرە کودەتایە هەرگیز و بەهیچ جۆرێک لە ناو تورکیادا ڕوونادات، چونکە کەمال پاشا سوپایەکی زۆر دڵسۆز و بەمتمانەی هەیە، جا کاک عومەر ئەگەر تۆ بەهیوای ئەوەی و



چاوەڕێی ئەوە دەکەی، ئەوە هەر لە ئێستاوە سووک و باریک خەنجەرەکەت بفرۆشە.

***

کاک عومەر بۆی دەرکەوت کە (بەرد لە جێگای خۆی بەسەنگە) و پیاو لەسەر جێ و ڕێی خۆی بەقەدر و نرخە و بەپلە و پایەیە. لێرە لە ناو شاری گەورەدا کە پڕیەتی لە ئۆتۆمۆبیلی تازە و جوان و شەمەندەفەر هەروا فڕکەیەتی و خەڵکی هەریەکە خەریکی کاروبارێکی ترن، کێ ئاگای لە کێیە؟ هەموو ئەو جۆرە شتانە بوونە هۆی دابەزینی وره و متمانەکانی بەرامبەر ئەو ڕاستییەی ئەو بۆی چووبوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو هەر جلوبەرگی کوردی دەبەردا بوو و هەموو کاتێ شەدە و کورتەک و شەرواڵی لەبەر دەکرد و هەر بەو قەد و قەڵافەتەشەوە دەچووە قوتابخانەی (bonnes soeurs) تا فێری زمانی فەڕەنسی بێ. بەڵام ئاواڵەکانی هەر زوو خۆیان گۆڕی و چاکەت و پانتۆڵیان دەبەر کرد و ئەوروپیانە، دەچوونە قاوەخانەی پیاوە سیاسییەکان. هەرچەندە ئەو ئاواڵانەی کاک عومەر جلوبەرگی کوردییان بۆ ناو چیایەکان بەپێویست دەزانی بۆ لەبەرکردنێ، بەڵام پێیان وانەبوو ئەو جلوبەرگە بۆ هەموو جێیەکی دیکە دەست بدا. بەڵام ئەو (کاک عومەر) لە هەموو جێیەکی بەجلوبەرگی کوردییەوە بوو. هەوڵیشی دەدا تا بۆی بکرێ خۆی لە تووڕەیی و دڕدۆنگی دوورەپەرێز بگرێ، چونکە ئەوانە هیچ ڕۆڵێکی وا نابینن سوودبەخش بن. لەبەر ئەوە هەوڵی دەدا فێری زمان و ڕێزمانی ئەو وڵاتە بێ کە لێی میوانە.

ئەگەر دەنگوباسی کوردستانیشی لە ڕێی ئەو پەناهندانە دەست نەکەوتبایە کە تازە دەگەیشتنە جێ، هەوڵی دەدا دە ڕۆژنامەکانیدا وە خوێنی کە بەمانشێتی گەورە دەیاننووسی. ئەوەشی هەر لەبەر ئەوە بوو، تا هەمیشە ئاگاداری بارودۆخی نیشتمانەکەی بێ.

بەغدا: ١٩٣٢/٦/٢٢

شۆڕشی کورد بەسەرۆکایەتی (شێخ مەحموودی حەفید) بەتەواوی شکا

و کۆتایی پێ هات و شێخ مەحموودی حەفیدیش لە کوردستان دوور خرایەوە و نەفی کرا (Exil) کرا. کاک عومەر ئەوەی خوێندەوە زۆر تێکچوو و سەروچاوی گرژ بوو.

ئەوە من لێرە دانیشتووم چاوەڕێی چیم؟ تا کەی هەر ڕۆژنامە بفرۆشم، ژیانی سەگ لە ژیانی من چاکترە، ئەوەتا ئەوە لەم بەینەشدا دوا ترووسکەی چرای سەربەستی کوژاوە. بەو کارەساتەی دواییە هەر ئەژنۆی شکا و بەیەکجاری ورەی دابەزی و نەما.

بەناچاری لە نیشتمانپەروەری و تێکۆشانەوە کەوتە دانیشتن و کڕی و بێدەنگی و سەرکزەڵە کردن. هەر چەند جارێکی بارودۆخی نیشتمانەکەی دەهاتە بەرچاو کزەی لە جەرگی دەهات، بەڵام دەبوایە باوەڕیش بەوە بێنێ کە تازە هەموو شتێک بەسەر چوو.

ئەنقەرە:

تا ئێستا ڕوون نەکراوەتەوە، کە چۆن ئەو سندووقە فیشەکانەی گوللەیان پێوە نییە و هەر بۆ دەنگن و بەو سندووقە فیشەکانە گۆڕدراوە کە گوللەی ڕاستییان تێدایە و لە کاتی مانۆڕی ئەو ساڵەدا چەند کوردێکی بەناڕەوا و بەهەڵە کوشتووە. تا ئێستاش لێکۆڵینەوە لەو ئاریشەیە هەر بەردەوامە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە شەست (٦٠) کەڵەمێردان لە شێخەکانی کوردان دەکوژن و تێیان دەنۆڕن و بڵاوی دەکەنەوە کە بەڵێ ئەو فیشەکانە ڕاستین کە ئەمانەی پێ کوژراوە.

عومەر...! عومەر...! ئۆتۆمبێلێکی بریسکەدار لەبەر ئوتێلی (Trotoirad) ڕاوەستا. عومەر، ڕۆژنامەکانی لەسەر پلیکانەکانی ئوتێلێ دانان و بەرەو شەقامی دەرێوە چوو. خۆی وا پیشان دا کە بەدرێژایی تەمەنی ژیانی خۆی لەو ئیشە زیاتر هیچ ئیشێکی دیکەی نەکردبێ. باسکی هاویشتە سەر دەرگای ئۆتومبێلەکە و پێیەکیشی هاویشتە سەر تەنتەی ئۆتومبێلەکە. برادەرەکەی جلوبەرگی کوردی لەبەر کردبۆوە و وەکو شوفێران بەدلەیێکی سپیشی بەسەر جلە کوردییەکاندا هەڵکێشابوو و شەپقەیەکی پان و پۆڕیشی لەسەری نابوو. جیاوازی دەگەڵ شوفێرەکانی دی هەر ئەوەندە بوو،



کە ئەو لەوان کەڵەگەتتر و ڕەشتاڵەیەکی بەخۆوەتر و لە قساندا دەنگی لەوان گەورەتر بوو. ئەویش هەروەکو ئەوان بۆینباغ (کراوات)ی بەستبوو و سەعاتێکی کەم بەهای دە مەچەکیدا بوو. ئەگەر پێت وایە ئەو کارە باشترە، ئەوە لێم دڵنیابە و لەگەڵمدا وەرە و سواربە.

کاک عومەر سووڕایەوە و لە دەرگای لایەکەی تری ئۆتومبێلەکەوە لە تەنیشت کۆنە هەڤاڵێکی خەباتگێڕ و تێکۆشەری خۆی دانیشت.

ڕاوەستە حەمید... ڕۆژنامەکانم لە بیرچوون!

حەمید گوتی: گوێی مەدەیە کاک عومەر قادر، ئەو ڕۆژە نەما، ئەوە دوایین جارە تۆ ڕۆژنامە بفرۆشیەوە.

ئۆتومبێلەکە بەشەقامەکەی کەنار دەریاکەدا بەرەو ئوتێلی سانت جۆرج (Hotel Saint George) کە دەوکەتە سەر کەناری دەریاکەوە، دەڕۆیشت. لە نێوان شەقامەکە و دەریایەدا یۆنانییەک (جێیەکی ڕابواردن)یی تازەی کردبۆوە، و ئافرەتی میسری و بالکانی و هەندێ سەماکەری تریشی بۆ هێنابوو، کە وێنەکانیان دە نێو جامخانەی بەر دەرکی ئەو شوێنە درابوون، هەرچەندە ڕەنگ و ڕواژای ئەو ئافرەتانە، دەگەڵ شێوە و نەخش و نیگاری شوێنەکەدا نەدەهاتەوە و نەدەگونجا.

حەمید تاکسییەکەی لەبەر دەرکی ئەو شوێنە ڕاگرت، دەمە دەمی نیوەڕۆیە بوو، هەردووکیان چوونە ژوورێ، جێی حەسانەوێ. پاش نیو سەعات (حەمید) هەستا چوو بەدوای نەفەراندا بگەڕێ و کاک عومەریش چوو پایسکلەکی لە حەساری ئەو شوێنەڕا هێنا و بەکەنار دەریایەدا، بەسەر جادەی قیرتاوی تواوەی بەر گەرمایەدا بەرەو خانووەکەی خۆی چۆوە کە تێیدا دەژیا.

***

لە ماڵێ دەستی بەگەڕانی ناو باوڵ و سندووقان کرد، دوو پارچە چەکی لوولە بڕاوەی دیتنەوە. لە خۆشیان شاگەشکە بوو، هەر دەستی بەسەردا دێنان و کۆنە یادی ساڵانی ڕابوردووی وە بیر دەهاتنەوە و بەپارچە پەڕۆکەکی، ئەو خەنجەرەی مشتومال دابۆوە و وای دەسڕیەوە تا لەکەبری

کرد. دوایە لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی ڕاکشا و نوست و تا ئێوارە درەنگانێک هەڵنەستا. کە لە خەو هەستا خۆی گۆڕی و خۆی پۆشتە کردەوە، هەروەک بچێتە ڕمبازێنی ناو ئەو چیایانە.

بەڵێ، کاک عومەر قادر ئەو کەسە بوو کە لە ڕیزی شۆڕشگێڕی و خەبات و ئازایەتییەوە بۆ پەناهەندەیی و دوایی بۆ سیاسییەکی گومان لێکراو و ئەوجا بۆ پاسەوانی و بانگەشەی بەر دەرگای مەلهایەک.

کابرای یۆنانی پێی وابوو، ئەگەر پیاوێکی وا زیرەک و ڕێکوپێک و چوارشانە و تێکسمراوی لە لا ئیش بکات، مەلهایەکەی باش بۆ دەپارێزێ و ئافرەتە ئەورووپی و ئەمریکییەکانیش چاویان پێی بکەوێ، ئەوە لە بۆی شێت و شبر دەبن. جگە لەوەش من کوا هەموو ڕۆژێ پیاوێکی وا بەمتمانە و خەباتگێڕم دەست دەکەوێ... کە بتوانێ بەسێ زمانان وەرگێڕێ و لە پێش دەرکەی هەڵواسێ.

کابرای یۆنانی پێی خۆش بوو کاک عومەر فیشەکدانەکەی ڕاست و چەپ لەسەر کورتەکییەوە لە خۆ ببەستێ و وەک کوردێکی چەکدار لەبەر دەرکێ ڕاوەستێ، بەڵام کاک عومەر ئەوەی ڕەت کردەوە و کابرای یۆنانی ناچار کرد دابێنێ. هەر دوای دوو ڕۆژان کاک عومەر قادر زۆر لەو کارەی دڵگران و پەرێشان بوو، حەزی دەکرد هەر دەستبەجێ بەجێی بێڵێ. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ئیشەی بەکارێکی کاتی دادەنا و پێویستیشی بەپارە بوو و گیروگرفت و پیلانەکانی خۆشی پێ چارەسەر دەکردن، مایەوە. ئەوەشی لێک دەدایەوە کە پارەی هەفتەیەکی ئێرەی بەرامبەر پارەی فرۆشتنی ڕۆژنامەی مانگێکە کە دەستی دەکەوێ.

سەفەری ئەمەریکا پێویستی بەلیرە (فۆند)ێکی زۆری سووری هەیە.

***

پارە لە لای عومەر نرخ و بەهایەکەی هەر هێندە بوو، بای گیروگرفتەکانی بکات و پاشەڕۆژێکی ژیانی سادە و ساکارانەی پێ دابین بکات. پاڵەوانێکی کورد هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە ببێتە کۆیلەی پارە. هەر کەسێک بیدیبایە ڕێزی لێ دەگرت و بەچاوی (مجاهید)ێکەوە



تەماشای دەکرد کە ئامادەی جیهادێکی ڕەوایە.

کاک عومەر تەنیا ئامانجی ئەوەندە بوو باری گوزەرانی خۆی بگۆڕێ، دەنا ئەو لە ژیانی کولەمەرگی ڕاهاتبوو، هەروەک کە لە بەیروت لەو کارە زەحمەتە کەم دەرامەتەی ڕۆژنامە فرۆشیە لێ ڕاهاتبوو. کە بەجلوبەرگی کوردییەوە سواری پایسکل دەبوو و فیشەکدانی لە خۆ دەبەست و خەنجەری وە بەر پشتێندێ دەنا، کەس نەیدەتوانی ئاوڕی لێ بداتەوە و لە هەموو جێیەکیش ناسراو و دیار بوو.

زۆر لە دایکان منداڵەکانیان بەکوردان دەترساند و دەیانگوت، بێدەنگ بن و بەکری دانیشن دەنا دەچین بانگی کوردێکی دەکەین بێت و بتانخوا.

کاک عومەر هەموو ڕۆژێ و لە کاتێکی تایبەتیدا بەسواری پایسکلەکەیەوە بەشەقامی ئیڤینۆ وای گانت (Avenue Waygand)دا تێدەپەڕی و پاشان بەخۆی و پایسکلەکەیەوە سواری شەمەندەفەرێ دەبوو تا هەورازەکەی پێش خۆی دەبڕی، ئەوجا دادەبەزی و سواری پایسکلەکەی دەبۆوە و خۆی بە(پاص)یەوە دەگرت، تا دەگەییە جێی کارەکەی. هەموو ڕۆژێشی کردبووە خوو لەسەر ڕێیە ڕۆژنامەیەکی لەو ڕۆژنامە فرۆشە دەکڕی کە لە جێیەکەی وی لە گۆڕەپانی کانونس ڕۆژنامەی دەفرۆشت و دەیخستە بەر پشتێندی.

لە جێی کار چ بنووسێ؟ بنووسێ (کاربەدەستی ئوتێل...!؟) چونکە فەرمانبەری پەساپۆرت (جوازات) لەوە زیاتری بەخەیاڵدا نەدەهات کە بنووسێ (کاربەدەستی ئوتێل).

کاک عومەر وەڵامی فەرمانبەرەکەی دایەوە و گوتی: چۆن کاربەدەستی ئوتێل...!؟ من باب و باپیر و ڕەچەڵەک و تۆرەمەم هەموو هەر شێخ بووینە.

کابرا گوتی: باشە، خۆ (شێخ) کار و ئیش و فەرمان نییە.

کاک عومەر، (١٠) دە لیرەی سووری دە مستی کابرای فەرمانبەر نا کە مووچەخۆرێکی چکۆڵە بوو، ئەوەدەم تێگەیی کە (شێخ) کار و فەرمان و ئیش و هەموو شتێکە. ئەوجا پرسی: تەمەنت چەندە؟

کاک عومەر وەڵامی دایەوە: نزیکەی (٤٠) چل ساڵ.

کابرا (٤٠) چل ساڵی نووسی.

بۆ دەرهێنانی پەساپۆرتی سووری (٥٠) پەنجا لیرە (فۆند)ی سووری بەخشیش تێ چوو و لیرە و نیوێکیش ڕەسمی پەساپۆرتەکە. بەم جۆرە کاک عومەر بەڕەسمی لە ناو پەساپۆرتەکەدا بە(شێخ) ناسرا و مۆر کرا.

***

کابرای ڕۆژنامە فرۆش زۆری پێ سەیر بوو کە کاک عومەر قادر وا بەتوند و تیژی و بەڕوویەکی گرژەوە بەجێیە کۆنەکەی خۆیدا ڕادەبرێ و ڕۆژنامە ناکڕێ. بۆیە کابرای ڕۆژنامە فرۆش لەسەر پلیکانەی ئوتێلەکە دانیشت و بۆ خۆی دەستی کرد بەڕۆژنامە خوێندنەوە:

لەسەر شەقامی نێوان بەیروت و شام (دیمەشق)دا، لە چێشتەنگاوێکی قایمدا جەردەیەک دوو ئەندازیاری ئینگلیز ڕووت دەکات و هەر چوار تایەی ئوتومبێلەکەشیان دەتەقێنێتەوە، تا نەتوانن دوای کەون و بیگرن، بۆیە پۆلیس دەستوبرد بەرەو لای خوارووی وڵات کەوتنە دوای کابرای جەردە، زۆریان نەمابوو بگەنە شوێن پێی کابرا و بیدۆزنەوە.

(تێبینی ڕۆژنامەکە):

ئایا پۆلیس کەی دەتوانی یەکجارەکی ئەو دز و جەردە و ڕێگرانە لە ناو ببات...؟.

کابرای ڕۆژنامە فرۆش لاپەڕەی ڕۆژنامەکەی وەرگێڕا و ئەمەی خوێندەوە:

گفتوگۆ و دانووستاندن لە نێوان سوڵتانی فەرەنسی و گەلی سووریدا هەیە.

کاک عومەر دەستی کرد بەخوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامەی دوێنێ ئێوارێ دەبەر پشتێندیی نابوو، دوایە دەستی بەمریشک و برنج خواردنێ کرد و کە لێ بۆوە قاوەیەکیشی هەر لەو چێشتخانە خواردەوە، کە لێی دانیشتبوو و ئەوجا خەنجەرەکەی هاویشتەوە بەر پشتێندێ و هەستا بەسواری پایسکلەکەی بەرەو مەلهایەکە ملی لێنا.



کە گەیشتەوە هێنای خەنجەرەکەی بردە پشت دەرکێ و لەوێی دانا، چونکە حوکمەتی سووری لەو چەند ڕۆژانەی پێشتر بەیانێکی قەدەغەکردنی چەکی دەرکردبوو و تێیدا هاتبوو، هەر کەسێک سەرپێچی بکات بەتوندی سزا بدرێت. بۆیە کابرای یۆنانی هەوڵی دا کە خەنجەرێکی پلاستیک لەبەر پشتێندێ بنێ، بۆیە کاک عومەر قادر زۆر لەوە تووڕە و ناڕاحەت بوو.

برادەرەکەی کاک عومەر، بەو نیوە شەوە (٣) سێ چوار ئەورووپی پەیدا کردبوون و هەر بەئوتومبیلەکەی خۆشی هێنابوونی. کاک عومەر چەند ساتە وەختێک دەگەڵ برادەرەکەیدا کەوتە قسان و دوایە گەڕایەوە شوێن کارەکەی خۆی و برادەرەکەشی تێی تەقاندەوە و ڕۆیی.

کاک عومەر لەبەر خۆیەوە گوتی: بەڕاستی ئوتومبێل شتێکی چاکە، ئەوەی ئەو بەسەعاتێک دەیبڕێ، ئەسپێکی چاک بەڕۆژێکی نایبڕێ. هەر لەبەر خۆشییەوە وردە باوێشکی دەدان پەردەی ژوورەکەی بۆ لایەکی پاڵ پێوەنا و چووە ناو هۆڵەکە، کە چرایەکی کزی تێدا داییسا. ڕووناکی چرا ڕەنگاوڕەنگەکانیش، کە لەسەر شانۆیەکە هەروا باق و بریقیان بوو تیشکەکانیان لەسەری ئەو ئافرەتە هەنگارییە دەدا، کە سەمای (تانگۆی ئەرجەنتینی) لەسەر جوولانەوەی ئەو تیشکانە دەکرد، و دەستی دێنا و دەبرد و دەیخستنە سەر سەری و بەدەم بادانێوە هەر (ئۆلێ ئۆلێ)ی بوو. لە لایەکی دیشەوە ئافرەتە سەماکەرەکانی دی، لێرە و لەوێ بەسەر مێزی میوانەکاندا دەسووڕانەوە.

کاک عومەر چووە سەر بالکۆنی مەلهایەکە، شەوێکی مەیلەو گەرمی بەهەور و هەڵای کەنار دەریایی بوو، دیتی ئەوا پاپۆڕێک لە دەریایەدا، لە پشت ئوتێلی (سانت جۆرج)ەوە چراکانی بەئاراستەی (حەیفا) وردە وردە خەریکە ون دەبێ. کاک عومەر زۆر لەو ژیانەی بێزار بوو، بۆیە هەر بەو شەوە چووە لای کابرای یۆنانی و داوای لێ کرد حیسابەکەی بۆ یەکسەرە بکات و پارەی کرێیەکەی خۆی لێ وەرگرت بەرەو لای ماڵەکەی نێو خانووە کۆنەکەی ملی لێنا.

هەر بۆ بەیانی ئەوەی هەیبوو و نەیبوو، خڕی کردنەوە و دوای چەند

رۆژێک دەگەڵ هەڤاڵەکەیدا سواری پاپۆڕێکی دەریایی بوون و بەرەو شارێکی بچکۆلەی ئەمەریکای ناوەڕاست (أمریکا الوسطی).

ئەو دوو کوردە بەتەک یەکەوە لەسەر قەراغی سەرەوەی پاپۆڕەکە ڕاوەستان و ماڵئاواییيان لە ژیانێک دەکرد، کە پێیان وا نەبوو تازە جارێکی دی بەخەونیش دەیبیننەوە. زۆر بەقووڵی و تێڕامانەوە، تەماشای شینایی زنجیرە چیاکانی لوبنانیان دەکرد، و هەر بەو گیانە پڕ ئەندێشەیەشەوە، سڵاو و ماڵئاواییيان، لە شار و گوند و قەڵا و سەنگەر و شاخەکانی کوردستان و ئاواڵ و برادەر و میللەت و نیشتمانپەروەرانی خۆیان کرد. ئەو ژیانەی پێشوو تازە چوو و ناگەڕێتەوە...

لەسەر ڕێی نێوان بەیروت و دیمەشقیشدا ئوتومبیلێک کە هەر چوار تایەکانی تەقیبوون، لەوێ بەجێمابوو، کە کاک عومەر قادر بەتەنێ ڕووتی کردبوونەوە، چونکە پێویستی بەپارە دەبێ بۆ ئەو سەفەرە و دەستپێکردنی ژیانێکی سەربەستییانەی دیکە. ئەوەی لەو تاوانی ڕووتکردنەشی ڕزگار کرد، هەر ئەو جلە کوردییانە و پایسکلەکەی بوون، کە لە هەموو شوێنێکدا لەبەری بوون و هاتوچۆشی هەر بەپایسکل بوو.

دیسانەوە پێکەوە، زۆر بەماتی و بێدەنگییەوە لەسەر پشتی پاپۆڕەکەوە، بەو هەموو دڵە ڕاوکێیانەیانەوە، کەوتنە سەیرکردنی ئاوە شینەکەی دەریایە.



## پاژی هەشتەم

## فەرمانبەری بەندەر چاو لە وشەیەک دەپۆشێ

کورد هەموو شتێکیان پێ سروشتی و سانایە، تەنانەت سەفەرێکی دەریایی بەرەو وڵاتێکی وەکو ئەمەریکای ناوەندیش (أمریکا الوسطی).

بەردەستەکانی ناو پاپۆڕێ وا لێ ڕاهاتوون کە بەدەنگ هەموو کەسێکەوە بچن و بەبێ جیاوازی خزمەتی هەموو کەسێک بکەن. چ ئەوەشیان بەلاوە سەیر نییە کوردێکی بەجلوبەرگی کوردییەوە ببینن و خەنجەرێکی زێڕ لە بەر پشتێندێوە.

هەرچەندە کاک عومەر پێشتر چ زانیارییەکی دەربارەی «سنوور و تێپەڕ بوون بەسنووردا و پەساپۆرت بەڤیزەوە، و فەرمانبەری گومرگ و ئەو جۆرە شتانە زۆر نەبوو، بەڵام لەسەر پاپۆڕەکە ئەوەیان بۆ ڕوون کردبۆوە و دەیزانی چوونە وڵاتێکی وەک ئەمەریکا پێویستی بەڤیزە هەیە و بەبێ ڤیزە نابێ.

– نزیکەی (٤٠) چل ساڵ دەبم.

فەرمانبەری کونسوڵیەکە گوتی: ئەمن دەبێ بەتەواوی بزانم و بۆم ڕوون بێتەوە کە تەمەنت چەندە، چونکە ئەوە بۆ ڤیزە وەرگرتنێ زۆر پێویستە.

– لای ئێمە کار حیسابە نەک ساڵ.

کابرا گوتی: ئەو شتانە لێرە نایخوا.

کاک عومەر لە هەڵسوکەوت و هاتوچوون و تێکەڵاویی دەگەڵ ئەم و ئەودا شارەزای هەموو مووچەخۆر و فەرمانبەرە چوکەڵانە ببوو، و دەشیزانی سکرتێری کونسولی وڵاتێکی چکۆڵە مووچەکەی هێندە نییە و ژیانیش قورسە و بەڕێوەچوونیش تەنانەت لە شارێکی وەک بەیروت چەندە ئەستەمە، جا نەخوازەڵا لە شارێکی گەورەتردا. کاک عومەر ئەوەی چاک دەزانی کە بەپارەی کرێی سەماکەرێک ملوانکەیەکی یاقیق (دڕ) ناکڕدرێت. لەبەر ئەوە کاک عومەر دیارییەکی زۆر باشی بەخەڵات دایە ئەو فەرمانبەرە جحێڵە، و ئەویش پیاوانە یارمەتییەکی زۆر چاکی کاک عومەر و هەڤاڵەکەی دا. ڤیزەیەکی ڕێکوپێک و بەمۆری وا تایبەتی بۆ کردن کە

هەرچی تەنگوچەڵەمەی کۆچ و سەفەرە نەیان بێت.

وشەی (شێخ) بەناو پەساپۆرت و لیستی سەفەردا هیچ جۆرە گیروگرفتێکی نەبوو. حەمید کە شوفێری تاکسی بوو نەیدەتوانی خۆی بەخزمی کاک عومەر ناونووس بکات و وا خۆ پیشان بدات کە لەوانە، بەڵام خەڵاتەکەی کاک عومەر کارێکی وای کردبوو کە تەنانەت لە (بەڕێوەبەرایەتی پەساپۆرت)یشدا وا بزانن کە حەمیدیش هەر خانەدانێکە، و وەک پیاوێکی چیایی، وەک شێخێک لە دایک بووە و ئەو بێوەژنە شیکاگۆ سەرسامە ئەمەریکییەی کە بەکاک عومەرەوە، سەرسام ببوو و ژنی سەرۆکی هاڤانا بوو پێی وا بووە کە حەمیدیش لە خێزانێکی زۆر گەورە و خانەدانە و هەڵسوکەوتی هەر بەخانەدانان دەچێ.

(«شێخ...!!» ئەوانە چین تا لە ناو ئەو شاخ و داخانەدا شێخ بن)

ئەوە بیروڕا و بۆچوونی کابرایەکی عارەبی خاوەن چەند بیرە نەوتێک بوو. دیسانەوە شەکری شکاندەوە: ئەگەر ئێوە ئەوانە لەو ناو چیا و شاخ و داخانەدا دەبینن جیاوازییەکی زۆریان هەیە دەگەڵ ئەو خۆ پیشاندانانەی ئێرەیان... ئەوانە هەر بەردی لەسەریەک کەڵەکە دەکەن و پێی دەڵێن خانوو، ورگی مەڕی هەڵدەدڕن و پڕی دەکەن لە جۆ، و لەسەر زگ درێژ دەبن و دۆشاوی تریێ نێو کوندەی هەڵدەقوڕێنن. ئەوانە هەر ئەوانەن کە هەموو دەمێ هەر خەریکی شەڕ و شۆڕ و بگرە و بەردە و تۆڵەکردنەوەی خوێنن... و ئەو شێخانە هەروا تۆزێک لە ئاژەڵان باشتر دەژین دەو نێو چیایانەدا.

***

چوار سەعات پێش ئەوەی بگەنە جێ، ئەو دوو کوردە دانیشتن تا ئەو لیستانەی دەربارەی ڤیزە و کوتان و قەدەغەی چەکە، پڕیان کەنەوە و پەنجەمۆریان بکەن.

کاک عومەر هیچی لەو یاسایانە نەدەزانی و شارەزاییەکی پێیانەوە نەبوو. تازە بەتازە دەیانەوێ یاسای پیشانی ئەو شێخەی بدەن، کە ساڵەهایە ئەو یاسای بەسەر لاپەڕەی مێژووی ئەو چیایانەدا دەنووسی؟!.

بەڵام لێرە کە وڵاتێکی تا ڕادەیەک شارستانین، بەوەی چاکە کە هەموو



مرۆڤێک لە بەرامبەر یاسادا یەکسانە و هەمووی بەیەک چاو تەماشا دەکرێن.

لەبەر ئەوەش کە ئەو دوو کوردانەیان بەچاوێکی زۆر بەڕێزەوە سەیر دەکردن، تەنانەت بۆ جێگای پشکنین و پەساپۆرتیش ناچن و داوایان ناکەن بەو جێیانەدا تێپەڕن، تەنانەت بەردەستەکانی نێو پاپۆڕێ بەرماڵی نوێژییان بۆ هەڵدەگرتنەوە.

***

- بەڕێز... یا شێخ، دەتەوێ بچیە (دەفتەری پەساپۆرت) و بچیە ژووری...؟.

هەرچەندە کاک عومەر یەک وشەی ئیسپانیشی لێ تێنەگەیشت، بەڵام زانی مەسەلەکە چییە و بۆچی بەئاماژەی دەست ڕایگرت....

کاک عومەر بەحەمیدی گوت: تۆ لێرە ڕاوەستە، بۆ خۆی چووە پێشێ و سەلامی کرد و پەنجەی دەستی ڕاستی بەسەر نێوچەوان و لێو و سینگی خۆیدا هێنا.

کاک عومەر سەیری کابرای فەرمانبەری کرد، دیتی لە ناو بەدلە سپییەکەیدا هەر ڕاست دەڵێی مافور فرۆشی سوورییانە.

فەرمانبەرەکە فەرمووی لێ کرد و ئەویش وەک لە ماڵێ خۆی بێ، لەسەر کەرەوێتەکەی دانیشت و فەرمانبەرەکە قاوە و جگەرەی پێشکێش کرد.

نازناوی بۆ ماوە (اللقب الوراثي):

بەناچاری و بەخۆشی ناخۆشی، ئەو خانەدان و سەرۆک وڵاتانەی کە دەرکراون و دەگەڵ هەندێ کەسانی دیکەی ئەورووپی و ڕۆژهەڵاتی لە ئەمەریکای ناوەندی و لە سەنتەری پێک گەیشتنێدا لێک خڕ بوونەوە و چاویان پێکتر دەکەوت. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمانە هەموو شێخن، بەڵام لە بن باڵ و سێبەری یاسای کۆچدا ئەو شێخایەتییە و ئەو شێخ بوونە، هیچ ڕۆڵێکی نییە.

***

ئەو فەرمانبەرەی کە لە بەشی (کۆچ) بوو، بەدلەیەکی سپی لەبەر و زەردەخەنەی بەسەر لێوانەوە بوو، نە کوردی و نە فەڕەنسی نەدەزانی. کاک عومەر قادریش، بێ لەو دوو زمانانەش تورکی و عەرەبیشی دەزانی و سەر و گوێی فارسیشی دەشکاند، بەڵام فرێ لە ئەسپانی نەدەزانی. بۆیە هەردووکیان بەئاماژەی دەست و زەردەخەنەی سەر لێوانەوە هەوڵیان دەدا یەکتر تێبگەیەنن. تا وەرگێڕ هات، ئەوجا کاک عومەری تێگەیاند کە بەگوێرەی یاسای نێو دەوڵەتی چەک بردن بۆ ئەو وڵاتە قەدەغەیە و بەداخیشەوە پێی گوت، کە هیچ ڕێگایەکی شازیش نییە بۆ بردنی هەندێ جۆرە چەکێک. کاک عومەر بێ غەم و ئەندێشە خەنجەرە زێڕەکەی لەبەر پشتی دەرێنا و لەسەر کورسییەکە بەتەنیشت خۆیەوەی دانا.

***

کابرای وەرگێڕ فسکە فسکێکی دەگەڵ فەرمانبەری بەندەرێ کرد، کە ئەویش هەر جلێکی سەرتاپا سپی دەبەر دابوو و پێی گوت: لەوانەیە ئەوە شێخی وڵاتی فارس بێ.

فەرمانبەرێکی دی گوتی: ئەوە لەوانەیە کوڕی سوڵتانی تورکان بێ، هەر بەو جۆرە وردە وردە تا ئەو دەنگۆیە لە ڕێی ئەو فەرمانبەرانەوە گەیشتە گوێی فەرماندەی پاپۆڕەکە (قائد السفینة)، دەیەمین فەرمانبەر گوتی: بەخودای ئەوە لەوانەیە شای ئەفغانستان بێ، کە دەڵێن، تازە بەو زووانە ڕای کردووە.

نزیکەی چارەکە سەعاتێکی تەواو هەموو بەدەوروپشتی کاک عومەردا دەهاتن و دەچوون (تا ئەو شتە سەیرە ببینن کە خۆی کردووە بەشێخ و خەنجەرێکی زێڕی پێیە و جلوبەرگێکی زۆر جوان و ڕێکوپێکی لەبەرە و دەیەوێ بچێتە ئەمەریکای ناوەندی (أمریکا الوسطی).

کاک عومەر هەر بەو زمانە فەڕەنسییەی کە لە بەیروت فێری ببوو دەگەڵ فەرمانبەری بەرپرسی پەساپۆرتان کەوتە گفتوگۆ و زۆر بەڕێز و نەوازشەوە، هەوڵی دا ئەوەی بۆ ڕوون بکاتەوە کە یاسای قەدەغەکردنی چەک، ئەو ناگرێتەوە و تێشیگەیاند کە ئەو بەهیچ جۆرێک ناتوانێ و ناکرێ لەو



خەنجەرە زێڕە جودا ببێتەوە و لێی دابڕێ. چونکە ئەو خەنجەرە وەک نومایندەیەکە و دەبێ بگاتە جێی خۆی و دیار بێ. وە هەروەها بەبۆچوونی ئەو (کاک عومەر) ئەو خەنجەرە هیچ پەیوەندییەکی بەچەکی نێو دەوڵەتییەوە نییە، چونکە ئەوە تەنیا هەر هێما (ڕەمز)ێکە، نەک چەک و هەرگیزیش بۆ بەرگری کردن و هێرش هاتنە سەر نەبێ لە خودی ئەو کەسەی پێیەتی، دەنا بەکار ناهێنرێت.

کاتێ کاک عومەر ویستی خەنجەرەکە لە کالان دەرێنێ و نازداری جوانی ئەو خەنجەرەی پێشان بدات، خەنجەرە ون بوو هەر ون بوو.

کاتێ کاک عومەر بەوەی زانی، خوێنی ناو شا دەمارەکانی لەشی، کەوتنە هەڵچوون و وا گەرم داهات، دەتگوت گەردەلوول و تۆف و تەرزە و باران هەڵی کردووە، وەک برووسکە ئەوەی بەبەر چاویدا ڕابرد، کە تازە ڕۆژی ژیانی لە ئاسمانی ئایندە و پاشە ڕۆژیدا ئاوا بوو. کەوتە پێکدادانی مێز و کورسیان و هەڵدانیان بێر و بەوێ و بەدیوارەکانی ناو ژوورەکەدا. هەر دەو دەمەشدا ڕای کردە فەرمانبەری پەساپۆرتان و دەستی دە خنخنۆکێ نا و هەتا تینی تێدا بوو تێوەی خوڕی و بەسەریدا قیژاند.

حەمید دەرگاکەی کردەوە و ڕای کرد تا بەهاواری هەڤاڵەکەیەوە بچێ. حەمید هیچ گومانی نەما کە کاک عومەری زیندانی دەکەن.

خەنجەرەکە... کوڕە حەمید... ئەو خەنجەرە زێڕەی کە ئابڕوو و شەرەفمان بوو ئەو سەیانە دزییان.

هەروا کە کاک عومەر فەرمانبەرەکەی دە قوڕبنێ نابوو، دەستی لێ شل کرد و کەوتە هەڕەشە لێکردنی و ویستی بیترسێنێ.

ئێوە هەی سەی بێ ئیمان، بۆ خواتان پێدەڵێم، هەر ئێستا ئەو خەنجەرەی دێننەوە. عومەر قادرێکی خانەدان و شۆڕشگێڕێکی کوردان، ئەو هێما (ڕەمز) کۆنەی خێزانەکەی لە وڵاتێکی بەرز و بەنرخەوە هێناوەتە ئێرە بیپارێزێ، و دەگەڵ نوێنەرێکی کورداندا کە هاتۆتە وڵاتەکەتان ئاوای دەگەڵدا بجوولێنەوە و ئاوای ڕەفتار دەگەڵدا بکەن...؟.

خودا دەزانێ ئەو خەنجەرەی نەهێننەوە، چاوتان لە پشتی سەری دەردێنم.

حەمید ئەو دەمەی خۆی وە بیرهاتەوە کە دەگەڵ پۆلیسی سووریدا چ هەنگامەیەکی نابۆوە کە لە خێرایی هەشتا (٨٠) کیلۆمەتردا و لەسەر ڕێی (ئاڤانسی گاندویی) گرتبوویان.

کاک عومەر دانیشت بۆ ئەوەی بێتەوە سەرخۆ، و گوتی: ئێوەم زۆر پێ سەیرە و شتی زۆر سەیرتان لێوە دەبینم، من وەکو نوێنەرێکی کوردان، هاتوومەتە وڵاتەکەتان، هەر بۆ ئەوەی ئەو خەنجەرە زێڕە وەکو هێمایەکی شەرەف پێشکەشی سەرۆکی وڵاتەکەتان بکەم کە ناوبانگی بەپاڵەوانیەتی و قارەمان دەرکردووە، کەچی ئێوەی بوودەڵە و بێدەسەڵات، دەتانەوێ ئەو خەنجەرە زێڕەی دیزە بەدەرخۆنە کەن. ئەوا لە ئێستاوە دوو دەقیقەتان مۆڵەت دەدەمێ بیهێننەوە، وە ئەگەر نا هەر یەکسەر برووسکەیەک بۆ جەنابی سەرۆک لێ دەدەم.

بەڕێز جێفێ... بەڕێز جێفێ...

فەرمانبەرێکی چکۆلە دەستوبرد پەساپۆرتەکانی بردنە لای سەرفەرماندەی پاپۆڕەکە.

کە فەرماندە گوێی لەمە بوو، ڕەنگی لە ڕووان بڕا و تێکچوو، پەساپۆرتەکانی وەرگرتن و یەکسەر ئەوەی بەبیردا هات کە ئەو مووچەخۆرێک و فەرمانبەرێکە، لەوانەیە بەو هۆیەوە، بەبێ مووچە و بەرات و بەبێ پاداش لە کارەکەی دەربکرێ، یا بخرێتە زیندانەوە و منداڵەکانی بکەونە سواڵێ و لەسەر شەقامان دەرۆزەی بکەن، و ناحەزەکانی پێی پێبکەنن.

کابرا بەدەم نزاوە لە حەزرەتی مریەم دەپاڕایەوە و بەگوێرەی بیروباوەڕی خۆی هانای وە بەر پیاوچاکانی خۆیان دەبرد.

جگە لە وشەی (شێخ) مۆرێکی تایبەتی کونسولیەتیشی بەپەساپۆرتەکەیەوە بوو، کە ئەو مۆرە کاریگەریەتی نێو دەوڵەتی هەیە و بۆ ئەو دیبلۆماسییانەیە کە سەفەر دەکەن.



کاک عومەر گوتی: خوا دەزانێ کە من بەناوی شاندی دیبلۆماسییەوە دەچمە لای سەرۆک. فەرماندە، داوای لێبوردنێکی زۆری کرد دەربارەی ئەو ڕووداوە سەیرەی ڕووی دابوو، و هەر دوای ئەو دوو دەقیقەیەی دیاری کرابوو، خەنجەرەکەیان لە جێی خۆی دانایەوە.

هەر خەڵکی ئەمەریکای لاتینی دەزانن چۆن ئەو پاڵەوان و دیبلۆماسییەی کوردە پێشوازی کران. لە وەتی هێڵی تەلەفۆنی کۆمپانیای بێڵ (Bell)ی ئەمەریکای باکور لەو وڵاتەدا هەیە، ئەوەندەی ئەو دوو (٣) سێ سەعاتەی هەواڵ و دەنگوباس بەناو تێلەکاندا تێنەپەڕیوە.

***

ئەو شەمەندەفەرەی دوو ساڵ بوو لەکار وەستا بوو، کەوتەوە گەڕ و وەکو ژەنگەسوورە هەروا گیزە و ویزەی بوو و هەڵمی لێ هەڵدەستا. چەند ئافرەتێک تەرخان کران بۆ پاککردنەوەی فارگۆنەکانی، بەتایبەتی ئەو فارگۆنانەی بۆ دیبلۆماسیانیان دەستنیشان کرابوون، فەرمانبەر و مووچەخۆرەکان هەموو جلوبەرگی ڕەسمی سپییان لەبەر کردەوە و شوفێری شەمەندەفەریش سەر و ڕیشی خۆی تیف تیفە دابووە و کۆڵۆنیای لە خۆی دابوو و بۆ خۆی سەرپەرشتی پاککردنەوەی ناو شەمەندەفەرەکەی دەکرد، تا هەمووی پێ پاک کردنەوە.

پیلانی هاتوچۆی شەمەندەفەرانیان هەموو ڕاگرت، جگە لەو تاکە شەمەندەفەرەی ئامادە کرابوو و لە چاوەڕوانی شاندی میواناندا بوو.

هەرچی لەو ئێستگەیەدا بوو، هەموو هەر چەپکە گوڵی ڕەنگاوڕەنگیان دەهێنا و بۆ بەخێرهێنان و ڕێزگرتنی میوانی، بەقەراغی پەنجەرەکانی شەمەندەفەرێیانەوە دەکرد. تەلگراف و برووسکەیان بۆ قوتابخانەکانی ئەو گوندانەی سەر ڕێیە لێدا، و کچۆڵە قوتابییەکانیان بەپێخواستی ناردنەوە ماڵێ تا جلی سپی لەبەر کەن و هەموو یەک ڕەنگ بنوێنن، هەروەک چۆن ئەو جۆرە جلانە لە بۆنە ئایینییەکانیاندا لەبەر دەکران و جەژنیان پێوە دەکردن.

پۆلیسی ئەو وڵاتە سەوزە بەداروبارەش هەموو جلی پۆلیسیان دەبەر کرد

و چەکیان لە خۆ بەست و بەخەڵکیان ڕاگەیاند چایخانەکان چۆڵ کەن و بچنەوە و جلوبەرگی سپی بپۆشن. پۆلیس هەر چوار دەوری ئێستگەی شەمەندەفەریان تەوق کرد. کاتێ کاک عومەر قادر هەستی بەو هەموو گرنگی و خۆماندووکردنەیان کرد و زانی هەموو شتێک وەکو پێویستە، لە کابرای بەرپرسیاری پشکنینی پەساپۆرتان خۆش بوو و چاوی لێ پۆشی. ئەوجا لە ئێستگەی شەمەندەفەرێ هاتە دەرێ و لە پێشەوە وەک پاڵەوانان لەبەردەمی وێنەگر و ڕۆژنامەنووسان ڕاوەستا، دەمە دەمی بانگی خۆراوایە بوو بۆیە هەر لەگەڵ دەنگی بانگی ئەوانیش دایانبەستە نوێژێ.

لەو شارە بەندەرییەی ئەمەریکای لاتینی، ئەو خەڵکە هەموو ئامادەی دەرکەوتنی ئەو دوو پیاوە غەریبە قارەمانانەیان دەکرد، کە لە وڵاتی خۆیانەوە و دوای ئەو هەموو قارەمانیەتەی لە چیاکانی خۆیاندا نواندبوویان و ئێستاش ئەوا ئەوێیان بەجێهێشتووە هاتوون لێرە درێژە بەو شۆڕشگێڕی و خەباتەیان بدەن. بۆیە تا بڵێی زۆر بەڕێزەوە پێشوازییان لێ کردن و وەریان گرتن.

***

بەدوای فارگۆنی میوانەکانەوە، دوو فارگۆنی سەر بەتاڵی دیکە هەبوون، پڕ بوون لە سەربازی چەکدار و هەریەکە چەند نارنجۆکێک بەلاقەدێوە، دانیشتبوون. شەمەندەفەرەکە بەناو دارستانێدا بەرەو پایتەخت دەچوو.

بێجگە لە کارمەندانی ئێستگەکانی سەر ڕێی شەمەندەفەرەکەش، هەرچی بەرپرسی قەزا و ناحیەکانیش بوو، بەپۆلیس و مامۆستا و قوتابی و قەشەی کەنیسەکانیشەوە هەموو بەجلوبەرگی سپی پاک و خاوێنەوە و زۆر بەڕێکوپێکی لەو ئێستگانە ڕاوەستا بوون. هەر کاتێک شەمەندەفەرەکە لە ئێستگەیەک نزیک دەبۆوە، مامۆستایەکان قوتابییەکانیان ئاگادار دەکردنەوە، کە دەستیان بڵند کەن و بەزمانی ئیسپانی ئەو سروودانە بڵێنەوە کە لە قوتابخانەکانیاندا فێری بووینە، ئەو کاتیش کاک عومەر و حەمید بەسڵاوی سەربازییانە وەڵامی ئەو خەڵکانەیان دەدایەوە کە لە ئێستگەکان ڕاوەستابوون و چاوەڕێی پێشوازی



بوون.

گەڵای درەختەکان لە کاتی ڕۆیشتنی شەمەندەفەرەکەدا بەنێو ئەو دارستانانەدا، لە پەنجەرەی فارگۆنی شەمەندەفەرەکە دەخشان، هیچ شتێک دیار نەبوو. نیو سەعات ماوە بگەنە گوندێکی دی.

– ها چۆنە، ڕات لێیە...!؟.

حەمید کە قاچی خستبووە سەر قاچی، بەتەوسەوە گوتی: دەڵێی دوایین ئێستگەی شەمەندەفەر ئاگادار نەکراون...!.

– بەخودای... ئەو جۆرە ماندووبوون و گرنگییەی بۆ ئێمە کراوە و دراوە، کاتی خۆی کە باپیرمیان لە دیاربەکر لە سێدارە دا، ئەو هەموو گرنگییەی پێ نەدرا.

نمایندەی سەربازی، کە بۆ پێشوازی هاتبوو، هات جگەرەکەی بۆ کاک عومەر داگیرساند.

***

شەمەندەفەرەکە بەهەموو هێز و توانای خۆیەوە دەخۆ دەنووسا، تا لە بەرزاییەک وە سەر کەوت و گەییە پردێکی کە لە ئاسن دروست کرا بوو و لە سەردەمی شەڕی پارتیزانیدا تەقێنرابۆوە، ڕێی نێوان بەندەر و پایتەخت نزیکەی دوو مانگان لەبەر ئەو ڕووبارە ڕەشە ڕێژەوە بڕا و نەما. ئەوە مانگێک دەبێ لە سایەی سەری سەرکۆماری نوێوە دروست کراوەتەوە. ئەو قسانەش هەموو ئەو وەرگێڕە کردنی کە دەگەڵ ئەفسەری پێشوازیکەری کاک عومەر هاتبوو، کە پێکەوە دە شەمەندەفەرەکەیدا بوون.

ئەفسەرەکە پیاوێکی کورتەبنەی باریکەڵە و زیرەک بوو و خاڵێکی ڕەشی لەسەر ڕوومەتی چەپێ بوو. پیاوێکی سەر و ڕووگەش و قسەزان و گفتولفت خۆش بوو، مێژووی ئەو وڵاتە و مێژووی ژیانی هەشتەمین سەرکۆماری لە بۆ کاک عومەر یەکالا کردەوە و بۆی باس کرد. لێرەدا کاک عومەر زۆر بەوردی چووە ناو بنج و بناوانی مێژووی ڕەشی ئەو وڵاتەوە و زۆر چاکی تێگەیی، و وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای بارودۆخی سیاسی ئەو

نیشتمانە نوێییەی لەبەر چاوان دیاری دا.

– جەنابی شێخ سەیرکە...!

چاوەدێری و پارێزگاریکردنی ئەم شەمەندەفەرە یەکجار زۆر گرنگ و پێویستە، لەبەر ئەوەش کە هەموو ساڵێک کودەتایەک دەکرێ و سەرەک کۆمارێکی نوێ دادەنرێت و جاری واشە هەر شەش حەوت مانگان دەبات و کودەتایەکی دی دەقەومێ و چونکە هەر ئەو ڕێیەش هەیە بەندەر بەپایتەختەوە گرێدات و بیبەستێتەوە، هەر زوو زوو دەیتەقێننەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە هەر هیندییەکی سووری گومان لێکراو دەرکەوێ، ئەوا یەکسەر سەربازەکانی میری تەقەی لێ دەکەن. ئێستاش کەم تا کورتێک ئاژاوە و پەشێوی هەر هەیە. بەڵام ئەم سەرەک کۆمارە نوێیە، خۆشی و ئاسایش و دڵنیایی باشی خستۆتەوە نێو وڵاتی و بەدەست و مستێکی پۆڵایینەوە کار دەکات و زۆر دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و سەرڕاستە. هەر ئەو دەروەستی ئەو هیندییە سوورە دڕندانە دێ کە هەموو دەڵێی جڕ و جانەوەر و کرم و جرج و مشکن، و لە قێزانیش تفی ڕۆ دەکرد.

– وا پێ دەچێ، ئەو ئەفسەرە پیاوێکی زیرەک و لەسەرخۆ بێ و پەیوەندی دەگەڵ سەرۆک باش بێ، و پێش ناچێ پیاوێکی بەرتیلخۆر بێ.

حەمید گوتی: بەخودای کاک عومەر ئێرەش، ئەوەی پەیوەندی بەمووچەخۆرانەوە هەیە ڕێک، دەقاودەق وەک تورکیایە.

***

ئەو جووتیارانەی کە مۆزیشیان لەسەر عارەبانەی بەگامێشان ڕاکێشراو سەفتە کردبوو، نەیان زانیبوو کە شەمەندەفەری دیبلۆماسی بێرەدا ڕادەبرێ، دەنا هەموو دەچوون و دەستوبرد جلوبەرگی سەرتا سپییان وەک جلوبەرگی یەک شەموان لەبەر دەکرد و لە ئێستگەی شەمەندەفەر ڕادەوەستان و دەستیان دەکرد بەهوڕاکێشانی، هەر بژی، هەر بژی. چونکە ئەو جووتیارانە هەروەک ئەزموونێکی لەوەوپێشی خۆیان، بەو هاتوهاواری هەر بژی هەر بژییە، پارەیەکی چاکیان دەست دەکەوت. کە دەبووە مایەی بارگرانییەکی زۆر لەسەر خەزێنەی دەوڵەت، بۆیە حوکمەتیش هەر خەریکی باج و خەراج



زیادکردنێ بوو لەسەر خەڵکی تا باری نالەباری بانقەکانی پێ هەستێنێتەوە چونکە لەو وڵاتەشدا دیموکراتییەت و هەڵبژاردن نەبوو، لە هەر هەلێکی دوژمنکارییەوە دەبووە کودەتایەک و سیستەمی فەرمانڕەوایی دەگۆڕا، و هەر بابایەکی پێ ڕاگەیبیایە بەهەشتاوەوە لەسەر کارێڕا، بەرەو ماڵ هاواری دەکردە خێزانی: دا کچێ ئەو چەکەم بگەیەنێ، سەعات یازدە کودەتایە و دەبێ بگەمێ.

– بەڕێزان... دوای دە (١٠) دەقیقەی دی دەگەینە پایتەخت، بۆیە دەبێ هەموو خۆمان ئامادە بکەین.

کابرای وەرگێڕ ڕەنگ و ڕووی گەشایەوە، چونکە بەبێ وی ئەفسەرەکە نەیدەتوانی هیچ قسە و گفتوگۆیەک دەگەڵ ئەو دوو کوردەیدا بکات.

ڕۆژنامەکانی پایتەخت دوو ڕۆژی ڕەبەق و بێ پسانەوە لەسەر ئەو پێشوازییە گەرم و گوڕەیان لەو دوو شێخە، نووسی.

کاک عومەر قادر بەسەر مافووری بەگوڵ ڕازاوەی ڕاخراوی بەر پێیدا بەخێر هاتن کرا. هەر دەو دەمیدا وتارێکی دەربارەی ساتەکانی نێو وڵاتی خۆیانی دا، کە چۆنا و چۆن لەوێ بەدز و جەردە و ڕێگریان لە قەڵەم داون. حەمیدی لە پشتەوە ڕاوەستابوو، و زۆر ڕاشکاوانە و بەسەر و ڕوویەکی زۆر مەردانەوە، ئەو تفەنگەی بەشانیەوە بوو کە هەر لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنیانەوە پەیدای کردبۆوە.

هەموو ڕووداوەکانی ئەو هاتنە و پێشوازی و دەنگوباسەکانیشی لە ڕۆژنامەی (مانینا)دا نووسرا و خراشە ناو پەرتووکی شەرەفنامەی ئەو شارەشەوە تا هەرگیز لە بیر نەچێتەوە. دوایە کاک عومەر چووە ژووری پێشوازی میوانانی سەرەک کۆمار و دەستی برد لە کیسەیەکی ئاوریشمی ڕەشدا ئەو دیارییە کۆنینەی کە موڵکی خێزانەکەیان بوو (کە ئەو خەنجەرە زێڕە بەشەڕەفە بوو) پێشکەشی سەرەک کۆماری کرد و ئەوجا باس و خواسی ئەو خەنجەرەشی بەدوور و درێژی بۆ کرد.

ژانی بەخشینی ئەو خەنجەرەیان لە ڕەنگ و ڕواژا و سەروچاویەوە دیار بوو، چونکە لە دەستدان و دابڕانیان لەو خەنجەرە هەروا شتێکی سادە و

ساکار و ئاسان نەبوو. دوای پێشکەشکردنی خەنجەرەکە، سەرەک کۆمار هەستا و ئەولا و لای ڕوومەتی هەردووی ئەو شێخانەی ماچ کرد و خەلاتێکی تایبەتی خۆی وەک نیشانەی ئازایەتی (نوط الشجاعة) بەیەخەوە کردن.

نزیکەی چل (٤٠) هەزار کەسێک ڕۆژنامەی ئەو ڕۆژەیان کڕی کە دەنگوباسی ئەو ڕووداوانەی تێدابوو. کۆشکی کۆماری لە لایەن (یۆزی ئەنتۆنیۆ – Yose Antonio)وە کە پیاوێکی زۆر ناسراو و بەناوبانگی پایتەخت بوو، ڕازێندرابۆوە و هەرچی پیاوماقوڵ و ئەفسەر و گەورەی شارییە، بەشداری ئەو ئاهەنگە بوون کە بۆ ئەو دوو شێخە کوردانە کرا. ئەوەی جێی سەرنجیشە هۆڵەکە لەسەر شێوەی ڕۆژهەلاتی نیشتمانەکەی ئەو دوو شێخە ڕازاندرابۆوە. سەرەک کۆمار لە کاتی ئاهەنگ گێڕانەکەدا، خەنجەرە زێڕەکەی بەقایشی پانتۆڵەکەیەوە کردبوو و ئاهەنگەکەشی تا بەرە بەیانێکی زووی ئەو شەوەی خایاند. ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەی (سیرڕا) – sirra – لەو ئاهەنگەی کۆشکی کۆماریدا دەگەڵ زیاتر لە نزیکەی (٢٣٢٠) کەسدا بەشداری ئەو ئاهەنگەیان کرد.

هەر وەکو گوتمان، مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێ چۆنا و چۆن پێشوازی ئەو دوو شێخی کوردانە کرا. ئیدی دوایەش گەورە و پیاو ماقوڵانی شاریش پێشبڕکێی بانگهێشتنی ئەو دوو شێخەیان بوو... بۆ هەموو شتێک بانگ دەکران، سەیران و ڕاو و ڕاوشکار و ڕمبازێن و جلیتبازی و ناو هۆڵ و شانۆ و ئاهەنگی ناو باغ و گوڵستانان، ئەو کارانەش بازاڕ و بازرگانیان تا چەند هەفتەیەک وا بەڕەونەق خستەوە، کە بووە مایەی قازانج و دەستکەوتێکی زۆری بازرگانان.

ئەوجا ویستیان بەڕەسمی سەردانی چەند جێیەکی وەکو باغچەی منداڵان (روضة الاطفال) و کتێبخانەی گشتی (المكتبة العامة) و کارگەی شەکریان بۆ ڕێک بخەن و بچنە سەردان و بیبینیان، بەلام کاک عومەر ئەوەیانی ڕەت کردەوە و نەیویست ئەو سەردانانە بکا. کە ئەمە وای پیشان دا گوایە ئەو شوێنانە چ گرنگییەکیان نییە، بۆیە نایانەوێ ببینن، بەلام



ئەو دوو کوردە، وایان پێشان دا، کە لەبەر ئەوەی هەموو ژیانیان هەر لە ناو شەڕ و شۆڕ و پێکداهاتندا بەسەر بردووە، پێیان خۆشە لە جیاتی ئەوانە بچنە ناو خولێکی مەشقی چەکەوە، لە ناو سوپادا.

زۆریش بەتاسەوە لە زین و لغاو و قەوچ و قەڕاسە و جۆری ڕەسەنایەتی ئەسپەکانیش ورد دەبوونەوە و تێیان ڕادەمان.

ئەوجا ئەو دوو کوردە هەموو ڕۆژێ چێشتەنگاوان لەسەر کەرەوێتەی بن سێبەری چەتر و چادران دادەنیشتن و سەیری ڕمبازی ئەسپی ئەفسەرانیان دەکرد و بەدووربین دە تەقینەوەی ئەو تۆپە حەفتا و پێنج (٧٥) میللیمیانە ڕادەمان و گوێیان بۆ تەقەی زۆر قورس ڕادەداشت. چەند ڕۆژێکیان هەروا بەم جۆرە بەدیار ئەو مەشقانەوە دانیشتن. دوایی هەردووکیان بەسواری ئەسپان بەشداری مانۆڕێکی سەربازییان کرد. کە لە ناو ئەو گرد و زوورگانەی دەوروبەری ئەو ناوە ڕێکخرابوو و ڕەخنەی زۆریان لە مانۆڕ و کارە سەربازییەکان گرت. کە ئەمە وای پێشان دا کە ئەو دوو کوردانە ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی زۆریان لە کاروباری ستراتیژی سەربازی و خەبات و شۆڕشگێڕیدا هەیە. بۆیە هەتا بڵێی زۆر سەرسامی پێشنیارەکانی ئەو دوو کوردانە بوون.

کاک عومەر قادر چەند جارێکانی دەست بەدابەشکردنی سەربازەکان کرد و هەوڵی دا بیانکاتە چەند دەستە و پەلێک، و وەک پارتیزانانی بۆسە و کەمین و سەنگەرێ، تا بتوانن سەر لە سەربازان بشێوێنن، کە بەڕاستیش ئەو جۆرە کردە سەربازییانە سەرکەوتنی زۆریان بەدواوە بوو و ئەنجامی چاکیان دێنا. ئەو دەنگوباسانە زۆر بەخێرایی و دەستوبردی گەیییەوە سەرەک کۆمار.

تا هێشتا بەزم و ڕەزمی ئاهەنگ و میوانداری ئەو دوو کوردە هەر بەردەوام بوو. (٣) سێ کەس لە سەرمایەدارەکانی ئەو شارە، شاریان بەجێهێشت و ملیان لە ناو شاخەکان نا، چونکە لە خەرجکردنی ئاهەنگ و میوانداری و داوەتان بێزار و وەڕەز ببوون و قاسەکانیان مایە فووت و بەتاڵ ببوون و نەیاندەتوانی هیچی دی خەرج بکەن.

## پاژی نۆههم

## بەژنەراڵی هێزی ئاسایش دەستنیشان کرا

– ئەرێ حەمید، چەندت پارە پێیە؟

– هەر سەد (١٠٠) دۆلارم پێیە...

لە ناو شاری ڤیەللایەکی بچکۆلانەیان بۆ ئەو دوو شێخە کوردانە ڕێک خستبوو. کاک عومەر قادر لە سێبەری تارمەی خانووەکەیان دانیشتبوو و ئەو پارانەی دەژماردن کە پێی مابوو، سەیری کرد (٦٣٤) شەش سەد و سی و چوار دۆلارە. حەمید بەحیسابێکی وردەوە لێکی دایەوە، کە ئەمە بەفۆندی (لیرە) سووری پارەیەکی زۆر دەکات. بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەت و پیاو ماقوڵانی شاری ئەرکێکی زۆریان پێ ئەسپاردبوون زۆری نەمابوو پارە و پوولیان ڕوو لە نەمانێ بکات و هیچیان پێ نەمێنێ.

حەمید... دەبێ هەرچۆنێک بووە، بەو زووانە سەرو کارێک وەرگرین.

لەوانەشە ئەورۆ نیوەڕۆیەکە سەرەک کۆمار دێتە ئێرە بۆ چا خواردنەوێ پێشنیارێک بکات لەم بارەیەوە.

***

دوای چوار سەعاتان، هەردووکیان لەناو قەنەفەی خڕ و لە بن دیواری دانیشتبوون و سەرەک کۆماریشیان بەرامبەر و قاچ لەسەر قاچ دانیشتبوو.

سەرەڕای ئەو هەموو پێشوازی و ئاهەنگە گەرموگوڕ و پڕ لە بەزم و ڕەزمانەش، کەچی ئەو دوو کوردانە، هەر لەسەر ڕێ و شوێن و ئایینی ئیسلام و ئوممەتی موحەممەدی (د.خ) مانەوە و دەمیان لە هیچ خواردنەوەیەکی حەرامەوە نەدا.

خزمەتکارێکی هیندی سوور لە کەناری دەریاوە قۆریبە چایەکی پڕ و سێ کوپی بۆ هێنابوون، بەڵام سەرەک کۆمار دیار بوو تینووی بوو، حەزی لێ بوو لە جیاتی چای ساردییەکی بخواتەوە. سەرکۆمار وەک جەنتڵمانێک (Gentel man)، دەیزانی کە دەبێ چۆنا و چۆن لە ماڵی ئەو دوو شێخانەدا هەڵسوکەوت بکات.



کاک عومەر قادر لەو سەردانانەی بۆ گۆڕەپانی مەشقی سەربازی و هاوبەشیکردنی لە مانۆڕە سەربازییەکاندا زۆر شتی بۆ ڕوون ببۆوە و بەبیر و بۆچوونی وی زۆر شت هەر لە بناغەوە بەچەوتی و بەهەڵە هاتبوو و پێی وابوو زۆربەی زۆری ئەو مەشقانە تەنیا سەرباز هیلاک کردن و ماندوو کردنیانە و هیچی دی، و کاک عومەر لێکی دایەوە، کە سەرکردەی سوپا پارەیەکی زۆر و زەوەند لە بەردی دەدات و هەر وا بێ هوودە بەفیڕۆ دەچێت. ئەوەش سەیر نەبوو کە لە هەر بۆنەیەکدا کە لەگەڵ سەرەک کۆمار دانیشتبان، لە جیاتی هەموو شتێک، یەکسەر گفتوگۆیەکانیان دەچۆوە سەر ئەوەی داخوا چ ناوچەیەک زۆر لەبارە بۆ مەشق و مانۆڕی سەربازی.

ئەو دوو کوردە خۆیان تێکەڵی هەموو ئەو کاروبارانە دەکرد کە تایبەت بوون بەسوپا و چەک و مانۆڕی سەربازی و شەڕ و شۆڕ و پێکداهاتن، هەر دەتگوت ئەو لایەنانەیان لەگەڵ لە دایک بووە و چۆتە خوێنیانەوە.

هەرچەندە سەرەک کۆماریش تەنگوچەڵەمە و ئاریشەی سیاسی ناوخۆی زۆر هەبوون، سەرەڕای ئەمانەش هەوڵی دەدا لە بارەی کردەی سەربازییەوە شتیان لێ فێر ببێ.

هەرچەندە ئەو سەرۆکە (سەرفەرماندەی هێزی سوپا)ش بوو، و بەرپرسی ئاسایش و بەرگری ناوەوە و دەرەوەی وڵات بوو، لەو لێک نزیکبوونەوەی ئەو دوو کوردانە زۆر وریا بوو، چونکە وەک شتێکی ئاسایی لێ هاتبوو، هەر ئەفسەرێکی گەورە (ژەنەراڵ) بیتوانیبایە چەند ئەفسەرێکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، ئەوە کودەتایەکی ئەنجام دەدا و سەرلەنوێ بانگی سیستەمی فەرمانڕەواییەکی دیکەی نوێتریان دەدا. تا ئەو دەمە هەر هەشت نۆ دە مانگێک جارێک کودەتایەک بەرپا دەبوو، و یەکسەر ئێستگەی شەمەندەفەر و فەرمانگەی پۆست و تەلەگراف دەگیرا و شەمەندەفەرێکی تایبەتی بۆ سەرەک کۆمار و وەزیرە لابراوەکان ئامادە دەکرا و وەدەریان دەنان. بۆیە هیچ کەسێک گلەیی و گازاندەی لە هیچ سەرەک کۆمارێک نەدەکرد کە لە خۆی بخەفتێ و ئاگای لە خۆی بێت و خۆی لە دوژمنانی ناوەوەی وڵات بپارێزێ.

ئەو سـەرەک کـۆمـارەش، لە بارودۆخـێکی نەگـونجـاو و بەتوانایەکی کەمەوە، تەنیا هەر بەکەسایەتی خۆی بۆی ڕێک کەوت ببێتە ئەفسەر و وردە وردە پلە و پایەی هەڵکشێ و وەسەرکەوێ. هەر چەندەش زیاتر پلەی هەڵکشابایە، زیاتر شارەزای باری نالەباری ئابووری وڵاتەکەی دەبوو، تا بەیارمەتی چەند ئاواڵێکی باش و پەیوەندی دەگەڵ چەند جەنەڕاڵێکی باش توانی کودەتا بکات و ببێتە سەرەک کۆمار. هەرچەندە لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیدا چ جیاوازییەکی دەگەڵ سەرەک کۆماری پێشوودا نەبوو کە خەڵکی وڵاتەکە لێیان چاوەڕوان بکردبایە، ئەویش هەر خەریکی خۆ قایمکردن و جێ و ڕێ چەسپاندنی خۆی بوو. قسەکانی وی لە سەرووی هەموو قسانەوە بوو، هەر بۆیە توانی کابینەیەکی پتەو لە وەزیرەکان پێک بێنێ و فەرمانڕەواییەکی زۆر بەهێز بچەسپێنێ، و هەرچی فەرمانبەرە گەورە بەرتیلخۆرەکانیشە هەمووی لەسەر کار لادان و دووری خستنەوە و کاروباری وڵاتی دایە دەست ئەو کەسانەی تاقیکرابوونەوە و لە کوورە هاتبوونە دەرێ، و زۆربەی زۆر ئەوانەشی کە بەبەرتیلان دەوڵەمەند ببوون، دە شەو و ڕۆژێکیدا هێنایەوە سەر ساجی عەلی.

خەڵکەکە هەموو دەستە و نزا دەپاڕانەوە و چاوەڕێی کودەتایەکیان دەکرد بەسەر ئەو سەرەک کۆمارەدا بکرێت. چونکە وە بەر نەفرەتی خودا و پیاو چاکان کەوتبوو و ئەوەش هەمووی لەبەر ئەوەی هەرچی خوو و ڕەوشت و خدە و نەرێتی کۆنە، هەمووی بەلاوە نابوو و خۆی وا پیشان دەدا کە پیاوێکی نیشتمانپەروەرە و دژی بەرتیل و بەرتیلکارییە.

بەڕاستیش ئەو سەرەک کۆمارە چاکی دەزانی کە خەبات و شۆڕشگێڕی چییە و چۆنە، و لە بیروباوەڕیدا وابوو کە (پیاوی گونجاو بۆ جێگای شیاو و گونجاوە) و چونکە بۆ خۆی هەر لە جحێڵییەوە دژی سەرمایەدار و خۆ بەزل زانەکان بوو و زۆریشیان لە بن دەستیدا چەوسابۆوە. ئەو هەموو شتانەش سات و کاتێکی زۆری خایاند تا خەڵکەکە لە بیروباوەڕ و ڕاستەقینەیی و ناخی ئەو تێگەیشتن.

***



ئەوە گومانیشی تێدا نییە ڕۆژێک دێ، سەرلەبەیانییەک، سەربازەکان بەخۆ و تفەنگی قەنناسەوە دێنە بەر پەنجەرەی ئەو سەرەک کۆمارەش و دوای قاوەڵتی ئەفسەرێک دەچێتە ژوورێ و پێی دەڵێ: تەنیا چوار (٤) سەعاتت مۆڵەت ماوە، ئەو کۆشکە بەجێ بێڵی و سواری ئەو شەمەندەفەرە ببیت کە بۆت تەرخان کراوە، تا خوێن نەڕژێ.

هەروەک چۆن ئەم سەرەک کۆمارە ئەوەی پێش خۆی لێخست و ئیدی هەر ئەوە و ئەوی دی. بەڵام ئەم سەرەک کۆمارە، هەر لە سەرەتاوە هەوڵی دا کە ئامانجەکانی خۆی بێنێتە دی، لەسەرخۆ دەستی پێ کرد، بەشێوەیەکی وا تا ئەو خەڵکە و ئەو میللەتە لە ڕاستەقینەیی ئەو تێبگەن. ئەو شارەزای هەژاریی میللەتەکەی بوو و دەیزانی دەبێ چۆنیان لە هانا بێت و چۆنیان یارمەتی بدات. هەر لە سەرەتاوە کەوتە چاوپۆشین لە تۆڵەکردنەوە و لە لێدان و کاری خراپ دوورکەوتەوە و هەوڵی دا بەدەستێکی پۆڵایینە کۆنترۆڵی ئابووری وڵات بکات و دەستی بەسەردا بگرێت. ڕێی بۆ بازرگانانی بێگانە خۆش کرد، بێنە ناو وڵاتەوە و پارەکانیان بەقازانجی هەردوو لا ڕەنێو بێنن. بۆ دەبێ سامانی ژێر خاکی ئەم وڵاتە بێگانە بماسێنێ و دانیشتوانی وڵاتەکەش بتاسێنێ...!؟. ئەوەشی دەزانی کە پیاوی گەورە و خانەدان و ماقووڵیش هەرگیز دەگەڵ هەژار و نەداری وڵاتیدا نابنە یەک و هەرگیز وەکو یەک بیر ناکەنەوە و بەیەک شێوە ناڕواننە ئایندە و چارەنووسی ئەم وڵاتە بەڵام خۆ ئەو هەموو خوو و ڕەوشت و خدە و نەرێتە کۆنە سەد ساڵانەیەش هەروا بەئاسانی و بەشەو و ڕۆژێکیش ناگۆڕدرێت.

سەرەک کۆمار تەنیا پەی بەوە نەبردبوو، کە پارە و دراوی قورس و بەنرخی بێگانە ڕاکێشێتە نێو وڵاتەوە و لە خەرجی و گێڕانی ئاهەنگ و بەزم و ڕەزمی لابەلاش کەم کاتەوە. بەڵام لەوەی زۆر شارەزا بوو کە هەر لە دوورەوە و لە ڕێگای برووسکەوە شارەزای خەڵکانی تر بێ و بیانناسێ، خۆ بەتایبەتی کە ئەو کەسانەش نمایندە و نێردراوی دیبلۆماسی بن، هەروەکو ئەو دوو کوردە میوانانە کە بەڕەسمی ناسرابوون شێخن و ئەو زوو پەی بەوە بردبوو.

هیچ دیبلۆماسییەک و سەرەک دەوڵەتێکیش حەزی لەوە نییە باسی پارتیزانی و کارکردەکانی بۆ بکەی، خۆ ئەگەر ئەو خەباتگێڕ و تێکۆشەرانە زۆریش دڵسۆز بن، ئەوان وایان پێ باشە، هەر تەنیا هەوڵی ئەوە بدرێ کە پیاوی ئازا و تێکۆشەر بەلای خۆتدا ڕابکێشی و لە کاروبار و قازانج و سوودی خۆتدا کەڵکیان لێ وەربگری و بەس.

– گەورەترین پلە و پایە و ڕێز و باوەڕپێکردن ئەوەیە کە تۆ متمانەی خەڵکی بۆ خۆت ڕاکێشی و لە دەوروبەری خۆتیان خڕکەیەوە. سەرەک کۆمار ئەوەی گوت و زۆر بەورياييیەوە هەستا و لە پلیکانەکان وەسەر کەوت.

***

ئەمڕۆ شێخ عومەر قادر لە لایەن سەرۆکەوە، دەستنیشان کرا بەژەنەڕاڵی هێزی ئاسایش (قوات الامن) و لەبەر ئەوەش کە سەرەک کۆمار دەستێکی باڵا و ڕۆیشتووی هەبوو لە نێو سوپادا، هەموو پیرۆزبایی ئەو هەنگاوەی سەرەک کۆماریان کرد، بەو دەستنیشانکردنە.

هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتوپڕی ئەم دەنگوباس و هەواڵانە، ڕۆژنامەی مانینا (Manana) کە سەر بەدەوڵەت بوو، بەپلارەوە نووسی: لەبەر چی بێگانە جێگای سەرفەرماندەیی لە دەوڵەتێکدا وەربگرن، لە کاتێکدا کە ئەو وڵاتە لە پیاوی بەتوانا و فەرماندەی لێهاتووی کەم نەبێ...!؟.

دیسانەوە ڕۆژنامەی سیڕڕا (sirra) زۆر بەتوندوتیژی دابەزییە سەر ئەو دوو کوردە. بەوەش چاک بوو کە سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیە کە هەر خۆشی خاوەنی بوو، پێش شەش مانگ لە سەردەمی سەرەک کۆمارەکەی پێشوودا ئەمەی بڵاو نەکردەوە، دەنا هەر ئەو دەمی ڕۆژنامەکەی لێ دادەخست و خاوەنەکەی سواری شەمەندەفەرێ دەکرد و لە وڵاتیان وەدەر دەنا، یان کێ دەڵێ، هەر لە ڕێیە دەناو ئەو دارستانە چڕ و پڕانەدا شوێنە ونیان نەدەکرد. بەڵام دەڵێی چی... لە سەردەمی ئەم سەرەک کۆمارە، سەربەستییەکی تەواوی دابووە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری.

***



فەرمانگەی وڵات ژمێریارێک و چەند فەرمانبەرێکی نوێی دامەزراندن و سوێندی یاسایی دان و پێی مۆر کردن، کە تاکو مردن یاخود تا ئەو ڕۆژەی کە لە مووچەخۆری دەوڵەت دەکەون... ڕاست بن و ناپاکی دەگەڵ نیشتمانەکەیان نەکەن. ئەمەش وەکو کتێبێکی یاسایی بەناوی (یاسای سزادان) لە چاپ درا و بڵاو کرایەوە. ئەوانەی کە لە دانیشگای سەربازیش دەردەچوون و دەبوونە ئەفسەری سوپا، دەبوایە سوێندیان بەئاڵای نیشتمانەکەیان بخواردبایە کە هەمیشە بەرز و بەڕێزی ڕابگرن. لە سەرەتاوە، ئەو سوێند و سوێند خواردنانەیان وەک ڕۆتینێک ئەنجام دەدا، تا لە دواییدا بیریان لێ کردەوە و کاروباری وڵاتیان تاوتوو کرد، ئەوجا زۆر بەگرنگیان وەردەگرت و ڕێزیان بۆ ئەو سوێندە و پەیڕەوکردنی دادەنا.

ژمێریارەکەی پێشووتریان سزا دا چونکە لە ناو تۆمارەکان (سجلات)دا دەسکاری و ناڕێکی و دەست پیسیان تێدا بوو و رسوماتی سندوقی مووچەخۆرانیش هەروەتر ناڕێک بوو. سەرەک کۆمار زۆر بەتوندی و زۆر بەڕاشکاوییەوە دژی ئەم کەم و کووڕیانە وەستا و مووچەخۆرانی وشیار کردەوە. ئەوەی ببووە تەنگ و چەڵەمە و گیروگرفت و ئاریشە و چارەسەر نەدەکرا سوێندخواردنی ئەو دوو کوردە بوو، کە هەردووکیان سەر بەهێزی ئاسایش بوون و هیچ پەیوەندییەکیان بەسوپای نیزامییەوە نییە. خۆ ناکرێ بەئاڵا سوێند بخۆن. ژەنەڕاڵێک پێی وابوو کە ئەو دوو کوردە لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ سەر بەسەرەک کۆمارن و چ پەیوەندییەکیان بەبەرگری کردنی وڵاتەوە نییە، پێویست ناکا سوێند بخۆن، یا سوێند بدرێن.

ئەفسەرێک کە ڕێی قسانی پێ درابوو هەڵیدایە و گوتی: (بۆ سەرەک کۆمار وڵات نییە...!؟)

سێهەمین کەسیان گوتی: ئەوانە موسوڵمانن و بە(تەورات)ێ سوێند نادرێن، بەڵام خۆ ئەوانیش کیتابی پیرۆزی خۆیان هەیە. بۆیە هەر زوو کیتابێکی پیرۆز (قورئانی پیرۆز)یان پەیدا کرد و هێنایان، بەڵام کاک عومەر و حەمید بەهیچ شێوەیەک ملیان نەدا سوێند بەقورئان بخۆن. تا سەرەک کۆمار ئەو گیروگرفتەی چارەسەر کرد. چوو خەنجەرە زێڕەکەی هێنا

و ئەوانیش هەردووکیان لە بەردەمی ئەندامانی پەرلەماندا ئامادە بوون تا سوێند لەسەر ئەو خەنجەرە زێڕە بخۆن.

کاک عومەر وەک ژەنەڕاڵێک و حەمید وەک یاریدەدەری ژەنەڕاڵ، دەستی چەپیان لەسەر ئاڵا دانا و پەنجەی سوێند خواردنێیان بڵند کرد، کە هەمیشە بەئەمەک بن بۆ ئەنجامدانی هەموو فرمانێک و بەجێگەیاندنی ئەرکی سەرشانیان لە پاراستنی سەرەک کۆمار و دەوڵەت و بەرگری کردن لە وڵات و سەر بەهیچ پارت و لایەنێک نەبن کە دژی ئەو وڵاتە بێ. ئەوجا چوون سولفەیان وەرگرت و چوونە لای بەرگدرووی تا دوو دەستە جلی ئەفسەرییان بۆ بدروێ.

کاک عومەر گوتی: بەداخەوە کە ئەو جلوبەرگە جوانە کوردییانەم دەبێ دەکەنتۆرێدا بەدارێوەکەم.

بەڵام حەمید هەر لەو دەمیەوە کە لە بەیروت شوفێری تاکسی بوو، بەلەبەرکردنی چاکەت و پانتۆڵی ئەوروپییانەوە، ڕاهاتبوو.

کاک عومەریش وردە وردە و لەسەرخۆ دەگەڵ لەبەرکردنی بەرگی سەربازی و لە پێ کردنی پۆستاڵان ڕاهات.

– ئایا (قورئان) ڕێی ئەوە ئەدات، موسڵمانێک سوێند بۆ فەلە (مسیحی)یەک بخوات؟.

– نەخێر، ڕێگای ئەوە نادات.

– کەواتە ئێمە هیچ پابەندییەکمان (التزامیک)مان نییە... کاک عومەر....

کاک عومەر پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە، خەریک بوو خۆی دەکردەوە، گوتی: سەرەک کۆمار متمانەی بەئێمە و باوەڕی بەقسەکانمان هەیە، بۆیە دەبێ هەتا سەر دەگەڵیدا ڕاستگۆ و ڕاست و ڕەوان بین و پشتی بگرین، حەمید...

هەرچەندە ئەم وڵاتە ژێردەستەی چەپەڵۆکی کەس نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی پەیوەندی بەسەربەستی گەلێکەوە هەیە، دەبێ هەمیشە ئامادە بین،



ئەوەشت پێ بڵێم لێرە خەبات و تێکۆشان بەچەکێکی ترەوە دەکرێ.

***

کاک عومەر بەشەش مانگان باشترین هێزی ئاسایشی دروست کرد. بەو کارەی سەرەک کۆمار زۆری ستایش کرد، چونکە سەرەک کۆمار پێی وابوو، ئەوە خەڵاتێکی زۆر گەورەیە و پێشکەشی ژیانی ئەو کراوە. چونکە هیچ سوپایەکی نیزامیش نەبوو بتوانێ بەرامبەر بەو بەتالیۆنە ڕاوەستێ. کاک عومەر زۆر بەختەوەر و دڵخۆش بوو، و شانازی بەو کارەوە دەکرد و پێی سەربەرز بوو.

کاک عومەر گوتی: چەکی بەتالیۆنەکەمان کۆنە و پێویستیمان بەچەکی تازەی ئۆتۆماتیکی هەیە.

سەرەک کۆمار هەر یەکسەر سولفەی دانێ و چەکی ئۆتۆماتیکیشی دەستوبرد بۆ ناردن.

– سەرۆکی بەڕێز... دەمانچەکانیشمان، دەمانچەی گەمەی منداڵانە، پێویستیمان بەدەمانچەی ڕاستەقینەی بەنرخ هەیە.

سەرەک کۆمار فەرمانی دا ئەو بەتالیۆنەی تا ئێستا پشتگوێ خرابوو، بکرێتە بەتالیۆنێک بەچەکی قورسەوە و هەرچی دەیانەوێ بۆیان دابین بکرێ.

کاک عومەر لە گفتوگۆکانیاندا دەگەڵ سەرەک کۆماردا گوتی: لە کوردستان بەقوتووی تەنەکە و فتیلی سووتانێ و بەوایەری، دینامێت و نارنجۆکیان دروست دەکرد، باشە خۆ زۆر ئاسانە، ئەگەر لێرەش کارگەی بۆمب و نارنجۆک دروستکردنێ دامەزرێنرێت، کە دەبێتە هۆی ڕزگاربوونمان لە کڕینی ئەو چەکانە، لە بێگانان. بەتایبەتی نارنجۆک، کە زۆر پێویستە بۆ شەڕی پارتیزانی و شەڕی دەستە و یەخە و ڕوو بەڕوو بوونەوە!

کاک عومەر قادر لە نێو قسەکانیشیدا، شەڕی سەر شەقام و ماڵە و ماڵەکانی بەکارهێنا. سەرەک کۆمار بەوە تێکچوو و گوتی: (شەڕی سەر شەقامەکان) یانی (شەڕی ناوخۆ) – الحرب الاهلي....

کاک عومەر زۆر بەباشی شارەزای ئەو وڵاتە ببوو و باشی دەزانی پێویستی بەچییە. ئەم وڵاتە دوژمنی دەرەوەی نەدەناسی و دەگەڵ دەر و دراوسێکانیاندا هیچ گیروگرفتێکیان نەبوو. چونکە، هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان تووشی شەڕ و هەرا و پێکداهاتنێ ببنەوە دەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا.

بەڵام سەرەک کۆمار و کاک عومەر قادر ئەوەیان باش دەزانی کە ئەو فەرمانڕەواییە هەروا بەئاشتی و هێمنی و بێ گیروگرفت نامێنێتەوە و تا سەر بەردەوام نابێت. چونکە خەڵکەکە هەمووی فێری تەمبەڵی و کار نەکردن ببوون و بەژیانێکی دواکەوتوویی نێو لێرەواری ژێر چەپۆکی فەرمانڕەوا پێشینەکانیان ڕاهاتبوون، وا ئێستاش کتوپڕ تووشی ماندووبوون و کارکردنێ بووینە و لە سەردەمی ئەم سەرەک کۆمارەدا هەموو هەر خەریکی جموجۆڵ و چالاکی کارکردنێن.

کاک عومەر حیسابی ئەوەی دەکرد کە ئەو خەڵکە ڕۆژێک هەر ڕاست دەبنەوە و دەکەونە نارەزایی دەربڕینێ. سەرۆک کۆمار هەوڵی دا کە هەر نەبێ بەشێوەیەکی کاتی و دەستوبردانە، ئەو جۆرە چەکانە لە دەرەوە داوا بکات و ڕێی ئەوەی دا کە زانا و لێزانان لە ئەورووپاوە بێن، بۆ دروستکردن و دامەزراندنی کارگەی ئەو چەکە سووکانە.

***

مەلیکی ئەسپانیا بارودۆخی سەربازیی ئەو وڵاتەی لە سەردانێکیدا بەچاوی خۆی دیتبوو کە چۆن هەر حەوت (٧) سەرباز ژەنەڕاڵێک سەرکردەییان دەکات و دوایەش کەوتنە خانەنشین کردنیان و دوورخستنەوەیان لە سوپا. بۆیە سەد (١٠٠) کەس لەوانەی پێشوو کە بەرگرییان لەو وڵاتە دەکرد خەریکی تۆڵەسەندنەوە بوون و ئەو ئەفسەرانەی مابووشنەوە هەر پرتە و بۆڵەی ئەوەیان بوو، کە هەموو کاتێ سەربازە چاکەکان دەگوازنەوە ناو هێزی ئاسایش و پشت لە هێزی سوپا دەکەن. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ سەرکۆمار و وەزیری بەرگری و فەرماندەی هێزەکانی سوپا، ئەوەیان دەزانی، کە کاک عومەر باشترین مەشقی



بەکارهێنانی چەکیان فێر دەکات و هەوڵ دەدا چۆنیان ڕابێنێ کە لە شەڕ و ڕوو بەڕووبوونەوەدا سەرکەون.

جارێکیان سەرەک کۆمار کتوپڕ سواری ئۆتومبێل بوو و بەرەو شاری بۆ ناو بەتالیۆنەکانی کاک عومەر قادری بەناوی سەردانێوە کەوتە گەڕانێ.

کاک عومەر ئەوەی بۆ سەرەک کۆمار ڕوون کردەوە، کە نابێ لە بەرەی شەڕدا هیچ سەربازێک دیار بێ، هەر ڕاست وەک ئەو نەخشە و پیلانانەی کە کاتی خۆی لە خەباتی ناو چیاکانی کوردستاندا بەکاری دەهێنا. ئەوەش هەر لەبەر هێندێ تا هەریەکە لەو سەربازانە جێی خۆی بەجێ نەهێڵێ و وا هەست بکات کە بۆ خۆی بەتەنیا فەرماندەی ئەو بەرەیەیە و هەر بۆ خۆی سەرپەرشتی شەڕەکە دەکات. کاک عومەر قادر دەستکەوت و سەرکەوتنێکی زۆری بەو مەشقە سەربازییە تاک تاکییە وەدەست هێنا. چونکە زۆر بەقورسی و زۆر بێ بەزەییانە بەناو ئەو دار و بار و دارستانە چڕانەدا دەیڕەتاندن و بەناو شیو و دۆڵ و گرد و تەپۆلکانیدا هەڵگێڕ و داگێڕی پێ دەکردن و لە ڕووبار و تەلانانی دەدان.

بەسەرەک کۆماری گوت: لەمەودوا ئێمە هیچ پێویستییەکمان بەخۆپێشاندان و ڕۆژە ڕۆیشتن نییە، چونکە ئەمە وردە وردە بۆ خۆی لە خۆیدا لە ناو سوپادا دروست دەبێ. بەڵکە ئێمە پێویستمان بەلێرەواری چڕ و پڕ هەیە بۆ مەشقی شەڕی پارتیزانی و هیچ سەرۆکێکیش تا ئێستای پێش جەنابت، بۆ ئەوە نەچووە کە ئەو جۆرە مەشقە فێری سەربازەکانی بکرێت، ئەوەتا ئەمڕۆ هیچ سوپایەک نییە بتوانێ بەرامبەر بەو بەتالیۆنانە ڕاوەستێ. چونکە خەباتگێڕی چاپووک و خێرا و بەدەستوبردی ناو ئەو بەتالیۆنانە، بەتەنێ سەر لە هێزی سوپایەک دەشێوێنن. بۆیە دەبێ ئەو سەربازانە، شارەزای هەموو کون و قوژبن و کەلێنێکی ئەو شارە و دەوروپشتی بن و وەک ژووری نوستنی نێو ماڵەکانی خۆیانیانی لێ شارەزا بن.

ئەوجا بەسەرەک کۆماری گوت: گوێ مەدە هیچ، با ئەو ژەنەڕاڵانە هەر گازاندان بکەن و جنێو بدەن. تازە سەربازەکانی ئەو بەتالیۆنانە لە غەم

ڕەخسیون و بەهیچ جۆرێک بەرتیل وەرناگرن و خۆیان نافرۆشن. هەروا ماوەیەکی کەمی دیکەش پێشنیارێکتان پێشکەش دەکەین تا بتوانن یەکگرتنێکی پتەو و توند و تۆڵ و جێی متمانە لە نێوان هێزی سوپا و هێزی ئاسایشدا دروست بکەن.

کاک عومەر بۆ خۆی هیچ کاتێک خولی ئیستراتیژی سەربازی نەدیتبوو، کەچی لە کاروباری سەربازیدا باشترین ڕاهێنەر (مدرب) بوو، وەکو پیاوێکی زیرەک ئەزموونێکی زۆری لە کاروباری شەڕ و شۆڕ و پێکداهاتناندا وەسەریەک نابوو و سەربازەکانی ئەو بەتالیۆنانەی هەموو فێری ئەوە کردبوون کە چۆن کۆنترۆڵی ئابڵوقە و چوار دەورەگرتنێ بکەن و لە جەنگەی شەڕێدا جێی خۆیان بگۆڕن.

ئەفسەرەکان هەموو سەیریان بەو مەشقە سەربازییانەی کاک عومەر دەهات و پێیان وانەبوو ئەو سەربازانەی ئەو مەشقانە دەکەن هیچ فێر بووبن. سەربازەکانی کاک عومەر هەموو بەچاوی ڕێزەوە تەماشا دەکران و هەموویان بەزیرەکی و هاووڵاتی ڕەسەن ناسرابوون.

سەربازەکانیش متمانەیان بەوە هێنابوو کە کەڵەمێردێکی زۆر تێگەیشتوویان جڵەوکێشە و لە هەموو ئەو ژەنەراڵانە بەزیبک و زاکونترە، کە هەر بۆ جوانی و کەیف و ڕابواردنێ سواری ئەسپەکانیان دەبن و بۆ خۆ بادانێ خۆ هەڵدەشەنگێنن و زۆریان خۆ پێ گەورەیە.

***

بازرگانەکانی ئەو وڵاتە دڵنیا بیوونەوە و کاروباری بازرگانییان زۆر بەشێوەیەکی سروشتی ئەنجام دەدا و دانیشتوانی وڵاتیش هەروەتر تێگەیشتن کە سەردەمی کودەتا و کودەتاکاری بەسەرچووە و تێپەڕیوە، و هەموو پێکەوە بەئاسوودەیی دەژیان. سەرەک کۆماریان خۆش دەویست. ڕاپەڕینێکی نوێ (النهضة الجديدة) لە هەموو لایەنێکەوە هەست پێ دەکرا. میریش هەروا بەردەوام بوو لەسەر خانەنشین کردنی ئەفسەران و سەرەک کۆماریش یاسای کاری (أجور العمل) دانا و بۆ یەکەمین جاریش قوتابخانەی دەوڵەتی بۆ منداڵان کردەوە. ئاهەنگی یادکردنەوەی دوو ساڵ



تێپەڕبوونیان بەسەر ڕژێمی تازەدا گێڕا. ژەنەڕاڵەکان وازیان لە بیری کودەتاکردنێ هێنا، بەڵام نەیاندەزانی، کە خەڵکی ئەم وڵاتە هەمووی بەیارمەتی پیاوێکەوە وا کەوتوونەتە خۆشی و ئاسوودەییەوە.

**(شەیتان ئاوای دیت)**

تێری گوتی: لەوەتەی ئەو سەرەک کۆمارە فەرمانڕەوایە، پیاو ناتوانێ هیچ بکات. تازە من بیر لەوە ناکەمەوە هیچی تر خەڵک بنێرمە خواروو، چونکە ئەو ژەنەراڵانەی کە ئێمە پەیوەندیمان دەگەڵدا هەبوون، هەموو خانەنشین و بەرهەڵدان کران. ئەو ژەنەڕاڵە نوێیانەش ئەوە هەر زۆر ئاستەنگە بکڕدرێن. بەگوێرەی دەنگوباسانیش جارێ وا زوو بەو زووانەش مەزەندەی چ کودەتایەک ناکرێ و زۆریش زەحمەتە. ئەو تورکە توانی هێزێکی نوێی وا دروست بکات، کە هیچ سوپایەکی دەروەست نەیەت و نەتوانێ لە بەرامبەریدا ڕاوەستێت و خۆی بگرێ. زۆریان لێ وریا بە(احذر هؤلاء).

تورک... ئەوە بەتەواوەتی تێگەیشتم... تورک؟.

دەبا ئەوەش بزانن کە من زۆر لەمێژە دانوستاندنم دەگەڵ ئەوانەدا کردووە، ئەو دەمەی کە هێشتا کەمال پاشا ناوی لە کوولەکەی تەڕیشدا نەبوو، و کەس نەیدەناسی. دوو پیاوی نەوت لە (٢٢ بیست و دووهەمین نهۆمی ساختمانی بولڵدینگ لە سەنتەری ڕۆکفیلڵد لە نیویۆرک)دا لەبەر پەنجەرەی نێو هەورانەوە دانیشتوون کە بەسەر ئەو شەقام و سەربانانەی هۆدسۆنسدا دەڕوانێ. لە ژوورەوە نەخشەی وڵاتان بەدیواریەوە هەڵواسراوە، بەتایبەتی نەخشەی ئەو وڵاتانەی نەوتیان تێدایە، وەک: (کەرکووک، مووسڵ، ئابادان، باکۆ، باکوری ئێران، ڕوسیا، ڕۆمانیا، پۆڵۆنیا، تاراکان، بورما) شوێنی ئەو نەخشانەش لە سەرووی نەخشەکانی: (کالیفۆرنیا، تەکساس، ئۆکلاهۆما، پێنسی لاڤانیا، ئەلبێرتا، کەنەدا و مەکسیک)ەوە هەڵواسرابوون و هەموو ناوچە نەوتییەکانی ئەم وڵاتانەش، هەریەکەیان بەئاڵایەکی بچکۆلە نیشانە کرابوو، و هەریەکەش لەو ئاڵایانە جۆرە ڕەنگێکی تایبەتی خۆی هەبوو کە هێڵە بەیانییەکان و خشتەی

بەرهەمی پێشان دەدان. ئەو دوو پیاوە هەستابوون و لە بەرامبەر نەخشەی ئەمەریکای ناوەندییەوە ڕاوەستابوون. تۆڕێکی بۆریە نەوتانیان لەسەر ڕاکێشرابوو کە بەسەر ئەو سنوورە شاخاوییانەدا بەرەو کەناری دەریا نەخشە کێشرابوو، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو بۆڕییانە بەشێوەیەکی کاتی لەسەر ئەو نەخشانە داندرابوون، چونکە بیرە نەوتەکانیان دۆزرابوونەوە بەڵام وەکار نەکەوتبوون.

هەرچەندە (ئەنجومەنی کارگێڕی) پەسەندی (٣) سێ ملیۆن دۆلاری کردبوو، کە بۆ وڵاتێکی تازە پێداکەوتوو زۆرە، چونکە وڵاتێکی تازە پێگرتوو پێویستی بەهەر سنتێک هەیە دەستی کەوێ. سێ ملیۆن بۆ ئەو پیاوەی کە تازە هیچی تر سیاسەت ناکات و خەبات و شۆڕش ناگێڕێ.

(بۆ نا ؟!)

ئەو تورکە بەهیچ جۆرێک نایەتە ڕەدایە و ڕازی نابێ و ئێمەش ئاگادارین کە یەکجار زۆریش نیزیکە لە سەرکۆمارەوە و دەتوانین بڵێین زۆریش برادەریەتی.

زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا:

ڕێزدار (ملیک ئینێتری) ئەو زانیارییانەی داوات کردبوون ئەوە ئێستا لەو ساتەدا و هەر ئێستامان پێ گەیشت، ئەگەر دەڵێی بۆت بخوێنمەوە.

نەخێر، ئەگەر زەحمەت نەبێ بۆم بنێرە.

دەمبوس و ئاڵای نوێیان لەسەر نەخشەکان دا و ئەو دوو پیاوەی نەوتانە، گفتوگۆکانیان هێنایە بەر باسی بەرهەم و بۆڕی نەوت و تانکی گەورە گەورە و دامەزراندیان لە کەناری دەریا.

دوای سێ ڕۆژان فڕۆکەیەکی ڕەنگ مزی کە ناوی (دۆگلاس) بوو، بەسەر دار خورمایەکانی کەناری دەریای فلۆریدادا بەرەو (کەی ویست) و کویا بەهەواوە دەفڕی. بۆ ڕۆژی دوایی لە دەمە دەمی هەڵاتنی ئەستێرەی قرژاڵ و کاوڕدا بەڕێز (تێری) لە فڕۆکە هاتە خوارێ.

ڕێزدار تێری کاتێکی وا گەیشتە جێ کە توانی بەئاهەنگی لەدایکبوونی



سەرەک کۆمار ڕابگات و بەشداری بکات.

ئەو کاتە بەسەر چووبوو کە وەک جاران ژەنەڕاڵەکان بێنە پێشوازیی و بەدەوروبەریدا بێن و بچن.

تێری لە مێشکی خۆیدا گوتی: ئەو مەلعونانە وایان لێ هاتووە کە ئەمەریکا بەنەفرەت کەن.

هەر لەبەر خۆشیەوە گوتی: بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش، هێشتا بەدەفتەری چەک (صک) و قەڵەم پێدانێ دەتوانرێ سیاسەت بکرێ و کار لە چارەنووسی وڵاتێکی وا بچکۆلە بکرێ.

## پاژی دەهەم

### بەربەرەکانی و چاوەڕوان نەکردنی دژایەتییەکی توندوتیژ

بەلانی کەمەوە دە (١٠) ملیۆن دۆلارم دەوێ. ئەوەی پاشانیش کە مولکانەیە جارێ دیار نییە چەندە. ئەمە جگە لەوەی کە کاتێکی زۆریش دەخایەنێ تا نەوت بەبۆرییەکاندا دەڕوات و کاتێکی زۆرتریش پێویستە بۆ دانەوەی قیستەکان. بەڵام هەر چۆنێک بووە بەو دە (١٠) ملیۆن دۆلارە دەتوانین بەندەرێکی زۆر باشتر دروست بکەین و هاتوچۆی ڕێی دەریا و ئەو بەندەرە بکەوێتە ژێر دەستی خۆمان.

سەرەک کۆمار لەسەر کورسییەکەی هەستا و بەپیاسە بەناو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو و ئارەقەی بەهانیایدا دەهاتە خوارێ، کە جار جارەش دەستی بۆ سەری دەبرد و دەیخوراند دڵۆپە ئارەقی لە نێوچەوانییەوە دەتکایە سەر عەردی، ئەو گەرمایییەشی لەبەر تینی گەرمی هاوینێ نەبوو، بەڵکە وا دە بیر و خەیاڵ و لێکدانەوان ئالابوو، هەر هێندە نەدەکولا.

ئا لێرەدا دەبێ نۆرەی من بێ بڕیار لەسەر چەند ملیۆنێک بدەم کە تا ئێستا هیچی دیار نییە. خۆ ئەو پارەیەش بۆ من نییە، ماڵی میللەتە، بەتایبەتی سەرمایەدارانی وڵات، بەم سیاسەتەوە، زیاتر دەتوانن کاروباری بازرگانی وڵات باشتر هەڵسووڕێنن.

سەرکۆمار هەمیشە وا لێ ڕاهاتبوو کە لەسەر بڕیاری گرنگ پێش وەخت دەگەڵ کاک عومەر قادردا دانیشێ و گفتوگۆ بکات، چونکە کاک عومەر هەمیشە بەنیازێکی پاکەوە بیروڕای خۆی دەردەبڕی. سەرەک کۆماریش ئەوەی چاک دەزانی کە ئەو (کاک عومەر) وەک ئەرکێکی سەرشانی خۆی، هەوڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفت و ئاستەنگێک.

کاک عومەر قادر باش دەیزانی کە دە (١٠) ملیۆن دۆلار پارەیەکی زۆرە و دەتوانرێ بەو پارەیە دە (١٠) ئۆردووی سەربازی لەسەر باشترین و نوێترین شێوە پێ دروست بکرێت، یان پرۆژەی هێڵی ئەو شەمەندەفەرەی پێ ڕاکێشرێ کە ئەوە چوار ساڵی ڕەبەقە نەخشە و پلانی بۆ کێشراوە. یان دەتوانرێ یارمەتی جووتیارەکانی پێ بدرێ و چاکترین چارەسەری



کشتوکاڵی لەم وڵاتە بکرێ.

سەرەک کۆمار ئەو (١٠) دە ملیۆن دۆلارەی بۆ ئەو کاروبارانە گەرەکە. کەی ئەو پارەیە درا، ئەو دەم ڕێزدار (تێری) مافی ئەوەی دەبێ کە (٣٣) سی و سێ ساڵان عەردی ئەو وڵاتەی هەڵکۆڵێ و بیداتەوە و نەوتی لێ دەربێنێ و بیگەیەنێتە پاپۆڕە نەوت هەڵگرەکانی کەناری دەریا.

کاک عومەر قادر بەقامچی ئەسپەکەی خۆی جار جارە وەک گەمان لە پۆتینەکەی پێی خۆی دەدا. لە پڕ پرسیارێکی سەیری کرد و گوتی: باشە چۆنە ئەگەر هەر (٣) سێ ملیۆن دۆلار بدات؟

سەرۆک لەبەر خۆیەوە: بدات... بدات.

بۆ تۆ پێت وایە (تێری) بۆیە هاتۆتە ئێرە پێشکە و مێشکە و جڕ و جانەوەر بیخۆن، یاخود بۆ ئەوە هاتووە لێرە ڕابوێرێ...؟!.

تێری بۆ خۆی دەڵێ (٣) سێ ملیۆن دۆلار. بەڵام ئێمە داوای (١٠) دە ملیۆن دۆلار دەکەین، کە هێشتاش هەر کەمە، عومەر....

خوا دەزانێ کە ئەو پارەیە هیچی بۆ من نییە، بەڵام لە ئێستا باشتر نییە کە هەلە و پێویستیمان بەپارە هەیە.

کاک عومەر زۆر بەڕێزەوە سەری ڕەزامەندی لەقاند و گوتی: ئەو (تێری)یە کە خەڵکی (نیویۆرک)ە پیاوێکی زۆر گرنگە و نرخی چەند ملیۆنێکە.

سەرەک کۆمار سەرێکی بلند کرد و زۆر بەڕاشکاوییەوە تەماشایەکی کاک عومەری کرد.

کاک عومەر گوتی: ئەوە بۆ؟ ئەوە چییەوە...؟!. لە کوردستان ئەو جۆرە کەسانە دەفرێن و دەزیندانییان دەکەن و تا پارەیەکی باشیان لە جیاتیان نەدەن، نایاندەنەوە و بەرهەڵدایان ناکەن.

سەرەک کۆمار یەکسەر وەک کێچ لە جێی خۆی ڕاپەڕی و هەستایە سەر پێ و گوتی: بۆ خاتری خوا. بەخودای دوای سێ ڕۆژان نیوەی هێزی دەریایی U.S.A (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) لەو بەندەرەی خۆمان دەبینین. نەخێر، نەخێر.

ئێمە دەبێ ڕێگایەکی گونجاوتر بدۆزینەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ (تێری) ڕێککەوین و پێک بێین. نەک بێ سەروبەری و بەم جۆرە... عومەر....

دەتوانم بەسەرهاتی (ئوگۆستۆ ساندینۆ)ت لە نیکاراگوا بۆ بگێڕمەوە کە چی بەسەرهات.

کاک عومەر دەستی بەنێوچەوانیەوە گرتبوو و گوتی: پیاو دەتوانێ لەو منافەسەیەدا فێڵی لێ بکات.

نەخێر، (تێری) منافەسەی نییە، تا منافەسەی لەگەڵدا بکرێ. چونکە ئەو پێش ئەوەی بگاتە ئێرە ئەو پارووە چەورە هەر لەوێوە دابەش کراوە.

عومەر گوتی: ئا، بەڵێ. نەوتی موسڵیش هەروا بوو، کە فەرەنسییەکان لە کاتی (لاوادانسی) هەوڵیان دا وڵاتێکی عەرەبی دابمەزرێنن، کە کوردستانی تێدا بووە قوچی قوربانی و ئێمە خراینە پەراوێزەوە و لە بیر کراین و شەڕی چەکداریش ڕاگیرا. بەڵام پێم وابێ چارەنووسی ئێرەش لەوەی ئێمە باشتر نابێ (مۆنیجۆ...)(١)

– لەوانەیە عومەر... بەڵام بەتەمای خودای، ئێمە پێویستە بزانین چۆن خۆمان دەپارێزین. ئەگەر هات و ئەو نەوتە بووە هۆی کارکردنە سەر سەربەخۆییمان، ئەوە بەخودای عومەر، دەبێ کارێکی وا بکەین و وایان پێشاندەین کە ئەمە وڵاتەکەی جاران نییە و ئێستا لەم وڵاتەدا زۆر شت گۆڕاوە.

ئەوجا کاک عومەر هەستا و سڵاوێکی سەربازییانەی بۆ سەرەک کۆمار کرد و لە دەرکێ چووە دەرێ، بەرەو ئەو ئۆتومبێلە سەربازییەی چاوەڕێی دەکرد بیگەیەنێتە ناو شار.

هەرچەندە ئەو هەموو تێکۆشان و خەباتگێڕی و سەربەستییە لەو وڵاتەیدا ڕۆڵ و بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو و هەر هێندەشیان ڕێز و قەدری سەرەک کۆمار و سیاسەتەکەشی دەزانی کە لەمپەر و داڵدەیەکی خۆیان سەیریان دەکرد، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کاک عومەر بەو بارودۆخە ڕازی

(١) مۆنیجۆ: (ناوی سەرکۆمار بوو).



بوو و شانازیشی پێوە دەکرد.

ئەوەی کە سەیر بوو، ئەوە بوو کە بیر و بۆچوون و لێکدانەوەی کاک عومەر لە پارتیزانی و خەبات و شۆڕشگێڕییەوە وردە وردە بەرەو ئاراستەی ڕاستەکی (اتجاه يميني)یەوە دەچوو و ئەو بیروباوەڕەی لە ناو ناخ و دڵ و دەروونیدا چەکەرەی دەکرد، بۆیە زۆرجاران دەهاتە سەر ئەوەی کە ئەو بۆ خۆی یەکەم کەس بێ، بۆ گۆڕینی ئەو ڕژێم و سیستەمە. دوو ساڵی ڕەبەقیان زۆر بەگرنگی و ئاوا دەگەڵ سەرەک کۆمار (مۆنیجۆ) پێکەوە بەسەربرد و کاروبارەکانیان ڕاپەڕاندن، کە هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە سەرەک کۆمار متمانەی تەواوی بەکاک عومەر هەبێت. ئەو دیموکراسییەی ئەو ڕژێمەش پەیڕەوی دەکرد شتێکی نوێ بوو و لەگەڵ بیر و بۆچوونی ئەو دوو کوردانەدا نەدەگونجا.

پاشان کاک عومەر هەوڵی دا، بیر و بۆچوونەکانی خۆی بگۆڕێ، چونکە ئەو هەمیشە ئامادەی ئەوە بوو سەد یاخود هەزار شت پێکەوە جێبەجێ بکات و ئەنجامی بدات، کە ئەوەشی بۆ دەبووە ئاڵۆزی و گیروگرفت، بۆیە هەوڵی دا کە بەتەنیا شتێکەوە خەریک بێت و ئەنجامی بدا.

کاک عومەر بەدڵ و بەگیان و دەروونێکی پاکەوە دەگەڵ (مۆنیجۆ و حەمید)دا بوو بۆیە بەچاوێکی تایبەتمەندانە سەیر دەکرا. ئەو پیاوە تا بڵێی گوێ لەمست و گوێ ڕایەڵ بوو، کاروبارەکانی پێی سپێردرابوون زۆر چاکی بەئەنجام دەگەیاندن و وەک سەربازێکی بەئەمەک و دڵسۆز کاری خۆی دەکرد. بۆیە پلە و پایە و ڕێزێکی زۆری دەنێو سوپادا هەبوو. لە کاتی مەشقە سەربازییەکاندا بۆ خۆی ئامادە دەبوو و چاودێری دەکردن و ئەگەر ڕەخنەیەکی لێ هەبان یان شتێکی لەو مەشقانە بەدڵ نەبوایە، ئەوا خۆی تاوی دەدایە چەک و خۆی داویشتە سەر پشتی ئەسپ و پێشانی دەدان کە دەبێ چۆنا و چۆن بکەن و چۆن بتوانن لە غارێدا دەستەسڕ لە عەردی هەڵگرنەوە و جار جارەش خۆی بەلا زینی ئەسپەکەیەوە هەڵدەواسی و یەک ڕکێف تەقەی بەتفەنگێ دەکرد. هەروا بەکردەوە مەشقی ئەو ڕۆژەیان بەسەر دەبرد، نەک بەقسە.

***

بۆ هەفتەیەک دەچوو (مۆنیجۆ)ی سەرەک کۆمار دەگەڵ (تێری) بازرگانی نەوتدا خەریکی دانوستاندن بوون، کەچی هیچ پێکهاتنێک لە ئەنجامی ئەو دانوستاندنانەدا پەیدا نەبوو. مۆنیجۆ زۆر بەڕژدی و ڕاشکاوی داوای ئەوەی دەکرد ئەگەر کێشەکان هەمووی هەر بۆ داشکاندنی ڕەسمی ئیمتیازەکان بێ و هیچی دی، ئەوە دەبێ گفتوگۆیەکان ڕابگیرێن و ببردرێن. بەڵام (تێری) زۆر لەسەرخۆ و بەپشوویەکی درێژ و ئارامییەوە خۆی پیشان دەدا. چونکە دەیزانی ئەو کارەی بەئەنجام هەر دەگات، بۆیە پەلەی نەدەکرد و بەهێوری دەجوولایەوە.

سەی گەورە (تێری)... کە وای ناو دەرکردبوو... هەر ئەو بوو کە بەنزین بەگرانی یا بەهەرزانی بکرێت. چونکە هەموو دەیانزانی کە هەموو شتێک هەر بەدەست ئەوە. هەر ئەویش بوو دەیزانی کە داخوا وڵاتێکی بچکۆلە لە توانایدا هەیە شەڕ بکات و بەرگریش لە خۆی بکات... یان بەمونافەسەیەکی کەم ئینهیار بکات؟.

(تێری) لە باڵکان و لە شرق الادنی و لە بورما و لە مالیزیاش دانوستاندنی لەسەر ئیمتیازاتی نەوت هەبوو، بۆیە هەوڵی دەدا ئەو بەرپەرچ و لەمپەرەی بەردەمی زۆر لەسەرخۆ مەزەندە بکات و دوور بێ لە هەرا و هوریا و بگرە و بەردە و ناکۆکی.

تێری لە لایەن سەرەک کۆمپانیانەوە متمانەی تەواوی پێ کرابوو بڕوای تەواویشیان دابوویە کە ئەو زۆر ڕاشکاوانە دەتوانێ کاروباری ئەو بازرگانییە جێبەجێ بکات. دوای هەفتەیەک تێری و مۆنیجۆ لە دانوستاندنەکانیاندا زۆر لێک نزیک بوونەوە. چونکە ئەو بریکاری ئەو کۆمپانیانە بوو، هات نرخی نەوتی (٣٠٠) سێ سەد ملیۆن چرای هیندیەکانی گران کرد. لە جێگایەکی دی (١٢) دوازدە ملیۆن دۆلاری زیان دا هەر بۆ ئەوەی بتوانێ ئەڵقەی ئەو مونافەسەیە بشکێنێ. هەر وەک چۆن سەرەک کۆمار (مۆنیجۆ)ش بەرگرییەکی توند و تیژ و سەر سەختانەی لە خاکی وڵاتەکەی خۆی کرد.

مۆنیجۆ یەکەم کەس نییە... بەڵکە بەو زووانە درزێک لەو پەلکە ڕەقەیان



دەبینێتەوە و لێکیان دەکاتەوە، بۆیە بازرگانی نەوت (تێری) زەردەخەنەیەکی هاتێ و برووسکەیەکی بۆ کۆمپانیایەکەی لێدا، کە ڕەنگە بەو زووانە بگاتە پێکهاتن. تێری دەیویست ئەو ئیمتیازانەی بە(٣) سێ ملیۆن دۆلار دەست کەوێ، بەڵام خۆ ئەگەر هاتبا و سەرەک کۆمارێکی دیکە با، ئەوا ئەوەی بەنیو ملیۆن دۆلار وەگیر دەکەوت و سەرەک کۆماری پێ ڕازی دەکرد. خۆ ئەگەر نیو ملیۆنی دیکەشیان لە دروستکردنی قوتابخانە و چەند سینەما و ڕێگا و بانێکیشدا خەرج کردبا هێشتا هەر قازانجیان بوو.

پێش ئەوەی دانوستاندنی ئەو ئیمتیازاتانەش تەواو ببێت، دەبێ (مەساحی تۆماری خانووبەرە) بێت بۆ چارەسەرکردنی (نەخشەی ناوچە نەوتییەکان) جارێش هیچ پێویست بەوە ناکات سەرپەرشتیارەکان خەملی خۆیان باوێن کە داخوا چەند (تەن) لە پاپۆڕان بارکەن و یا پێوانی سەعاتی بۆڕیە نەوتەکان دیاری کەن. خۆ هاتوچۆی پیاوێکی وەک تێری بەخۆ و بەئوتومبێلی تەنتەوە و بەگیرفانی پڕ دەفتەر و چەکی دۆلارەوە، بۆ ماوەی دوو ساڵی ڕەبەق لەم ناوەدا هەروا بەخۆڕایی نییە، بەڵکە مایەی دڵخۆشییە. تێری خاوەن ئەزموونێکی چاکی ئەم بازرگانییە بوو. لە هەر جێیەکی وا، وەدەر کەوتبایە، ئیدی نەیدەهێشت هێندەی پێ بچێ کارەکانی یەکسەرە دەکردنەوە. هەروەک چۆن بریکاری مونافەسەکە لە (بورما) سەری تێدا چوو و بزر بوو، چونکە خەریکی کەللە ڕەقی بوو.

تێری خۆی لە کاروباری حوکومەتەکانیان هەڵدەقورتاند و گەمەیان پێ بکات و ئەو ئیمتیازەی کە هی ئەو نەبوو لە دەستیان دەربێنێ و بەنرخێکی زۆر هەرزان بیکرێ. خەڵکی لە (شرق الادنی) پێکەنینیان بە(تێری) دەهات کە ببووە (فەناتیکەی بوزی)[(١)] یان جێگای بت و سەنەمی دروست کردبوو.

لە مالیزیاش تاجێکی پێشکەش بەسوڵتانی مالیزیا کرد، تا لە ڕێی ئەم دیارییەوە چەند کیلۆمەترێک دووجا لەو ناوچە جەنگەڵییە وەربگرێ، کە

(١): چوو بووە سەر دینی بوزییەکان.

هەر پاش ماوەیەکی کەم کانی نەوتی لە ژێر زەوییەکەیدا دیترایەوە و بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەموو ڕۆژێک (٣٠) سی هەزار بەرمیل نەوتی لێوە بەرێ دەکرا.

بەڵام لێرە لەم وڵاتە لێرەوارییەدا زۆر ئەستەمە بتوانی بەدیارییەک، جەنەڕاڵێکی لە خشتە بەری و ئەو ڕژێمە بگۆڕی. دانیشتنی دەگەڵ عومەر قادر و مۆنیجۆ بۆی سەلماند کە سوپایەکی زۆر ڕێکوپێک و بەهێزیان لەم وڵاتەدا هەیە.

لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاوای بۆ نیویۆرک نووسیبوو:

بەڕێزانم... دڵنیا بن لەوەی کە زۆر شت لەم وڵاتەدا گۆڕاوە، ئەگەر دەگەڵ هەشت ساڵ لەوەپێشیدا بەراورد بکەم، دەبێ بڵێم، تازە ئەوە بەسەر چووە لەم وڵاتە جەنگەڵییەدا پیاوی خاوەن دۆلار وەک نیوە خوایەک تەماشا کەن. ئێستا ئەم وڵاتە وای لێ هاتووە کە سەرەک کۆمار بەرژەوەندییەکانی وڵات زۆر لە سەروو بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە دادەنێ و پیلانەکانی ئەو (تێری) هەموو پووچ دەکاتەوە.

دیسانەوە دەڵێ: ئەگەر بەبێ ئەو ئیمتیازانەش هاتمەوە نیویۆرک ئێوە بەو ناوەی خۆمم بانگ مەکەن.

ئەوجا زەردەخەنەیەکی هاتێ و وێسکی دە پەرداغێ کرد و هەستا دەستی کرد بەجمناستیک کردنێ، تا بەڵکە ئێ تۆزێک بێتەوە سەر خۆی. ئینجا خۆی شوشت و چووە بن جێی.

تێری دەبێ بەهەموو هێز و توانایەوە خۆی ئامادەی ئەو چەند ڕۆژانەی داهاتوو بکات. چونکە هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی نەوت نزیکە دەست پێ بکات. بازرگانیش بازرگانییە ئیدی، جا چەند سەری تێدا لە ناو دەچێ ئەوە گرنگ نییە.

***

کاک عومەر دەیزانی، کە حەمید لەبەرچی هەموو ڕۆژێ لەگەڵ خۆرهەڵاتێ دەهاتەوە ماڵێ. حەمید کە دەهاتەوە یەکسەر دەچوو خۆی دەشوشت دوایە



دەگەڵ کاک عومەریدا لەسەر مافوورێ دادەنیشتن و بەخەڵووزێ چایان دەم دەکرد. خزمەتکارەکەشیان تا دەوروبەری سەعات شەش نەدەهات. کە چایەکەیان دەگەیشتێ یادی کوردستان و ئەو ڕۆژانەی ئەوێیان دەکردەوە.

ئەم نیشتمانە نوێیەیان مزگەوتی تێدا نەبوو و کەوتبوونە نێو ژیانێکی نوێی دیبەوە، غەمیان لەوە دەخوارد کە ئەو ئایینە پاک و خاوێنەی خۆیان لە نێو نیشتمانی خۆیاندا زۆر بەڕێکوپێکی گرتبوو، کەچی لێرە ئەوا دەبینن و هەستی پێ دەکەن، کە لێی کەمتەرخەمن و پشت گوێ خراوە. دەو دەمەیدا کە حەمیدیش باس و خواسی دوێ شەوێی دەگێڕایەوە کە تووشی چ بووە سەی گەورە (تێری) لە سەرشۆرکێ بەلیفکە و سابوونێ خۆی دەشوشت.

کاک عومەر کە گوێی لە قسەکانی حەمیدی دەبوو دەموچاوی تا دەهات گرژ و مۆن دەبۆوە و چرچ و لۆچی دەکەوتنە نێوچەوانی.

(کورد خیانەت لە ئاواڵی خۆی ناکات)

کاک عومەر ئەو قسانەی وە بیر هاتنەوە کە لە کاتی خۆیدا لە گۆڕەپانەکەی سلێمانی گوتران. زۆر بەڕێزەوە چاوێکی بەبەرگە سەربازییەکانیدا خشاند.

هەر کاتێکیش سەرەک کۆمار هەستی کردبایە کە ئەو دوو کوردانە هەست بەغەریبایەتی دەکەن یەکسەر پلە (رتبە)یەکی نوێی پێشکەش دەکردن. بەڵێ کاک عومەر و حەمیدیش وەک هەر مرۆڤێک، مرۆڤن و لەوانەیە لە ژیانیاندا تووشی هەڵە بن. بەڵام هەستان و دانیشتن و ڕەفتاریان پێ دەچوو و هەمیشەش هەروا بوو کە ملکەچی یاسا چیاییەکانیانن و هەموو کاتێک گیان لەسەر دەستی بەرگری کردنێ بوون و ئامادە بوون بەخوێنی خۆیان ژیانێکی نوێ و نوێتر بۆ خۆیان پێک بێنن. بەڵام ئەوان جیاوازییان هەبوو دەگەڵ کەسانێکی وا کە هەموو ژیانی خۆیان بەسەرەڕۆیی بەسەر بردبوو و هەمیشە پەیڕەوی یاسای کۆنی چیاکانی (نیشتمان)ەکەیان دەکرد. بۆیە بەهیچ جۆرێک و بەهیچ شێوەیەک خیانەتیان دەگەڵ ئاواڵی خۆیاندا نەدەکرد. بۆیە هەر دەبێ ئێمە هەروەک

خۆمان بین حەمید... چۆنین هەر وا بین. چونکە مۆنیجۆ لە ئێمە هیوا براونەبوو و متمانە و باوەڕی هەر پێمانە. دەگەڵ ئەو قسانەیدا کاک عومەر کەوتە تێکدانی چایە تاڵەکەی.

***

هێشتا بەو بەیانییە (تێری) خۆی بەو شتانەوە خەریک کردبوو و هەر خەریکی سێ و دوان بوو لەگەڵ خۆی، کە (مۆنیجۆ) (١٠) دە ملیۆن داوا دەکات، جا میستەر (تێری) تۆش هەر دەتەوێ (٣) سێ ملیۆنان بدەی.

– من دەمەوێ پێت بڵێم کە ئەو ئیمتیازانەت بە(٢) دوو ملیۆن بۆ جێبەجێ دەکەم.

تێری هەر لە جێگای خۆیەوە سەری لێی سوڕما. هێندەی نەمابوو دەست لە خنخنۆکی (پێترۆز)ی بنێ. بەڵام تێری وای خۆ پیشان دا کە ئەوە شتێکی کتوپڕ نییە کە گوێی لەوە دەبێ، چونکە پێترۆز جارێکی دیشی لە پێشبڕکەی غاردانی ئەسپاندا ئەوەی گوتبوو و قسەی لەسەر کردبوو. دیارە هەر هەمان شتە و هەر هەمان قسەیە. تۆ دەڵێی دوو ملیۆن دۆلار، ئەوجا تێری فیتوویەکی درێژی لێدا.

پێترۆز دەستی خستبووە سەر ئەژنۆی و دووبارەی کردەوە: میستەر تێری من کە دەڵێم دوو ملیۆن، هەر مەبەستم دوو ملیۆنە و تەنها دوو ملیۆن داوا دەکەم.

زۆر بەداخەوە... بەداخەوە کە من ناتوانم بۆ ئەو ئیمتیازە دوو ملیۆن دۆلار بدەمە جەنابت، لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرەک کۆمار داوای (١٠) دە ملیۆنم لێ دەکات، ئامادەم بۆ ئەو (٣) سێ ملیۆنان قوربان کەم. تێری خاوەنی ئەزموون بوو زۆربەی زۆری ژیانی خۆی لەو جۆرە سەودایانەدا بەسەر بردبوو. بەلایەوە سەیریش بوو و سەیریش نەبوو، کە ئەوە یەکەم جارە لە پێنجەمین دانیشتندا وا بەخۆشی و ڕازی بوونەوە هەستێت و کۆتایی پێ بێنن.

لەوانەیە (پێترۆز) بیر لەوە بکاتەوە کە بەکودەتایەک بێتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی و ئەوجا ئەو ئیمتیازانەم بەگران پێ بفرۆشێ، بەڵام ئێستا



دەیەوێ پشتی ئەو هەوڵەی بەپارە و پوولی من بکات.

تێری وەکو گەورە پیاوێک، بەبێ ئەوەی لە ڕووی پێترۆزدا، دابمێنێت و شەرمی لێ بکات، ڕاستە و ڕاست لە دەستی نا، کە گومانی لە گفت و بەڵێنەکانی ئەو هەیە. بەڵام پێترۆز ئەوەی بەڕووشکاندنەوە وەرنەگرت و خۆی لێ گێل کرد و گوتی: بەڕێز تێری من وای بۆ دەچم کە تۆ گومانێکت هەبێ، بۆیە زۆر بەمەترسییەوە بۆ مەسەلەکان دێیت...!؟. بۆیە دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم، کە من هەرگیز بیر لە کودەتا ناکەمەوە و نامەوێ خوێن بڕژێ. من پێم خۆشە هەموو گیروگرفتێک، هەمیشە بەئارامی کۆتایی پێ بێت و هەرگیزیش وا لە من مەگە، کە لە ئاژاوە و شەڕ و ناخۆشییان بگەڕێم، بەڕێز تێری. وا دیارە لە بیرت چۆتەوە کە ئێستا ئێمە لە وڵاتێکی پێشکەوتووی شارستانیدا دەژین کە یاسا و ڕێسا و دەستووری هەیە و پشتی بەسوپایەکی زۆر ڕێکوپێک و بەهێز قایمە. کە هەر دژایەتییەکی بەرامبەر بکرێ زیندە بەچاڵ دەکرێ.

بەڕێز تێری وا دیارە تۆ ئەم گەلە ناناسی، ئەو گەلەی کە ئەندامانی پەرلەمانی خۆی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، پێدەچێ لەوە بەهەڵە چووبی کە داوای مافی سامانی سروشتی خۆی دەکات. کە مافی خۆشیەتی ئەو ئیمتیازاتانەی هەموو دەست کەوێتەوە. ئەم گەلە، گەلێکە کە سەرەک کۆمارەکەیان لە کرۆکی دڵیانەوە خۆش دەوێ کە فەرمانڕەواییان دەکات. هەروەها دەبێ ئێمە زۆر وریا بین لەو مونافەسە و مونافەسەکارییانەدا تووشی گیروگرفتی سیاسەتەکانی دەرەوە نەبین و تێوە نەگلێین. چونکە سەرەک کۆمار بۆ خۆی هەموو یاسا کۆنەکانی سڕینەوە و لای بردن و دەستوورێکی نوێتری لە ڕێگای پەرلەمانەوە پیادە کردووە کە هەموو لایەنەکانی کاروباری ئەم وڵاتە بگرێتەوە. بەپێی ئەو بڕیارانە مۆنیجۆ هەموو دەسەڵاتێکی داوە بەپەرلەمان، کە بەهەموو جۆرێک قەڵاچۆی دز و جەردە و ئابووری خراپ و بەرتیل خواردن بکرێ و ئەو ناو و ناوبانگە خراپەی کە بەدوای وڵاتەکەمانەوەیە بسڕنەوە و کەوتە هەوڵدانی پەیوەندی نێو دەوڵەتی و گرێدانی گرێبەندی بازرگانی نێو دەوڵەتی... بەڕێز تێری.

لێرە هیچ کودەتایەک سەر ناگرێ، چونکە هیچ ژەنەڕاڵێک نییە بتوانێ بەرامبەر هێزی ئاسایش ڕاوەستێ. تەنانەت مردنی کتوپڕی سەرەک کۆماریش هیچ لە ئاریشەکان ناگۆڕێ چونکە هەموو شتێک بڕیاری خۆی لەسەر دراوە.

بێجگە لە دەفتەری چەک (صک) و پشووی درێژی تێری، چەکێکی تریشی بەدەستەوە بوو و لێگەڕا ئەو پیاوەی دژیەتی لە بازرگانیدا، بەبێ ڕاوەستان و بێ ئەوەی قسەی پێ ببڕێ چەند سەعاتێکان، هەر قسە بکات. چونکە لەوە گەیشتبوو کە ئەو پیاوە زۆری خۆ پێ زل و گەورەیە و زۆریشی خۆ پێ زیرەکە، بێ ئەوەی ئاگای لەوە بێ کە تێری خەتی بۆ لە بن هەموو قسەکانی داوە.

تێری گوتی: لە کاتی قاوەڵتیدا دەتوانی ئەو پێشنیارانەی ئیشت تێدا کردوون بیانهێنی و پێشانیان بدەی. ئەگەر قەناعەتم بەو ئەنجامدانی کارانە هات، ئەوە ئامادەم پارەیەکی زۆرت بخەمە بەردەست بۆ ئەوەی بتوانی هێڵە پێویستییەکانی خۆتی پێ جێبەجێ بکەیت و ئەو پارەیەی دەشمێنێتەوە، کەی ئیمتیازاتەکانم پێ گەیشت، ئەوا ئەویشت دەدەمێ، دەنا پێش ئەوە نا.

بەڕێز تێری... ئەگەر تۆ باوەڕ و متمانەت بەوەزارەتی ناوخۆ نییە، ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بەمتمانە و باوەڕی لای منەوە نییە. بۆیە پێم خۆشە متمانەت بەمن هەبێ.

بەڕێز من دەبێ یەک ملیۆنم بەدەستەوە بێ، دەنا بازرگانی ناکرێ. هەروەها من دەبێ زۆر خەرجی تریشم هەبێ، تۆ دەبێ بەڕاستی شارەزای ڕژێمی ئێمە بی.

ڕۆژ تەواوێک بڵند بوو، کە بەڕێزان تێری و پێترۆز دەستیان دەناو دەستی یەک نا، گفتیان دا کە تا چواردە ڕۆژی دی دەست بەبازرگانی بکەن، ئەویش لە وڵاتێکدا کە هەموو هەوڵێکی ئەوەیە بەئامانجەکانی خۆی بگات.

بەڕێز تێری... دڵنیابە و هیچ دڵ لە دڵیش مەدە، کە ئەوە هەر سەر



دەگرێ. وە دەتوانم پێت بڵێم کە کۆمەڵگای ئێمە بەو بارەدا هیچی لێ کەم نابێتەوە کە نرخی ئەو خزمەتە بەنرخەی تۆ بگرن و بەهایەکەی بزانن.

ڕووخۆش... تێری بەڕێز و ڕووخۆش... وەک دەبینی من وەکو بازرگانێک حیسابم بۆ هەموو شتێک کردبوو.

تێری دەستی لە بەرکی ڕاکرد و قەڵەم پاندانەکەی دەرێنا و چەکێکی دوو ملیۆن دۆلاری نووسی و دایە دەستی.

دوایە برووسکەیەکی بۆ نیویۆرک لێدا کە بەشێوەیەکی کاتی ئەو گرێبەندیە تەواو بووە.

سەرەک کۆماری ئەو وڵاتە بەحەز و ئارەزووی خۆیەتی کە تا مردن لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی بمێنێتەوە یان واز بێنێ و بۆ خۆی کورسییەکەی بەجێ بهێڵێ، چونکە نە ئەنجومەنی وەزیران و نە پەرلەمان ناتوانن بڕیاری لەسەر کارلادانی بدەن. هەر بۆیە مۆنیجۆ لەم بارەیەوە قسەی دەگەڵ عومەر قادر و حەمیددا کرد.

سەرەک کۆمار قسەی بەسەر هەمووناندا دەڕوات، هەر بۆیە دەبێ زۆر وریا بێت تا زیان بەدوژمنەکانی نەگەیەنێت و نەهێڵێ خوێن برژێ.

حەمید لەگەڵ گەردی بەیانی لە یانە و قومارخانەکانەوە هاتەوە ماڵێ و ئەوەی دیتبووی و ئەوەی بیستبووی هەمووی سەرلەبەر بۆ کاک عومەر قادری گێڕایەوە. کاک عومەریش دوای تێبینی و باری سەرنجی خۆی دوای نیوەڕۆیە لە کاتی چا خواردنەوێدا ئەوانەی هەموو بەسەرەک کۆمار ڕاگەیاند.

– بەڕێز سەرەک کۆمار تۆ ئەو دەستوورەت داناوە کە ئەوەی سەرپێچی یان خیانەت دەگەڵ وڵات بکات ئەوە بۆ ماوەی (١٥) پازدە ساڵان دەخرێتە زیندانەوە.

– خیانەت بەوڵات... خیانەت بەوڵات

مۆنیجۆ بەسەیرەوە دەستی بڵند کرد... بەڵێ ئەگەر پیاو ئەو خیانەتەی بۆ دەرکەوت. بەڵام خۆ وازهێنانی وەزیران و ئەندامانی پەرلەمان ناچنە ناو

خانەی خیانەت بەدەوڵەتەوە... عومەر قادر تۆ ڕاست دەکەی کە من ئەو دەستوورەم داناوە و تێشیدا هاتووە کە هەر (٤) چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان و وەزیران لە لایەن گەلەوە ئەنجام دەدرێت. تێری بەخۆی و لایەنگرەکانیەوە دەستی لەو هەموو دەست لە کارکێشانەوانەی ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکاندا هەیە عومەر، خۆ تۆش دەزانی مەسەلەکە چییە، بەڵام دەتوانی نەهێڵی وازبێنن و دەست لە کارەکانیان نەکێشنەوە...!؟.

ئەو ئەندامە نوێیانەش کە جێگای ئەوان دەگرنەوە، هەر لە لایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێن و بۆ ئێمەش باشتر، خۆ هیچیشیان دەگەڵەمە پێ ناکرێ. خۆ ئەگەر ئەو ژەنەراڵانەش هاتوو لە خشتە بران و نیازی کودەتایان بوو، ئەوا ئێمە پێشانیان دەدەین کە بارودۆخەکە چۆن دەپارێزین و ڕزگاری دەکەین.

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، کە پەرلەمان هەڵوەشایەوە، دەبێ سوپا هەڵوێست وەربگرێ، بەڵام هەڵوێستێکی هێمن و لەسەرخۆییانە، خۆ ئەگەر هات و هیچ پێشهاتێکی تریش ڕوویدا و سوپا هێرشی برد، دەبێ بەهەموو توانا و بەهەموو شێوەیەک هەوڵ بدرێ شەڕی ناوەخۆ (الحرب الاهلي) ڕوو نەدا.

من ڕێگای ئەوە بەخۆم نادەم هێزی سوپا بەکار بهێنم، هەر بەتالیۆنێکیش سەربەخۆ بێتە ناو ڕووداوەکانەوە، ئەوە ڕاستەوخۆ باوەڕی گەل بەخۆمان دەدۆڕێنین و لەوانەیە بەلایەنی کەمەوە (١٠) دە ساڵ دواکەوین. ئەمە جگە لەوەش دەبێ من فەرمانڕەواییەکی توند و تیژانە بکەم و ناو و ناوبانگم بەخراپە بڕوا، چونکە بەکارهێنانی ئەو بەتالیۆنانە دژی ڕاپەڕین و ویستی میللەت شتێکی نایاسایی و نائاساییە و بەلای زۆری و زۆرداریدا دەشکێتەوە ، خراپ لە قەڵەم دەدرێ.

نەخێر عومەر، ئێمە بەهیچ جۆرێک نابێ ئەوە بکەین، دەبێ جارێ چاوەڕوان بین. هەروا چەند ڕۆژێکی دیکەیە، پیلانەکانی (میستەر تێری – Mr. Terry)مان هەموو بۆ ئاشکرا دەبن.



عومەر قادر لەوە دڵنیا بوو کە هەر بەسەعاتێک ئەو بگرە و بەردە و ئاریشەیە زیندە بەچاڵ دەکا، بەڵام بڵێ چی کە خوو و ڕەوشت و خدە و نەریتی ڕۆژهەڵاتییانەی دەستی بەستووە و نایەوێ گوریس بپسێنێ. خۆ دەنا ئەوە بەچاوی خۆی دەبینێ کە جموجۆڵ و چالاکییەکی نارەوا خەریکە تەشەنە دەکات و مەبەستیش سەری سەرکۆمارە، کەچی ئەو هەر دەڵێ من لە پێناوی فەرمانڕەوایی خۆمدا نامەوێ خوێن بڕژێ. ئەو گەلە زوو یا درەنگ هەڵەکان دەدۆزنەوە و بیر لەوە هەر دەکەنەوە چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە.

مۆنیجۆ تەماشای ناو چاوی عومەری کرد و لەسەرخۆ گوتی: لەوانەیە ئێستا هەردووکمان وەکو یەک بیر بکەینەوە، کە پیاو دەبێ شتێکیان هەر پێ پێشان بدات. هەڵێکیش بدەینە ئەو بەتالیۆنانە، تا بیسەلمێنن ئەو هەموو مەشقە توند و تۆڵانەیان هەروا بەخۆڕایی نەکردووە. تۆش پێت خۆشە بەنارنجۆکان ڕاوەدووی هەندێ کەس و شتی دیکە بنێی، جیا لەوەی کە لە گۆڕەپانی مەشق کردنێدا کەپر و مەپرت پێ دەتەقاندنەوە. خۆ دەبێ ئەوانەی زۆریان خۆ پێ گەورە و سیاسی و گرنگە ترسێکی وایان پێشان بدەین کە جارێکی دی بەپلە و پایەی خۆیان و حیزبەکانیانەوە نەنازن.

عومەر گوتی: دەتەوێ وا بکەی...؟ تۆش وات پێخۆشە؟

بەڵێ، بەڵێ من باش لە تۆ دەگەم کە دەتەوێ هەست و ویژدانم بجووڵێنی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێمە ئەوە هەر ناکەین و ڕێی ئەوەش بەخۆمان نادەین. من دەمەوێ دەوڵەتێکی دەستووری دابمەزرێنم نەک دەوڵەتێکی دیکتاتۆری و توند و تیژ. چونکە من دەمەوێ دەسەڵات و فەرمانڕەواییم بەردەوام بێت. وە تۆ دەبێ ئەوە باش بزانی، کە تێری و ئەوانەی لە پشتیشیەوەن و هەروەها ڕۆژنامەکانی دەرەوەی وڵاتیش هەموو هەر هێرشمان دەکەنە سەرێ، ئەوە جارێ هیچمان نەکردووە بەتاوانبار و جەردە و بەکۆمەڵ کوژی و خوێنە سەگمان لە قەڵەم دەدەن، جا ئەدی ئەگەر دەستێک بوەشێنین، ئەو دەم ڕاستەوخۆ نەفرەتمان لێدەکەن و بەخوێنمژمان دەژمێرن و ئەو دەم ئەمانە هەموو دەبنە هۆی هەوڵدانی کودەتا و

سەرکەوتنیشی.

جاران پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر کەس خۆی بەسیاسەتی ناوخۆی ئێمەوە خەریک نەدەکرد، کەچی ئەمڕۆ ڕاست بووینەتە (کرۆکی پیلانەکانی ئەمەریکا) جا ئەگەر بێت و ئێمە ئەوە بسەلمێنین کە سەربەستین لە وڵاتەکەی خۆماندا، ئەوا زۆر بەچاکی دەتوانین سیاسەت و ئابووریمان بەسەربەخۆیی بهێننەوە و بەردەوامیش بن.

ڕەنگە تێری لە خولی یەکەمدا بیباتەوە و بەرەندە بێت، بەڵام باوەڕ بکە، عومەر قادر کە هەر ئێمە بەرەندەی خولی دووەمین و دەیبەینەوە.

ئەو دەم هەر ژەنەڕاڵەکان دەمێننەوە، خۆیان و کودەتایان، جا ئەو دەم بەبێ خوێن ڕشتن دەبێ کارێکی وایان بەسەر بهێنرێ بۆ خۆشیان نەزانن لە کوێوە هاتوون و بۆ کوێ دەچن.

کاک عومەر و حەمید بەئومێد و هیوای سەرکەوتنی پاشەڕۆژێوە لە ماڵی سەرەک کۆمار هاتنە دەرێ، بەرەو ماڵەکەی خۆیان.



## پاژی یازدەهەم

## کودەتا هەر دەبێ ڕووبدات

پێیەکان لە هەژاریدا چەقیون و تەنیا سەرێکیش تاجی زێڕی لەسەرە.
خەڵکەکە لە بەردەمی کۆشکی کۆماریدا (calle desevilla) ئەو دروشمانەیان دەدا و هاواریان دەکرد، ئەو ڕێپێوان و خۆپیشاندانە، لە خانووە قوڕەکانەوە کە جووتیار و کرێکار و وەرزێر و هەژارەکانی تێدا دەژیا دەستی پێ کردبوو وردە وردە تا دەهات لە دەوروپشتی شاری نزیک دەبۆوە. لە ناو شاریشدا کە بازرگان و دووکاندارەکانی تێدا دەژیا ڕێپێوان پێ بەپێ دەڕۆیشتە پێشێ تا دەگەیشتە خانوو و بەرەو کۆشک و تەلارەکانی میری کە هەر چوار دەورەیان بەدار و درەخت و باخچەی سەوز و سوور ڕازابووەوە.

خەڵکەکە دەیانگوت، بەڕاستی سەرکەوتن بەسەر شاخاندا زۆر لەسەرخۆ و گرانە بەڵام هاتنە خوارەوەی زۆر ئاسان و خێرایە.

سیاسییە میانەڕەوەکان هەوڵیان دەدا لە ناوەندی شاخییەوە دەست پێ بکەن و بگەنە کۆشکی کۆماری، بەڵام زۆر پێ نەدەچوو، بەدەستوبردی بەرەو خوار دەبوونەوە. ئێستگەی شەمەندەفەر کەوتبووە نێو دەشتاییەکانی گرد و تەپۆلکەکانەوە و لە پشت ئێستگەکەشەوە، ئەوە خانووی لە تەختە و دار دروستکراوی هەژارەکان بوو. مۆنیجۆ لە بەر پەنجەرەی ژووری کارکردنەکەیەوە دەیڕوانییە خوار کۆشکی کۆماری. لەو ماوەیەدا زۆر شت گۆڕاوە. بەسەدەها ئاڵای، سپی و شین و زەرد و سوور پلاکارتی هەمەجۆر هەڵدرابوون و لەسەر شەقامەکان با دەیشەکاندنەوە و بەوشەی گەورە گەورەش ناوی ئەو پاڵێوراوانەیان لەسەر نووسرابوو کە خۆیان بۆ هەڵبژاردنێ کاندید کردبوو.

ئەوە یەکەم جارە ئەو وڵاتە بێتە گۆڕەپانی هەڵبژاردنێ، بۆ دەنگدان.

وەزیری لێکەوتوو پێترۆز بەو پارەیەی کە لە تێری وەرگرتبوو، کەوتبووە پروپاگەندەیەکی ئەوتۆ کە هەموو وەزیر و ئەندامەکانی پەرلەمانی هاندابوو داوای ئەوە بکەن کە دەبێ گەل خۆی بۆ خۆی میری نوێ بۆ خۆی هەڵبژێری

و پێترۆز کردبوویە قاو کە مۆنیجۆ لێ ناگەڕێ (پیت و فەڕ و خێر و بێری ئەو وڵاتە پیشەسازییە دەوڵەمەند و بەهێزە بێتە وڵاتەکەمانەوە و خێری لێ ببینین)[1].

لە هەموو لایەکی ئەم وڵاتە و لە هەموو کەلێن و قوژبنێکدا، لە (بارەگای پارتییەکان، لە ناو سوپا، لە ناو دەوڵەمەند و بازرگانەکان، لە نادی و چاخانەکان، لە نێو بازاڕیدا، هات و هاوار و بانگ و بانگەواز هەر (پارە... پارە... پارە)... (نەوت... نەوت) بوو و هیچی دی چونکە دنیا هەموو روو لە پێشکەوتنە و ئێمەش دەبێ دەست لە ناو دەستی یەک نێین و نەوت لە ناوچە نەوتییەکانمان دەربێنین تا ئەم گەل و وڵاتە خێری لێ ببینن.

هەر بژی پێترۆز، پێترۆز دۆستی گەلە... پێترۆز مایەی پیت و فەڕە، هەر بژی پێترۆز... هەر بژی پێترۆز...

ئەو هات و هاوار و دروشم لێدانانە دەگەیشتە ناو (کۆشکی کۆماری). ئەو دەنگە دەنگ و هات و هاوارانە دەتگوت شارە زەنگەسوورەیە و ورووژاوە و لە گوێی سەرەک کۆماردا کە لە ژوورەکەی خۆیدا و لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتبۆوە دەنگی دەدایەوە.

باشە ئەوە چییە؟! خۆ من کە لە سەرووی هەموانەوە دانیشتووم ئەو گەلە وا پەروەردە بکەم کە فێر بن و متمانەیان بێت کە ئەو یاسا و دەستوورانەمان هیچ فرتوفێڵێکیان تێدا نییە و بەهیچ شێوەیەک دژی ئەم گەلە نییە... من پێم وابوو بەو فەرمان و یاسا و دەستوورانە دەتوانین پلە و پایەی ئەم وڵاتە بەرز کەینەوە و لەبەر چاوی دیمۆکراتییەتی وڵاتێکی وەکو ئەمەریکادا دەبێتە جێی ڕێز و نوازش، کەچی لەجیاتی ئەوەی ئەو گەلە سوپاسی من بکەن لەسەر ئەو هەموو ماندووبوونەم، دێن ئەو جۆرە خۆپیشاندان و دروشمانە ساز دەکەن.

مۆنیجۆ سەرقاڵی ئەوە بوو کە یاسایەکی نوێ بۆ باج و خەراج و مۆری

(١) مەبەستی ئەمەریکایە.



باج دابنێ. ئەو تا ئێستا بەپێی یاسا وازی لە پلە و پایەی خۆی نەهێنابوو، کەچی لە ناو شاردا دەقیقە ژمێری ماڵئاواییبیان دەکرد.

کە دەشیان گوت... پێترۆز... ڕزگاری گەلە... لەبەر هێندێ بوو کە لەو چەند ڕۆژانەدا زۆر لە پێویست زیاتر خۆی ماندوو کردبوو و بیروبەوێدا هەڵسووڕابوو، تەنانەت لە وەزیریشیدا هەرگیز نیو هێندە ماندوو نەببوو، و خەڵکێکی زۆریشی خستبووە سەر کار و دامەزراندبوون و گفت و بەڵێنێکی زۆریشی بیروبەوێدا تەخشان و پەخشان کردبوو.

پێترۆز بەرپرسی لیژنەی هەڵبژاردن بوو بەناوونیشانی سەرۆکی لیژنەی هەڵبژاردن. لە شەقامی سەرەکی و لە نهۆمی خواری خوارەوەشدا کە پێشان گەنجینە (مەخزەن)ی بازرگانێک بوو (نووسینگەیەکی هەڵبژاردن)ی تێدا کردبۆوە، کە بۆ خۆی سەرکردایەتی هەڵبژاردنی هەموو لایەکی ئەو وڵاتەی تێدا دەکرد. فەرمانی دا مێزێکی گەورە و کورسییەکی قەنەفەی لە بۆ دابنێن و هۆڵە گەورەکەی تەنیشت ژوورەکەی خۆشی پڕ کرد لە کورسی و مێز و تەپڵەک. هۆڵێکیشیان بۆ خواردن و خواردنەوەی پیاوە سیاسییەکانی ناوچەی قەزا و ناحیەکان و ئەوانەی بەبانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە خەریکن ڕازاندەوە. ئەو هونەرمەندەی کاتی خۆشی کە کۆشکی کۆماری بەزەرد و شین ڕەنگ کردبوو و ڕازاندبوویەوە، بانگی کرد و لەسەر پارچەیەکی قوماشی شەش مەتری بەناوی (پێترۆز فیلاستی... سەرۆکی هەڵبژاردن)ەوە پێ نووسی.

شەش سەربازی لە پێش دەرگای سەرەکییەوە دانابوون، هەر کەسێ چووبایە ژوورێ دەیان پشکنی و پرسیاری چەکیان لێ دەکرد.

پێترۆز (٤) چوار دانە تەلەفۆنی لە پێشە خۆی دانابوو و (٣) سێ سکرتێر بەتەنیا تێبینییەکانی ئەویان دەنووسی و چوارەمیشیان پارەی هەڵگرتبوو. کە پێترۆز پارەی بدابایە هەر کەسێک ئەوا لە تۆماری تایبەتیدا دەنووسرا.

پێترۆز هەر خەریکی کۆبوونەوەی گەل و بەرپرسە سیاسییەکان و لێپرسراوە گەورەکان بوو. جوێنی دەدا و سوێندی دەخوارد و دەپاڕایەوە، و

فەرمانی دەردەکرد، و دایدەمەزراند، و کەچی لە دواییدا هەمووی تێکدەدانەوە.

لە لایەکی دیکەوە پێترۆز دەهات لە ناو خەڵکەکە، دەستی بەسەری جووتیارێکدا دێنا و لە حاڵ و باڵ و ماڵ و منداڵ و کاروباری فەلاحەتی و گوزەرانی دەپرسی، هەر دوای سێ چوار دەقیقانیش پیاوێکی دیکەی بەدەستی خۆی لە هۆڵەکە دەردەکردە دەرێ، ئەوە چییە، چونکە ئەو پیاوە ئەوی بەپیاوێکی خراپ ناسیوە.

هەر لەوێدا تۆماری حیسابەکانی هەموو شڕ و وڕ کرد و دڕاندی.

ڕووی لە کابرایەکی جووتیاری دیکە کرد و گوتی... ئایا هێزی ئاسایش چەند نارنجۆکیان فڕێداوەتە ناو باغی مۆزەکانت، چەندیان لێ قەڵت و بڕ کردوون و شکاندوویانەوە، هەشت یان دوازدە...؟. ئێمە دەڵێین (٢٠) بیست دار مۆزیان شکاندووە و دەغڵ و دانی ئەو ساڵیشت فت. بەڵام گوێ مەدەیە مۆنیجۆ بۆت قەرەبوو دەکاتەوە... کەچی لە ڕاستیشدا ئەو پیاوە تەنانەت هەر یەک دار مۆزی شکابوو.

دیسانەوە گوتی: بەملیۆنان ئۆتومبێل و هەزاران فڕۆکە و سەدەها سوپای گەورە بەبێ بەنزین هیچی پێ ناکرێ... ئێمە پێترۆڵمان هەیە، و وا چاخی زێڕین خەریکە دەست پێ دەکات بەرێزان... ئێمە کلیلی دەوڵەمەندیمان بەدەستەوەیە، بەڵام بەداخەوە مۆنیجۆ لێ ناگەڕێ خێری لێ ببینین. مۆنیجۆ فێڵ لەو خەڵکە دەکات، ئەویش تەنیا هەر لەبەر بەرژەوەندی خۆی. خۆ ئەگەر ئاواڵە ئەمریکییەکانمان ڕێ بدرێن و بەزووترین کات ئەو بیرە نەوتانە لێبدرێن ئەوا زێڕی ڕەش فیچقەی دەکات و ئەو دەم ئێمەش دەتوانین دەست بکەین بەدروستکردنی ڕێگا و بان و بەنداو و پرد و هێڵی شەمەندەفەر لە نێو وڵاتەکەماندا.

برادەران: ئینجا تانکەرەکانمان ئەو نەوتە دەگوێزنەوە بەندەرەکانمان و لەوێش بەپاپۆڕی نەوت هەڵگر ئەمەریکییەکان دەیبەن. ئەمە جگە لەوەی کە پێترۆز وەختی خۆی بەجحێڵی لە کۆمپانیای نەوتی مەکسیکی کاری کردبوو و زۆر باشی دەزانی کە ئەو نەوتە هیچ خێر و بێرێکی بۆ



کرێکارەکانی شەریکەی نەوت نییە و زۆر چاکیشی دەزانی کە بەشێکی زۆر کەمی قازانجەکەی نەبێ، دەنا ئەوەی دی هەمووی دەچێتە بەرکی بێگانەوە. بەڵام حەزە شێتانەکەی دەوڵەمەندی پرزەی لە پێترۆز بڕیبوو، هەر لەوەدەمەیرا کە پارەشی لە تێری وەرگرتبوو، ئەوە بەسەد هەزار نەبایە حیسابی نەدەکرد. بەبەشێکی دیکەی ئەو پارەیەشی هێندێک زەویوزاری لە ناوچەی (ڕۆزاریا) کڕیبوو، و جووتیارەکانیشی وا لە خشتە بردبوو کە نەوت لەو ناوچانەدا دۆزراوەتەوە.

***

تێری پیاوێکی بەئاوەز و دانا و زانا بوو، هەمیشە پشتی ئەو کەسانەی دەگرت کە لەگەڵیدا بوون.

چەند ڕۆژێک بوو، بەسواری بەناو ئەو شاخ و داخ و ناو لێڕەوارانەشدا دەسووڕایەوە و ماوەیەکی دەو نێوەیدا بەگەڕانێ بەسەربرد. باش لەوەش گەیشتبوو کە هەموو ئەو پڕوپاگەندە و بانگەشانەش هەمووی هەر بۆ ئەوەیە دەنگ بدەنە پێترۆزی بۆ سەرەک پەرلەمانییەی.

تێری بەزانایی خۆی دڵ و دەروون و هەست و ناخی ئەو خەڵکەی دەخوێندەوە، و بەلاشیەوە گرنگ نەبوو کە داخوا پێترۆز چ لەو پارەیە دەکات یان نا، ئەو ئەوەی بەلاوە گرنگ بوو باش و خراپ دەنگ بۆ ئەو بدەن.

تێری هەر چاوەڕێی ئەوە بوو کە هەڵبژاردن تەواو بوو ئیدی پەرلەمان یەکسەر ئەو ئیمتیازانە هەمووی مۆر دەکا و متمانەیان دەداتێ، جا ئەو دەم تێری بەفڕۆکە بەسەر ئەو ناوچە نەوتییانە دەکەوێتە هاتوچۆ و فڕین.

تێری لە ئەمەریکا هەر تەنیا بەوتەبێژ و قسەزان ناسرابوو، تا ئەوەی بەپیاوێکی ستراتیژی نەوت بناسرێ. تێری بیروباوەڕی وابوو کە ئەو وڵاتە بچکۆلانە وەک بووکە شووشەی منداڵانن و دەتوانێ زۆر بەئاسانی بیانهێنێ و بیانبا و گەمەیان پێ بکات.

خۆ ئەگەر پێترۆزیش پێی وایە لە جیاتی چەند کیلۆمەترێکی زەویوزاری لێڕەواری ئەم وڵاتە داوای نرخێکی زۆر بکات، ئەوە خەیاڵی خاوە و زیندە

خەونان دەبینێ.

زەردەخەنەیەکی هاتێ و پاشان نیشانەی لە شەپقەی سەر داهۆڵێکی سەر جۆخینێکی گرت کە بۆ ترساندنی باڵندانیان چەقاندبوو، و دەگەڵ تەقەی تفەنگێ شەپقەی سەری داهۆڵەی بەربۆوە، هەر دەگەڵ کەوتنی شەپقەکەیدا تێری گوتی: (لەم وڵاتەدا دەبێ سەر ئاوا بکەون). ئەوجا تفەنگەکەی شۆڕ کردەوە و بەناو جۆخینی جووتیارەکاندا تێپەڕی.

سەرلەبەیانی سبەی ئەو ڕۆژە نزیکەی سەعاتێک باران باری. ساڵی پایتەخت هەوای زۆر خۆش و سروشتی بوو، گەرمای ئەو ڕۆژە هەڵمێکی ئەستووری سپی دەنێو ئەو دارستانەدا دەماندبوو. پێشکە سووره ژیانیان بەخەڵکی ناو باڵکۆنەکان نەهێشتبوو، هەر بۆیە مۆنیجۆ و عومەر قادر و حەمید چوونەوە ژوورێ و هەروەها ئەوانەی کە دەستە و دایەرەی مۆنیجۆش بوون، ئەوانیش لە باڵکۆنەکان کشینەوە و چوونە ژوورێ و پەنجەرە بەتەلە هێڵەک گیراوەکانیان پێوەدان.

هەر وا تەقەی خۆشی و دەنگی تەقینی هاوەنەکان بوو لە شەقامەکانەوە دەهات و بەسەر ماڵاندا ڕەت دەبوو، و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و بەزم و ڕەزم و سروودی نیشتمانی لە هەموو لایەکەوە بەخۆشی هەڵبژاردنی یەکەم جاری ئەم گەلەوە دەگوترا.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، (٣) سێ لە ئەندامەکانی پەرلەمان خزمی نزیکی پێترۆزن و دووانیشیان ژنەکانیان خزمی پێترۆزیە. حەوتیشیان لە پارتی گەلی پێترۆزین و ئێمە تەنها شەش کەسمان لە خۆمانە، جا ئەوە مانای وایە دوازدە بە شەشین. کەواتە زۆر بەئاسانی بڕیار لەسەر گرێبەندی ئەو ئیمتیازانە دەدرێت.

ئەو گەسکە نوێیانە هەرچی فەرمانگەکانە هەمووان خاوێن دەکەنەوە، چونکە هەموو خزم و کەس و لە خێزانی پێترۆزین. پێترۆزیش پشتی دەگرتن و هانی دەدان کە پلە و پایەی گەورە و جێی بەرز وەربگرن.

پێترۆز خۆی لە هەڵبژاردن و خۆ کاندیدا کردنێ دزیەوە، تا بۆ خەڵکی بسەلمێنێ کە ئەو لەبەر بەرژەوەندی گەل و نیشتمان نایەوێ هەڵیبژێرن، خۆ



ئەو وەک مۆنیجۆ نییە خەڵکی چاوەڕێی بن ماڵئاوایی بکات و سەرەک کۆماری بەجێ بێڵێ. ئەو گەلە دەزانێ کە پێویستی بەپیاوێکی چاپووکی وا هەیە کە بتوانێ باری سیاسی و ئابووری بەڕێوە ببات، پیاوێک بێ وەک پێترۆز. دەستە و دایەرەی مۆنیجۆ لە کۆشکی کۆماری هاتنە دەرێ.

مۆنیجۆ گوتی: عومەر قادر بەو زووانە کارمان دەبێ.

کاک عومەر گوتی: ئینشاڵڵا...

دەگەڵ سەرەک مۆنیجۆ چوونە ژووری نانخواردنێ، حەمید لەوێ دانیشتبوو و خەریکی دراسەکردنی نەخشەی پایتەخت و دەوروبەری پایتەخت بوو. لەو چەند ڕۆژانەی داهاتوودا خۆشنووسەکان دەست دەکەن بەسڕینەوەی ناوی وەزیرە کۆنەکان و نووسینەوەی ناوی وەزیرە نوێیەکان. دەبێ کورسییەکانی پەرلەمانیش دابەش بکرێنەوە و سوێندخواردنی حکومەتی نوێش دەست پێ دەکات.

عومەر قادر لێگەڕا کە بەتالیۆنێکی تۆپخانە بەئۆتومبێلی سەربازی بەپێش کۆشکی کۆماریدا ڕەت ببێ و سەربازەکان بەچوار دەوری هۆڵی کۆبوونەوەدا هەریەکە بەخۆ و نارنجۆکی بەر پشتێ و سونگی بەدەست هەریەکە لە جێی خۆی بڵاو بوونەوە.

سوێندخواردنی ئەو کاربەدەستانە دەستی پێ کرد کە هەمیشە بەئەمەک و دڵسۆز بن بۆ یاسا و ئاڵای ئەو نیشتمانە و ڕێزی دەستوور بگرن.

زیاد لە دڵێک بەپەرۆشی ئەو سەرەک کۆمارەوە (مۆنیجۆ) بوون، کە چۆنی فەرمانڕەوایی دەکرد و چۆنی هێزی ئاسایش لە پشتەوە ڕاوەستاوە.

پاش دوو ڕۆژ دارودەستەی پێترۆز لە پەرلەماندا هاتنە سەر مەسەلەی ئیمتیازاتەکانی نەوت، تا دەنگی لەسەر بدەن. دیارە کە بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا و خرایە بەردەمی تێری و ئەویش زۆری لا پەسەند بوو و ڕای لێ بوو.

دیارە کە پیاو دوای بڕیاری پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران ناتوانی هیچ دژ کردەیەک بەرامبەر بەو گرێبەندییە نیشان بدات. سەرەک کۆمار مۆنیجۆ

کە لەسەر قەنەفەیەکی سوور پاڵی دابۆوە و لە بەندە و بڕگەکانی ئەو گرێبەندییە ورد دەبۆوە کە بۆ ئیمتیازاتی نەوتی وڵاتەکەی نووسرابوون گوتی: هەمووی تەواوە و لە جێی خۆیەتی. خۆ ئەگەر هات و نیو ئەوەندە نەوت بڕوا کە لێرەدا نووسراوە، ئەوە چاوەڕێی پارەیەکی زۆر زۆر دەکەین بێتە ناو خەزێنەی وڵاتمانەوە. پارە و پوولێکی چەسپاوی ئەوتۆ کە لە هەر یەک تەن نەوت دەبێ هەقە بەشی ئەم وڵاتە بەتەواوی بدرێ. بەڵام بۆ تۆ برادەری خۆشەویست پێترۆز... وە بۆ تۆش بەڕێز تێری ئەو حیسابانە دەبێ هەمووی هەڵوەشێنرێنەوە و فێرتان بکەین کە لێرە هیچ پیاوێک ناتوانێ وەک مالیزیا بەئارەزووی خۆی بازرگانی و فرتوفێڵ لەو گەلە و بەو گەلە بکات، و هەر کەسە بەئارەزووی خۆی سیاسەتبازی بکات و کاروباری دەوڵەت بگێڕێ. ئێوە پێتان وایە بەدوو ملیۆن دۆلار هەموو شتێک مەیسەر دەبێ، کە لە کاتێکا ئەوە بە(١٠) دە ملیۆنیش هەر هەرزانە.

کەس نەیدەتوانی دەو نێوچەوانە گرژ و مۆنەی (مۆنیجۆ)وە ڕامێنێ، گرێبەندی ئیمتیازەکانی بەدەستی خۆی لە تایپ دەدا تا دوایین بەندی لەسەر زیاد بکات، کە دانی باجی دەرهێنانی نەوت بوو، دوایی گرێبەندییەکەی مۆر نەکرد و گێڕایەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران. پاشان تێری وەکو وەکیلی ئەو کۆمپانیایانە ئیجرائاتی لەسەر ئەو بەندانە وەرگرت و ئەو گرێبەندییە کۆتایی پێ هات... ئەویش بەو شێوەیەی کە چووە ناو پەسەندکردنی دانی باج، بەو مەرجەش ئەو کۆمپانیانە مافی ئەوەیان هەبێ بۆ ماوەی (٩٩) نەوەد و نۆ ساڵ نەوت لە ناوچەی ڕۆژاریا دەربێنن و بۆ دامەزراندنی مەکینەکان و ڕاکێشانی بۆڕییە نەوتانیش بۆ بەندەرەکان دەبێ لە ١٠ ٪ی کاربەدەستان لە دەرەوەی وڵاترا دەگەڵە خۆیان بێنن.

***

مارکۆ زانشێچ پاسەوانی سنوورە... (١٠٠ دۆلار). ئەو مارکۆ شەیتانە کێیە و چ پەیوەندییەکی بەئێمەوە هەیە، من هیچ کاتێک گوێم لەو ناوە نەبووە. بۆم باس بکە...

پێترۆز زۆر لەوە تووڕە بوو کە ١٠٠ دۆلار دراوەتە ئەو کابرایە و ئەویش



ئاگای لێ نییە.

سکرتێرەکەی پێترۆز تەماشای پەروەندە (ملف)ی کرد، یەکسەر زانی چییە.

مارکۆ زانشێچ ئەو پاسەوانەیە کە ئێمە لەگەڵ ئەو ٦٠٠ کەسەی وڵاتی دراوسێمانەوە هێنامانن تا دەنگمان بۆ بدەن و زۆریشمان بەهەرزانی بۆ تەواو بوو.

(دەی باشە دەی، ئەگەر وابێ چاکە)

بەڕێز پێترۆز... فەرموو ئەوەش لیستی ناوی ئەو کەسانەی ئێمەیان هەڵبژاردووە و ئەوەش لیستی ئەو پارەیەی دراویانەتێ.

ژمێریار و سکرتێر زۆر بەرێکوپێکی ئەو ناوچانەی هەڵبژاردنێیان بەیەکەوە سەرژمێر کردبوو حیساباتیان ڕاگرتبوو. پێترۆز زۆر بەخێراییەوە تەماشای لاپەڕەکانی حیساباتی دەکرد و سکرتێرەکەشی بۆی ڕوون دەکردەوە کە ئەوە خەرجی ئەو پلاکارتانەی نووسراون و ئەوەش پارەی نانخواردنی ئەو کەسانەی لە (لینۆراس) نانیان خواردووە، و ئەوەش (٦٤) شەست و چوار دۆلاری شووشەی ئەو پەنجەرانەی شکاون. ئەو خەڵکانە نیوەی ساختمانی ڕۆژنامەی (مانینا)یان خراپ کرد و تێکیان دا، لەگەڵ ئەوەشدا (مانینا) پشتی مۆنیجۆی هەر بەرنەدا. پێترۆز لە تەواوی حیساباتانە دڵنیا بوو کە تەواون، بەڵام سەری لەوە سوڕما بوو کە لە یەکێک لە خانەکاندا (١٥) دۆلار بۆ زیاتر لە (١٠٠) سەد کەس نووسرابوو و هەریەکەشیان دوو دۆلاری وەرگرتبوو، دوایە زانی کە یەکێک لە جاسووسەکانی هەڵاتووە بۆ دەرەوەی وڵات، و دوو هەزار دۆلاریشی بردووە، بۆیە ئەویش بەنەعلەتی کرد. حیسابێکی دیکەشی بۆ ئەو ڕووداوانەش کرد کە لە کاتی کاروبار و هەڵسووڕاندن ڕوویان داوە. پێترۆز سکرتێرەکەی ناردەوە ماڵێ و بۆ خۆی لە نووسینگەکە دەرگای لەسەر خۆی داخست و کەوتە کورتکردنەوەی سجلەکان و چەسپاندنیان بەژمارەی کۆتایی.

سکرتێری حیزب و ئەوانەی پلە و پایەی گەورە و بەرپرسیەتیان لە

حیزبدا وەرگرتبوو و ئەوانەی کاروباری شارەوانیشیان هەڵدەسووڕاند بەدەستی خۆی پارەیەکی موفت و باشی دابوونێ، بۆیەش بەدەستی خۆی دابوونێ، چونکە لە سکرتێرەکان دڵنیا نەبوو و لەوەی دەترسا ئەوانەی خوارووی وڵات بەوە بزانن کە کەمتریان وەرگرتووە لەوانەی باکور.

پێترۆز هەر لە سەرەتاوە حیسابێکی وای کردبوو کە هیچ نوشوستییەک ناهێنێ. ئەو کاتەی کە هەموو خەڵکی لە پرخەی خەوی خۆشدا بەئارامی چاویان لێکنابوو و نوستبوون ئەو کۆتایی بەسافکردنی حیسابەکان هێنا و وەبەر چرایەکەی دا، و زۆر بەوردی سەرنجی دایە کە بەم جۆرەی لای خوارەوە بوو:

| <u>هەڵبژاردنی ناوچە</u> | <u>سەرجەم</u> |
|---|---|
| ٣٤٤٤٨ کەس – هەریەکەی ٢,٠٠ دوو دۆلار | ٦٨٨٩٦ دۆلار |
| ١٠١٠ کەس – هەریەکەی ٥,٠٠ پێنج دۆلار | ٥٠٥٠ دۆلار |
| ٤٠٢ کەس – هەریەکەی ١٠,٠٠ دە دۆلار | ٤٠٢٠ دۆلار |
| <u>هەڵبژاردنی شار</u> | |
| ١٩٤٢٥ کەس – هەریەکەی ٢,٠٠ دوو دۆلار | ٣٨٦٥٠ دۆلار |
| ٦٥٤٠ کەس – هەریەکەی ٥,٠٠ پێنج دۆلار | ٣٢٧٠٠ دۆلار |
| سکرتێری پارتەکان و پارتەکان | ١٣٥٨٠٠ دۆلار |
| بانگەشە و پڕوپاگەندە | ٣٤٠٠٠ دۆلار |
| ئەندامانی پەرلەمان و وەزیران | ١٤٠٠٠٠ دۆلار |
| مووچە و کرێ | ٢٨٤٣١ دۆلار |
| کۆی گشتی | ٤٨٧٥٤٧ دۆلار |

بەلانی کەمیشەوە ملیۆن و نیوێکیشی لە بەرکی خۆی نا و نەوتی وڵاتەکەشی حیساب دەکرد کە دە ئەوەندەی دیشی دێتە سەر حیسابەکەی. بۆیە هەروا لەبەر خۆیەوە مینگە مینگی بوو و زۆری دڵ بەو کارەی خۆش بوو و لە خۆشیان پێکی خۆشیی دە پەرداخێ کرد.



لەولاشەوە ژوورەکەی عومەر قادر پڕ بووە لە قونچکە جگارە و ژوورەکەی لە دووکەڵێدا وەستاوە و قۆریەی چایەکەی لە ناو خۆڵەمێشە سارد و سڕەکە لار بۆتەوە. کاک عومەر شەکەت و ماندوو هەردوو چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون و بەرامبەر کارتی سەربازی خەریکی حیساباتانە، نیزیکەی دوو دەرزەن دەمبووسی لەسەر نەخشەی شار چەقاندبوو و کردبوونیە نیشانە. لە درزی پەنجەرە و پەردەی ژوورەکەوە گزنگی خۆر موژدەی خۆرهەڵاتنی ڕۆژێکی دیکەی ڕاگەیاند. کاک عومەر هەروا بەپێوە کە دەستی لە پشتە خۆیەوە گرتبوو حەمید ڕێک دەو دەمەیدا وە ژوور کەوت و بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ لەسەر جێگاکەی ڕاکشا و گوتی:

سەیرکە عومەر لە نووسینگەی پێترۆزیدا چیم دۆزیوەتەوە. چەند پەڕە و تۆمار (سجل)ێکی لە پێش کاک عومەری دانان و یەکسەر ڕووی لە دیواری کرد و کەوتە پرخە پرخێ و خەوی لێ کەوت.

کاک عومەر چوو خۆی وەبەر ئاوی سارددا، تا ماندوویەتییەکەی دەرچێ و کەمێک بسێتەوە.

***

داوا دەکەم ئەو مۆری باجە قبول بفەرموون کە لە دوایین ڕۆژەکانی قۆناغی یەکەمی فەرمانڕەواییمدا کارم تێدا کردبوو و وەک گەڵاڵەیەک ماوەتەوە. پیاو دەتوانێ هەر نەبێ چاکەیەکی کۆن بکات با لە ئەنجومەنی وەزیرانیشدا نەمێنێ و نەما بێ. ئەو شەش پیاوانەی لایەنگرەکانی پێشووی خۆیان ئیمزایان کۆ کردەوە و بەمۆرکراوی بردیانە بەردەم سەرۆکی وڵات بۆ ئەوەی هەر چۆنێک بێت ئەو مۆری باجە بخرێتە ناو دەستووری وڵاتەوە.

مۆنیجۆ لەسەرخۆ گەڕایەوە نووسینگەکەی خۆی و زۆر دڵشاد بوو بەدەست پێکردنەوەی خولی دووەمی فەرمانڕەواییەکەی کە لە بەرژەوەندی ئەودا بوو و دەستی برد لەناو دۆڵابە ئاسنەکەی دوایین بڕگەی لەسەر یاسای مۆری باج زیاد کرد.

بەڕێز تێری... من ئەو پیاوەم هەر لە ساتە وەختەکانی یەکەمدا چاک

دەناسی کە هێڵی بەژێر حیسابەکاندا دەهێنا. هەرچی هەتە بیلێ. چونکە تۆ و ئاواڵەکانت دەبێ ئەوە باش بزانن کە ئێوە لەمڕۆوە، باجەکانتان لە ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتدا زیادی کردووە و بۆتە (١٠) ملیۆن دۆلار. ئەو دوو ملیۆن دۆلارەی کە دابووشتە پێترۆز و ئاواڵە هاوبەشە تاوانبارەکانیان، کە خیانەتیان پێ لەگەڵ ئەم وڵاتەدا کرد و پێتان وابوو ئێوە و چەند کەسانێکی دیکە زۆر بەئاسانی دەتوانن ئەم نیشتمانە بەخاکەناز زیندە بەچاڵ بکەن و خۆڵی وەسەردەن، بەڵام من دەبێ سەر و چاوتان وا شین و مۆر کەمەوە نەبێتەوە، مۆنیجۆش نەبم ئەگەر واتان لێ نەکەم. چونکە ئێوە باش دەزانن کە من باشترین هێزی سوپای ئەمەریکای ناوەندیم لە دەستدایە.

مۆنیجۆ نانی نیوەڕۆی خوارد و قاوەیەکی خەستی بەسەردا کرد و ئینجا هەروا بەجلەوە لەسەر جێیی درێژ بوو تا ماوەی چەند سەعاتێکان بنوێ. بەڵام هێشتا ڕۆژ زۆری مابوو ئەو لەسەر جێگاکەی هەر ئەو تەنیشت و ئەو تەنیشتی بوو و خەوی لێ نەدەکەوت و جگارە لە دوای جگارەشی پێدەکردەوە، و لەوانەشە سەد جاری تەماشای سەعاتێ کردبێ. بایە توندەکەی دەرێش قارە قاری قەلە ڕەشکانی لە نێو ئەو دارانەڕا بەو ئێوارە وەختە بەسەر کۆشکی کۆماریدا بڵاو دەکردەوە و لە لایەکی دیشەوە هەر ئەو بایە دەنگی زەنگی دێری (سانتا ڕۆزاریا)ی زۆر بەنەرمییەوە دەهێنا. پلاکارتێکی پەڕۆک کە لێی نووسرابوو... هەر بژی پێترۆز، بەبنە دارێکەوە نووسابوو و وەک سەدەها پلاکارتی دیکە، کە بۆ پڕوپاگەندە و هەڵبژاردنێ لەسەر شەقامەکان هەڵواسرابوون مابۆوە و هەتیو کەوتبوو، هەروەک چۆن ناوی زۆر لەو کەسانەش بەسەر لا دیوار و پەڕۆک و سەر کاغەزانەوە مابوو کە خۆیان کاندید کردبوو تا ئەو گەلە هەڵیان بژێرێ.

دەوروبەری سەعات حەوتی ئێوارێ کاک عومەر و حەمید پەیدا بوون، تا نانی شێوان لەگەڵ سەرەک کۆماردا بخۆن. هەر سێکیان بەهێوری دەستیان کرد بەخواردنی ئەو خواردنە میللییەی کە پاقلەی تەڕ و گەنمە سوورکەی کولاو بوو. مۆنیجۆ دەگەڵ ئەو خواردنە میللییە سادە و ساکارەدا گەورە



ببوو، کە هەموو ڕۆژێک لە ناو خانووە قوڕەکانی هینودوسدا دەیانخوارد.

مۆنیجۆ بۆی باس کردن:

دایک و باوکم بەسەپانی لە زەوی ئاغایەکدا کاریان دەکرد. دوای مردنی ئەوان (دایک و باوکم) من تازە دەگەیشتمێ و هێشتا ڕاست و چەپی خۆم نەناسیبوو، ئاغا بەدوایدا ناردم و پێی ڕاگەیاندم کە دایک و باوکم قەردیان لە پاشە خۆیان بەجێهێشتووە، کە من هیچ ئاگاداری ئەوە نەبووم کە دایک و باوکم ئەو هەموو قەردە زۆرەیان بەجێهێشتووە بەڵام (دیارە ئەگەر ئاغا وا بلێ ئەوە ڕاستە).

ئاغا گوتی: (ئەوان هەشتا ٨٠ دۆلارم قەردارن).

قسەی پڕوپووچ، جووتیارێکی هەرزەکار کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی (٨٠) هەشتا دۆلاری نەدیوە چۆن دەتوانێ ئەو قەردە بداتەوە.

کەواتە مۆنیجۆ تۆ (٨٠) هەشتا دۆلاری من قەرداری، ئەگەر نەشتوانی بمدەیەوە بۆ ساڵی ئاینده دەبێتە دوو ئەوەندە... وایە یان نا... (ئێ خۆ ئەگەر ئەو بلێ، یانی وایە) باوکت سێ ساڵی بەسەر گرێبەندییەکەیدا تێپەڕی، ئەو پیر و کەنەفت بوو و لە کاریدا سست و بەکاوەخۆ بوو، ساڵانە هەر (٣٥) سی و پێنج دۆلارم لەو وەدەست دەکەوتەوە ئەو زیانەی کە لەو سێ ساڵەشدا لە باوکتم کردووە دەکاتە ١٤٠ دۆلار و هەموو قەردەکە تێکڕای دەکاتە (٣٤٠) سێ سەد و چل دۆلار و تۆش ناتوانی ئەو قەردە بدەیتەوە، وایە یان نا... (ئەگەر ئەو بلێ وایە). مۆنیجۆ لەسەر پارچە کاغەزێکی دەستی بەخەت خەتۆکەی کرد و دانی بەوەی دانا کە (٥٠٠ پێنج سەد دۆلاری ئەو قەرداره).

پاشان ئاغا منی فرۆشتە خاوەن کێڵگەی تووتنێک. لەوێ توانیم بەو نرخە و بەوەرگرتنی سولفە، سێ قات کار بکەم تا توانیم خۆم لەو قەردە ڕزگار بکەم.

ئەو ئاغا و بازرگانانەی داروبار کە لە باب و باپیرانیان و لە ئەسپانییەکانەوە فێر ببوون ئەو گەلەیان ئاوا دەچەوساندەوە.

تا لە دوارۆژدا مۆنیجۆ بەخەبات و هەوڵی بێ وچانی خۆی دژی ئەو خاوەن زەویوزار و بازرگانانەی دار، یاسای کاتی کارکردنی بەکارهێنا و ئەوەی قەدەغە کرد کە لە گرێبەندی کارکردندا هینودۆس وەکو کۆیلە بفرۆشرێ. بەڵام نەیتوانی ئەوە قەدەغە بکات کە هینودۆسەکان لای خاوەن زەویوزارەکان قەرد نەکەن. تا ئەمڕۆش ساڵێ بەهەزاران ڕەو (کۆچ) دەکەن و بەرەو ناو ئەو لێرەوارە پڕ لە مێش و مێشوولەیەوە دێن کە پیاویان دەخوارد، چونکە ئێرەیان گەلێک لە زیندانەکانی فینیقیا پێ باشتر بوو کە لەسەر قەردی دەگێران. چونکە کەم هەبوو لەوان بتوانێ ئەو قەردانە بداتەوە، یاخود بەو گوزەرانە تاڵەوە بژین، کە سەرەڕای ئەو بارە نالەبارەی ژیانیشیان، خاوەن زەویوزارەکان دەیانگوت... دەبێ ئەوانە مەمنوون بن کە جلوبەرگ و جگارە وەردەگرن و کەچی ساڵانە نیوەی نرخی ئەو شتانەش کار ناکەن.

مۆنیجۆ ئەوەی وەبیر دەهاتەوە کە بەقامچی لە پشتیان دەدا و بەزنجیری ڕایاندەکێشا بۆ ناو قوڕاوێ.

ڕابوردووی خۆی و ژیانی نێو ئەو لێرەوارە کۆنینەی وەک فیلمی سینەمایی دەهاتەوە بەرچاو و لە عارەبانچییەتییەوە (وەک گامێشان کە لە عارەبانەیان دێخستن و عارەبانەیان پێ ڕادەکێشان) دوایی بگاتە ئەندام پەرلەمانیەتی و ئەو گۆڕانە لە ژیانیدا بیگەیەنێتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی و دەگەڵ چەند ئاواڵێکی دیکەیدا چارەنووسی ئەم وڵاتە بگرنە دەست. هەروەک هەموو سەرۆکەکانی دی، ناچار بوو کە لە سەرەتادا وەک بەرهەڵستکارێک بێتە پێشێ و خۆی پێشان بدات، تا گەیشتە ئەوەی کە جڵەوی یاسا و کۆمەڵ بگرێتە دەست و بەری ئەو زۆرداری و چەوسانەوەیە بگرێ و گەل بگاتە مافە ڕەوایەکانی خۆی، کە پێی وەک دیارییەکی خوداوەندانە وابوو بۆ ئەو گەلە چەوساوەیە.

مۆنیجۆ دەستی وەبەر دەستی خاوەن زەویوزارە گەورەکان نەنا و لێگەڕا هەرچی ویستیان بیکەن، بەڵام ڕێی بەوە نەدا بەفرتوفێڵ و پارە و پوول ئەو بکڕن، چونکە ئەو ڕێز و بەرژەوەندی گەلی لە بەرچاو گرتبوو.



ئەو سەربازانەش کە ئەرکی سەربازییان تەواو دەکرد و دەگەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان مۆنیجۆیان لە لا وەک خەباتگێڕێک سەیر دەکرد، چونکە ئەو بیروباوەڕە نوێیانەیان لە کاتی سەربازیدا لە پایتەخت وەرگرتبوو و فێری ئەوە ببوون، کە سەرەک کۆمار نەک هەروەک خەباتگێڕێک بەڵکە تەنانەت وەک هاووڵاتییەک سەیر بکەن چونکە فێری کردبوون چۆن مافەکانیان بەکار بێنن. بەڵام بەداخەوە هەر ئەو گەلەی کە ئەو هەموو شتێکی بۆ کردبوون تا ڕادەیەک پشتیان تێ کردبوو.

زەنگی دێری (ڕۆزاریا) (١٠) دە زەنگی لێدا. ئەو سێ پیاوە هەرسێکیان ڕاست بوونەوە.

مۆنیجۆ گوتی: پاش سەعاتێکی دی مانگ لە کەلێنی ئەو هەورانەوە سەر دەردێنێ.

عومەر گوتی: بەڵێ ئەم شەو شەوێکی مانگەشەو و ڕووناک دەبێ.

ئۆتومبێلێک زۆر خێرایانە هات و کاک عومەر و حەمیدی گەیاندە ناو هێزی سوپا لە خانووە قوڕەکانی دەرەوەی شاردا.

مۆنیجۆش چرای سەر مێزی ناو ژوورەکەی کز کرد و لە پشت مێزەکەوە دانیشت.

## پاژی دوازدەهەم

## مۆنیجۆ بۆ جاری دووەم دەبیاتەوە

لۆرییە تایە لاستیکەکانی سوپا (هێزی ئاسایش) بەخێرایی بەرەو شەقامەکانی ناو پایتەختەوە چوون. چەک و کڵاو خودەی سەربازەکان لەبەر مانگەشەوێ دەبریسکانەوە. کاتژمێر یازدەی شەوێ بوو هۆشداری بانگکردنی بەتالیۆنەکانی هێزی سوپا و ئاسایش درا. عومەر لیستی فەرمانەکانی بەسەر ئەفسەرەکاندا دابەش کرد و بەسواری ئوتومبێلێک کە لە دوای هەموویانەوە دەڕۆیی بۆ خۆی کەوتە چاودێری جوولانەوە و هاتوچوونی ئوتومبێلە سەربازییەکانی دی کە بەرەو پایتەخت دەچوون.

ئێستگەی شەمەندەفەر و بانکەکان و فەرمانگەی تەلگراف و برووسکە و ئێستگەی ڕادیۆ، هەموو ئەمانە دەستیان بەسەردا گیرا و کۆنترۆڵ کران. هەموو ئەو شەقامانەشیان دەست بەسەردا گرتن کە لە شارییەوە دەچوونە دەرێ.

فەرمان درا هەر هاووڵاتییەک لە نێو شەقامەکاندا بدیترێ بگیرێ و زیندانی بکرێ تا ئەو کاتەی فەرمانی بەردانی دەدرێ و دەبێ هەوڵ بدرێ بۆ بەرگری لە خۆ کردن نەبێ چەکەکان بەکار نەهێنرێن و تا بکرێ هەوڵدەن خوێن نەڕژێ.

ئەفسەرەکان فەرمانەکانیان خوێندنەوە و دەستیان کرد بەجێبەجێ کردن و ئەنجامدانیان.

بۆ ئەو شەوە کۆشکی کۆماری (خالد) بووە بنکەی سەرەکی سوپا. هەر بەو نیوە شەوە فەرمانی عورفی لە ڕادیۆوە بڵاو کرایەوە.

ئوتومبێلە سەربازییەکان بەلایتی نزمەوە بەشەقامەکاندا دەهاتن و دەچوون. هەر بەو شەوەش چوار وەزیر و دوازدە ئەندام پەرلەمانیشیان لە ماڵەکانیان هێنایە دەرێ و بردیاننە کۆشکی کۆماری. ئەو ژەنەڕاڵانەش کە بەو شەوە لە قومارخانەکان و جێ ڕابواردنەکانیاندا بەسەر دەبرد، ئاگایان لە مەحموودی بێ زەواد نەبوو، تا هەواڵی ئەو کودەتا سەربازییەیان



نەگەیشتێ. تەنانەت فریای فڕێدان و کۆکردنەوەی کاغەزی قومارەکان و فیشەکانی دەستیان نەکەوتن، جا چ جای دەست دانە چەک و بەرگری کردن. ئەو سەربازانەی ژێر فەرماندەی کاک عومەر کە بەمەشقی شەڕی نێو شەقام و ناو سەنگەران مەشق درابوون، دەستوبرد وەک مێگەلە مەڕ ئەو ژەنەڕاڵانەیان وە پێش خۆیان دان و بردیاننە کۆشکی کۆماری، لای خائینەکانی دی و لەوێ لە ژێر زەمینێیان کردن. لەبەر ئەوەی ئەو لیستەی کە لای پێترۆز بوو، کەوتبووە دەست چەند بەتالیۆنێک، بۆیە جێگای پارتەکان و ماڵەکانیان زوو دەدۆزینەوە و دەیان پشکنین. چوونە ماڵە سکرتێرێکیش بۆ گرتنی، ئینجا بەرەو ناحیە و قەزاکانەوە چوون و لەوێش دەستیان بەسەر فەرمانگەی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانیدا گرت و سەرکردە و پۆلیسەکانی سنووریشیان هەموو پەل بەستوو و دەستبەسەر کرد. دەگەڵ ئەو هەموو ڕووداوانەشدا، ئەو شەوە یەک تەقە چییە نەکرا.

کاک عومەر چۆنی دانابوو، لە کاتی خۆیدا هەموو شتەکان جێبەجێ بوون و بەدوو سەعات بەو نیوە شەوە، دوایین کەسی ژەنەڕاڵەکان و ئەو سیاسییانەی کە جنێویان دەدان دەژێر زەمینێیان ئاخنین.

بەیانی زوو کە هاووڵاتیانی شار چاویان بەو هەموو سەربازە چەکدارانە کەوت کە لە ناو شەقامەکاندا بڵاو بوونەتەوە و فەرمانی عورفیش بەدیوارانەوە هەڵواسراوە، ڕایانکردەوە ژووری ماڵەکانیان و دەرگا و پەنجەرەیان داخستن و کەوتنە قایمکردنی دەرکەوبانیان و شتومەکی قورسیان بەپشت دەرکێوە دەنا تا لە دەرێڕا نەکرێتەوە، چونکە ئەزموونیان دەگەڵ ئەو جۆرە بارودۆخانەدا زۆر بوو، ئەوجا کەوتنە خواردنەوەی قاوەی تاڵی بەبێ شیر. لە پڕ لە کۆشکی کۆماری چەند دەستڕێژێک کرا، خەڵکەکە هەموو نەترەیان چوو و لەشیان وەک پێستی قازی گرژ بوو. چونکە پێیان وابوو ئەوە ئیدی تیرباران دەستی پێکرد، بۆیە هەموو کەوتنە نوێژ و پاڕانەوە بۆ گیانی کوژراوەکان. چونکە ئەوان ئەو سوپا و هێزی ئاسایشەیان باش دەناسی کە پشتیوانی مۆنیجۆ بوو.

***

سەی گەورە تێری و ماجۆر بێنزۆن بەو دەمەدەمی ڕۆژئاوایە، بەرامبەر یەک دانیشتبوون، و ڕۆژنامەکانی ئەو ئێوارەیەش لەسەر کورسی و مێزەکان پەرش و بڵاو دانرابوون. (بێنزۆن) پێیەکانی هاویشتبووە سەر چەکمەجە نیوە دەرکێشراوەکەی مێزەکە و لەسەرخۆ و جاروبارە سۆتەکی جگارەکەی تێ دەکرد و گوتیە تێری: باشە...! ئەی من چیم گوت. ئەوەتانێ، هەر کەرایەتیمان بۆ مایەوە و هیچی دی، پارەکەش چوو، تازە ئەو ئیمتیازانەش هەمووی سووتان.

بەڵام هەرچۆنێک بووە نابێ بچینە ژێر باری ئەو (١٠) دە ملیۆن دۆلارەی مۆری باج و بیدەین. بەسەروچاوی گرژەوە سەرێکی بادا.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو مۆنیجۆیە پیاوێکی هێندە بێ ئەقڵ نییە کە ئێمە پێمان وابوو، دیتت چۆن تەنانەت بەبێ یەک تاکە تەقە هەمووی خستەوە ژێر دەستی خۆی...؟.

قسەی خۆمان بێ، من پێم وایە ئەگەر ئەو ئیمتیازانە بە(١٠) دە ملیۆنانیش بکڕین هێشتا هەر باشە، چونکە بەهۆیەوە دەتوانین ئیمتیازی وڵاتە دراوسێکانیش بکڕین و هەرچی بەرهەمی نەوتە بەبۆڕی نەوت بیانگەیەنینە ئەو ناوچە دراوسێیانە و بەم جۆرە خەرجی ڕاکێشانی بۆڕی نەوتی ناوچەی ڕۆزاریا پاشەکەوت بکەین، کە لێرەوە بەناو ئەو وڵاتە جەنگەڵییەدا، یەکجار زۆری تێ دەچێ تا دەگاتە بەندەرەکان، ئەمە هەمووی لە لایەکەوە، لە لایەکی دیشەوە، ئێمە پێویستمان بەوێستگەی ترومپا و گەنجینەی بارکردن و تانکی سەر کەناری دەریا نابێ دروستیان کەین. بەم شێوەیە ئەگەر بێت هەقی ئەو ئیمتیازانە (١٠) دە ملیۆن بوو ئەوا ئێمەش لە هەر شتەی شتێک پاشەکەوت دەکەین و تێی هەڵدێنینەوە.

تێری ئەو پاشەکەوتەی دەو دەمەیدا بەلاوە گرنگ نەبوو، ئەو هەر دەیویست ئەو ئیمتیازانەی بەنرخێکی هەرزان دەستکەوێ، چونکە یەکێک بوو لە حەز و ئارەزووە گەورەکانی. خۆ هەموو کۆمپانیایەک دەیتوانی ئەو ئیمتیازانە بە(١٠) ملیۆن بکڕێ.

تێری ددانی بەوەدانا کە جاری دووەم دۆڕاندی، بەڵام جاری سێهەم هەر



دەبێ سەرکەوێ. ئەدی هەروا بەخۆڕایی ژمارە و بەرواری سوپای ئەو وڵاتانەی وەچنگ کەوتووە...؟ و هەروا بەبەلاش خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەو سوپایانەیە؟.

ئەوە چیت بەمێشکیدا دێت و دەچێ، دەتەوێ بیر لە چی بکەیتەوە؟؟.

ئۆف... هیچ نییە.

کوڕە ئاگادار و وریابە تێری...، نەوەک مۆری باجەکە بکەنە (٢٠) بیست ملیۆن، چونکە لە دوای ئەو گۆڕانکارییانەی ئەم دواییە، ئەوەم بەلاوە سەیر نییە زیادی کەن.

بێنزۆن ڕۆژنامەیەکی لە عەردی هەڵگرتەوە و سەیری ئەنجامەکانی (تۆپی سەبەتە)ی خۆی دەکرد، کە پێی وابوو لەوانەیە یەکەم دەربچێ.

تێری حیسابی ئەوەی دەکرد، کە نەوتی ناوچەی ڕۆزاریا کە لێکدابڕابوون، ئەویش بخاتەوە سەر ئەو وڵاتە دراوسێیانە. بەڵام مردنی کتوپڕی پێترۆز وای کرد کە بەشێکی زۆر لەو عەرد و بەردە بگەڕێتەوە و ببێتەوە بەماڵی دەوڵەت. چونکە تێری ئەو ناوچانەی بەڕەسمی لەو وڵاتە دراوسێیە کڕیبوو، کە هاوسنووری ناوچەی ڕۆزاریا بوو و کەوتبووە سەر ئەو سنوورە خوار و خێچەی کە هەمیشە بەڕقەوە سەیری دەکرد و دەیگوت کە ئەو خوار و خێچییەی سەر سنوور ئیمتیازەکەی منی دابەشی دوو لا کردووە.

ئێستا با وابێ، بەڕێز مۆنیجۆ، دەبێ پێت پێشاندەم.

بەمینگە مینگ و تووڕەییەوە، شەپقەکەی لەسەری نا و خواحافیزی لە بێنزۆن کرد و ئیدی چووە خوارێ. ئەو ئێوارەیەی لە یانەی سەر پاپۆڕێ بردە سەر، هەر لەوێش هەڤپەیڤینی دەگەڵ کۆنسۆل و مولحەقی سەربازی ئەو وڵاتەدا کرد و پێی ڕاگەیاندن کە ئەو لە ڕێگایەکی ڕەوا و یاساییەوە دانوستاندنی لەسەر مافی خۆی کردووە.

پاش هەفتەیەک هەر سێکیان پێکەوە لە کەنارەکانی فلۆریدادا پێکەوە ڕاوە ماسییان دەکرد. بڕیاری تێری وەک لە ناوچەوانی نووسرابێ وابوو، کە

نایەڵێ سێهەم جار بدۆڕێنێ. هەر بۆیە دوای دوو هەفتە سواری فڕۆکە مزیەکەی (دۆگلاس) بوو لە (پالم بیاغ) لە خوارووی ڕۆژهەڵاتیدا بەسەر شەقامی فلۆریدادا سووڕایەوە و بەسەر هاڤانادا هاتەوە سەر کەناڵی یۆکاتان.

تێری (٣) سێ هەزار مەتر لەژێر خۆیەوە پاپۆڕێکی دیت بەناو ئەو ئۆقیانووسە شینەدا دەڕوات. ئەڵقەیەکی (٣) سێ ڕەنگی کە بەسەر دووکەڵکێشی پاپۆڕەکەدا هاتبوو زۆری ناراحەت کرد. چونکە زانی کە ئەوە ئەو نەوت کێشە مونافیسەیەتی کە (١٥٠٠٠) پازدە هەزار تەن نەوتی خاوی فەنزوێللی بار کردووە.

زەنگی دێری (سنتا – ڕۆزاریا) بەلێدانی دوازدە جاری خۆی دەست پێکردنی فەرمانی عورفی لە پایتەختدا ڕاگەیاند. ئەفسەرێکی سوپای ئاسایش سەرپەرشتی ئەو فەرمانانەی دەکرد و بڕگەکانی خوێندنەوە، کە... ئەو کەسانەی کە بەخیانەتی گەل و نیشتمان تاوانبار کراون، جا چ ژەنەڕاڵ و ئەفسەر و سەرکردەی لقەکانی سوپا و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیر و سەرکردەی پارتەکان بن، مافی بەرگری کردن لە خۆیانیان هەیە، جا چ بەهۆی پارێزەری تایبەتیەوە بێت یا لە ڕێگای پارێزەری دەوڵەتەوە بێ کە بۆیان تەرخان دەکرێت. چونکە لە ئێستاوە فەرمانە عورفیەکان دەکەونە کار و ئیشیان پێ دەکرێت و هەر کەس دەتوانێت ئیستیناف بکات. هەر دەو دەمەشدا دەستڕێژێکی شەستیریان دە حەسارێدا کرد. خەڵکی زیاتر چاوەڕێی تیربارانێیان دەکرد، تا جێبەجێ کردنی فەرمانی زیندانی کردنێ. بەڵام دوای ئەوە هیچ تەقەیەکی دی نەکرایەوە و حەسار بێدەنگ بۆوە.

گیراوەکان هیچ گیانێکی شەڕەنگێزیەیان دە بەردا نەمابوو، بەترس و لەرزەوە هەموو بەڕیز یەکەوە ڕاوەستابوون. تەقەکان کاری خۆیان کردبوو، کەسیش نەیدەزانی ئەو تەقانە بۆ نیشانەی ئەو قوتووانەی سەر دیواری بووینە و لەوان کراون.

مۆنیجۆ ئەوەی دەزانی کە ئەو دادگا و دادگایی کردنە بەڕێکوپێکی و زۆر بەوردی تەگبیر کراوە و بۆ شەڕی دەروونی (حرب اعصاب)ە و هیچی دی.



بریکاری دادگا ناوی تاوانبارەکانی بەڕیز لە لیستەکەدا خوێندەوە و گوتی:

دەبێ هەر کەسێک کە ناوی خوێندرایەوە، بڵێ منم و هەنگاوێکیش بێتە پێشەوە، بەڵام کە ناوەکان خوێندرانەوە، کەس دەنگی لێوە نەهات و کەسیش لە جێگای خۆی نەجوولا. لەبەر ئەوە سەرۆکی دادگا بەدەنگێکی بەرزەوە هاواری کرد و گوتی:

ئەوانە هەموو، دەبێ (تیرباران) بکرێن.

ئەوەی کە یەکەم جاریش ناوی خوێندرابۆوە و دەنگی لێ نەهاتبوو و لە جێگای خۆشی نەجوولابۆوە و سەرۆکی دادگاشی وا تووڕە کردبوو، ئەوە پێترۆز بوو، کە لە کاتی گرتنیدا چەند دەنکە حەبێکی ژەهراوی قووت دابوو و پاش چەند دەقیقەیەک لە ناو دادگادا مردبوو. تاوانبارەکانیش پێش هاتنە دادگاوە لە هۆڵێکی داخراودا لێکۆڵینەوەیان دەگەڵ کرابوو و هەرچی هەبوو بەنهێنی هەڵگیرابوو. ئەو لێکۆڵینەوانەی دادگاش نزیکەی (٤) چوار سەعاتی وەخراند.

پرۆتۆکۆڵی پیلانی کودەتایەکە پەڕ بەپەڕ پڕ کرابۆوە و هەرچی ناو و چەکی شاردراوەیە هەمووی تێدا بوو. مۆنیجۆش ئەو خەڵکەی باش دەناسی و دەیزانی چۆنا و چۆنیان شت پێ ئاشکرا بکات و دەرکەوت کە چ ڕێککەوتن نامەیەکی گرنگ جێبەجێ کراوە بۆ دروستکردنی ڕێگای (پان ئەمەریکا) چۆنا و چۆن قازانجێکی زۆری لێ بکرێ و هەر لە پێشەوەش سامانی ئایندەی ئەو نەوتەیان لە خۆیان دابەش کردبوو.

مۆنیجۆ هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو کە ژەنەڕاڵ (بۆستیکۆ) هەشت کارگەی ئارەق دروستکردنی بەدزییەوە هەبێ. کە هەرگیز یەک دەقیقەش لە کارکردن نەدەوەستان و ئەو هەموو ئارەقەیان بەرهەم دەهێنا.

لەو لاوە وەزیری بەرگری کە ناو و ناوبانگی بەیەکێک لە پیاوە چاکەکان دەرچوو بوو، هەرگیز گومانی ئەوەی لێ نەدەکرا کە خیانەت بەنیشتمان بکا، کەچی دەرکەوت کە هەر ئەو دەیزانی لە گەنجینە و عەمباری چەک و تەقەمەنیدا چەند سەدەها سندوقە فیشەک و چەک (تفەنگ و شەستیر) دیار نەماون و لەو ناو دارستانانەدا شاردراونەوە. ئەوەندەی بەس بوو کە

تاوانی خیانەتی بەسەردا بسەپێ.

(دۆن ئامشێ) (٣) سێ هەزار دۆلاری بۆ گرێبەندی کۆمپانیای زبڵخانە دابوو.

(ئیمیلۆ پێردێیچ) هەشت هەزار دۆلاری بۆ دروستکردنی ڕێگاوبانەکان بەرتیل دابووە ڕووپێوی تۆماری خانووبەران (مساح سجل العقارات) تا سەرپەرشتی ئەو ڕێ و بانانە بکات و بتوانن فرتوفێڵێک لە حیساباتاندا بکەن.

ئاشکرا بوونی ئەو شتانە کاروباری دادگای ئاسانتر کرد. (تیپی مۆسیقای سەربازی) ئەو هۆڵەی بەشەیپوور لێدانی لەراندەوە. ئەوجا سەرۆکی دادگا فەرمانەکانی دادگای خوێندنەوە:

١- (ریکۆ ساندینی) لەبەر کەمی و نەبوونی بەڵگەی یاسایی بەخشرا.

٢- (ئیرنیستۆ بێلوگی) بەتاوانی پیلان گێڕانی ڕاپەڕینێکی چەکدارانە و دزینی کەلوپەلی سوپا و پشتگوێ خستنی ئەرکەکانی سەرشانی تاوانبار کرا و فەرمانی بەسەردا درا کە دەبێ لە فەرمانی میری دەربکرێ و هەتا ماویشە دەبێ دوور بخرێتەوە و لە مەنفادا ژیان بەسەر بەرێ.

ئەو فەرمانانە وەک بزماری داکوتران: دوور خستنەوە... بەندکردنی هەتا هەتایی... هەشت ساڵ بەندیخانە لەگەڵ جێبەجێ کردنی سزا سەربازییەکاندا... بیست ساڵ دوور خستنەوە... تیرباران کردن.

سەربازەکانی عومەر قادر وەکو پەیکەر ڕاوەستابوون. جەماوەرێکی زۆر لەبەردەمی کۆشکی کۆماریدا کۆ ببوونەوە و ئاڵا و پلاکارتیان بەرز کردبوونەوە و هوڕایان بەناوی سەرەک کۆمار (مۆنیجۆ)وە دەکێشا.

مۆنیجۆ هاتە سەر باڵکۆنی کۆشکی کۆماری و خۆی بەجەماوەر پیشان دا و ئەوجا بەتوورەییییەوە بەگەلەکەی خۆی گوت:

ئێوە هەرگیز لە من ناگەن کە دڵ و دەروونم لەگەڵتاندا پاکە و لەگەڵتاندا ڕاست و ڕەوانم. ئەو چەتانەی کە ئێستا وا لە ژوورێ کراون هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوون کە من تەنیا ڕاستی و ڕێکوپێکی ئەم وڵاتەم دەوێ.



ئەو کەسانەی کە فەرمانی لە سێدارە دانیشیان درابوو، مۆنیجۆ هەمووی بەخشین، و زیندانی تا هەتاییان لەجیاتی لە سێدارەدانێ بۆ بڕینەوە.

ئەوانەش کە فەرمانی زیندانی و دوور خستنەوەشیان درابوو، فەرمانەکانیان بۆ کاتێکی دی (اشعار آخر) دوا خست، بەمەرجێک ئەوانە هەر لە ژێر چاودێری پۆلیسدا بن و هەموو ڕۆژێکیش بێن و خۆیان پێشاندەنەوە.

***

چونکە مۆنیجۆ پەیمانی دابوو کە فەرمانی خوێن ڕشتن نەدرێ.

هەر بەو شەوە مۆنیجۆ کەوتە کارکردن و ڕێکخستنی نەخشەی کاری سوپا و سەرکردایەتی سوپا و هێزی ئاسایش.

ڕۆژی دوایی دوو بڕیار دران، کە ڕێی گفتوگۆ لەسەر کردن و ڕەخنەگرتنی تێدا درابوو:

١- عومەر قادر کرا بەوەزیری بەرگری.

٢- حەمید کرا بەسەرفەرماندەی هێزی سوپای یەکگرتوو.

چارەنووسی ئەو دوو کوردانە هێندە بەرز بۆوە، وەک لە ناو ئەستێراندا بێ. دیارە ئەوەش لە تۆڵەی ئەو هەموو دژوارییانەیە کە بەسەریان هاتبوو، کە کاک عومەر لە بەر دەرگای مەلها پاسەوان بێت و حەمیدیش شوفێری تاکسی بێ.

کاک عومەر بەو بوونە وەزیرییەی هیچ لە خۆی نەچوو و خۆی لێ نەگۆڕا و بەشتێکی زۆر ئاسایی وەرگرت. چونکە ئەو لەو ناو شاخ و داخەی کوردستانیشدا هەر خانەدان و جێ گەورە و ڕێ و ڕەچەڵەک دیار بوو، بۆیەش لێرە ئەوەی هەر هاتەوە پێشێ.

حەمیدیش لە نیشتمانەکەی خۆیدا زیاتر لە جارێک سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگەی کردبوو، بۆیە ئێرە و ئەوێ چ جیاوازییەکیان بۆ وی نییە تەنیا... ئەڵڵاهو ئەکبەر... نەبێ.

حەمید سێدارەیەکی بۆ دروست کرا دروشمەکەی پێشانیەی لە زێڕی بوو

و میدالّیشی وەرگرت. بەڵام زۆری دڵ پێخۆش نەبوو چونکە لە سەرکەوتنی شەڕێیدا وەرنەگرتبوو تاوەکو میدالّی ئازایەتییە بەبەرۆکی خۆیەوەکات. بەڵام بەوەندەی دڵی خۆی دایەوە کە ئەو میدالّە بۆ خانەنشینی پاشەڕۆژیی چاکە.

ئەو دوو کوردانە، بەپێچەوانەی هەموو گەورە پیاوان و خەڵکی ئەم وڵاتەوە، نە ئەسپی سواریەیان هەبوو نە ئوتومبێلی تایبەتیش، و هەرگیزیش نەدەچوونە ئاهەنگ و زەماوەندانیش. هەرچەندە پاشەڕۆژ و ئایندەشیان، وەک دوو کورد لەم وڵاتە، دیار نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە کە پاشەکەوتێکیان لە یەکێک لە بانکەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا هەبێت و سامانێک بۆ پاشەڕۆژیان دابین بکەن. بەڵام کاک عومەر هەموو سەرە مانگان چەکێکی (شێک) بانکی بۆ (کۆمیتەی کوردی لە سلێمانی) دەنارد. هەرچەندە کاک عومەر زۆر زۆر گەورە ببوو، بەڵام ئەو لە دڵ و دەروونی خۆیدا هەر کۆنە تێکۆشەر و خەباتگێڕەکەی جاران بوو و هەرگیز نیشتمانەکەی خۆی لە بیر نەدەکرد. ئەو ژیانە سەخت و دژوارەی پێشووی وای لێ کردبوو کە هەمیشە هەروا لەسەر ڕاستی و هەر بەڕاستی بمێنێتەوە. بەتایبەتی دەگەڵ مۆنیجۆی سەرەک کۆماردا، کە لە تاڵ و سوێری و شیرینی ڕۆژاندا هەر دەگەڵی بوو و پشتی بەرنەدا. ئەوەشی بۆ دڵنەوایی و پارێزگاری بەرژەوەندییەکانی خۆی نەدەکرد، یان لەبەر ئەوەی نەبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان مۆنیجۆ لەسەر کاری لابەرێ یان لەو وڵاتەی دوورخاتەوە، بەڵکە ئەو مۆنیجۆی وەک برادەرێکی زۆر خۆشەویستی خۆی دادەنا.

جارێکیان سەرەک کۆمار مۆنیجۆ باسی ئەوەی کرد کە هەموو شتێک دەربارەی ژیان و بەسەرهاتی عومەر قادر دەزانێ، بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدا ئەوەی باشە و بەچاکی دەزانێ بۆی بکا.

کاک عومەر هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو کە جارێکی دی ئەو نیشتمانە شاخ و داخاوییەی خۆی دەبینێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا خوو و ڕەوشت و خدە و نەریتی ئەو شاخانەی هەمیشە لە خوێنیدا دەژیا. هەروەک ئەو پەندی



پێشینانەی دەڵێ: (کورد هەرگیز خیانەت لە ئاواڵی خۆی ناکات). ئەو پەندە لە لای وی هەمیشە وەک وانەیەکی ژیان وابوو.

مۆنیجۆ لەو باوەڕەدا بوو کە دەتوانێ هەمیشە باوەڕ و متمانەی بەو دوو کوردە غەریبانە هەبێ و خوا نیەتی پاکی دەدڵی وان ناوە و خۆشی دەوێن. دەتوانم بڵێم کە ئەوان زۆر لە خەڵکی وڵاتەکەی خۆم باشترن، خۆ هەر نەبێ ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە کەی دەماریان بزووت هەستنەوە و کودەتایەک بەرپا بکەن.

کاک عومەر دەنگوباسی نیشتمانەکەی زۆر بەکەمی و بەدەگمەن وەگیر دەکەوت، تا هەر نەبایە تاسەی ئەو غەریبایەتییەی پێ شکاندبایە.

کەمال پاشا پێش مردنی زۆر بەتوندوتیژی بەڕووی فەرەنساشدا هاتەوە تا دەست نەخاتە کاروباری دەسەڵاتی ناوخۆی تورکیاوە. هەر لەبەر توند و تیژی و دڵڕەقی ئەو سوپا بەهێزەش بوو کە کوردەکان نەیاندەتوانی هەواڵ و دەنگوباسی خۆیان بگەیەننە دەرەوە. وردە وردەش ڕژێمی کەمال پاشا تا ڕادەیەک نەرمی نواند، تا بەم شێوەیە بتوانێ جێ پێی خۆی زیاتر قایم بکات.

بارودۆخی کوردەکانی عێراقێ و کوردەکانی ئێرانێ گۆڕا و وەک ئەو شەش حەوت مانگانەی پێشتری ساڵی ڕابوردوو نەمایەوە.

– وڵاتە گەورە زل هێزەکان (القوی العظمی) بڕیاری خۆیان لەسەر کوردستان داوە حەمید...!

حەمید گوتی: ئەوان (زل هێزەکان) دەیانەوێ تورکیا لە خۆیان نزیک کەنەوە. ئینگلیز و ئەڵمان گرنگی بەوە دەدەن و هەوڵی ئەوەیانە هەرچۆنێک بێت بێ لایەنی (عدم الانحیاز) تورکیا مسۆگەر کەن و بیپارێزن. لەولاشەوە ڕەزا پەهلەوی نایەڵێ کەس تێکەڵی سیاسەتەکەی بێت و ئەویش ڕژێمەکەی خۆی وەک کەمال پاشا زۆر بەتوندی چەسپاندووە. عێراق سەربەخۆ بووە و سعودیەش زۆر بەهێز بووە. دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئەگەر سووریا لێبگەڕێ، زۆر بەئاسانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ناوچەی ماردین و نەسیبیندا دروست دەبێ و دادەمەزرێ. شێخ مەحموودی

حەفیدیش لە نەفی گەڕاوەتەوە ناو چیا و چۆڵەکانی سلێمانی و دەوڵەتی عێراقی زەویوزاری کشتوکاڵی زۆری پێ داوە و فشاری لەسەر دەکات کار لە کوردەکان بکات بۆ بەرژەوەندی عێراقێ.

نەخێر حەمید کێشەی کورد دۆڕا. مەگەر سەرلەنوێ شەڕێکی جیهانی تر ڕوویدات و جارێکی دی سەرلەنوێ ڕاپەڕین و هەستانەوەیەکی دیکە لەگەڵ خۆیدا بێنێ، دەنا تازە چوو.

تازە کێ ماوە، ئەو شۆڕشگێڕانەی دوێنێش یان شەهید کراون و یان هەریەکەیان بەلایەکدا دوور خراونەتەوە و پەرت و بڵاو بوونەتەوە. ئێستا لەم ڕۆژ و بارودۆخەدا چارەنووسی ئەو گەلە بچکۆلانە بەچەک یەکالا ناکرێتەوە و بڕیاری لەسەر نادرێ. ئێمە لێرە هەر دەبێ سوپاسی گەورەیی خوا بکەین کە نیەتی سەرەک کۆمارمان دەگەڵدا باش بوو.

– ئەوە ڕاستە، عومەر قادر...، بەڵام تۆ پێت وایە ئێمە تا مردنێ هەر لێرە بمێنینەوە...؟ ئەدی ئەتو پێت وا نییە پیاوێکی وەک تێری کە کلکی دەگەڵ ئەو وڵاتە زەبەللاحە دەوڵەمەندانەدا گرێداوە ڕۆژێک نایە بتوانن مۆنیجۆ لە ناو بەرن...؟. خۆ ئێمە لە نیشتمانەکەی خۆماندا دەماندیت و دەمانزانی کە هەمیشە دوژمنەکانمان لە هۆیەک دەگەڕان بیکەنە بەڵگە و هێرشمان بۆ بێنن. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەماتی و کزی و کڕی و بێدەنگیش ملی خۆمان کەچ کردبوو، کەچی شەڕیان پێ دەفرۆشتین هەر بۆ ئەوەی بەناڕەوایی پەلامارمان بدەن و ستەممان لێ بکەن و ئەوجا وایان لە قەڵەم دەدایین کە ئەو بزووتنەوە و ڕاپەڕینەی ئێمە لەو ناو شاخانەدا، وەک میللەتێکی شەڕانی و دواکەوتوو، دزی و جەردەیی و پیاوکوژی و ڕێگرییە. ئەوڕۆ لێرە هەر... دەست بەسەردا گرتن... ئیمتیازات... باری سیاسی ناجۆر... کیشوەر گەرایی... باوە و باس هەر باسی ئەو شتانەیە.

هۆشداری سەربازی (انذار عسكري) زۆر کز و سست و لاوازە و چ ڕۆڵێکی نییە، بەڵکە ئەوڕۆ لێرە، باو هەر باوی دبلۆماسییەتە بەکار بێ.

پیاو لەسەر مێزی دانوستاندن گفتوگۆ لەسەر ناردنە دەرەوە و لە دەرەوە هێنان و گومرگ و سیاسەتی پاراستنی گومرگ و بێ بازاڕی و کەم



دەرامەتی و بێ سامانی دەکات و هیچی دی.

یان باس باسی قەدەغەکردنی دەرهێنانی کەرەستە خاوەکان و هاندانی کەرەستە خاوە ئەمەریکییەکانە... کە پێم وایە تۆ بۆ خۆت ئەمانە زۆر لە من باشتر دەزانی و پێویست ناکا لەسەریان بڕۆم و باسیان بکەم.

لێرە هەر خەریکی ئەوەن کە بەڕێزەوە برووسکەی پیرۆزبایی بۆ یەکتری لێ بدەن و شاندی بازرگانی بۆ بازاڕەکان بنێرن، تا بتوانن بازرگانیی گەورە بکەن.

ئەوان ئوتومبێلمان پێ دەفرۆشن، ئوتومبێلیش پێویستی بەبەنزین و تایە و پارچە و پووچە هەیە ئەو دەمیش ناچارمان دەکەنەوە کە هەر دەبێ لەوانی بکڕینەوە. ئێمە بەبەرهەمی ئەم وڵاتە چەک و چۆڵیان لێ دەکڕین، بەڵام ئەوان تفاقی ئەو چەکانەمان بۆ نانێرن و تا گرێبەندی بازرگانیان دەگەڵ مۆر نەکرێ نایدەن. یان ئێمە دەزانین کە بەسەدان هەزار کەسی ئەم وڵاتە لەسەر بەرهەمی قاوە و مۆز دەژی. کەچی گاڵتە و یاری وا بەنرخەکانیان دەکرێ کە بێز لە بەرهەمەکە بکرێتەوە... بۆیە دەڵێم مۆنیجۆیەک چۆن دەتوانێ خۆی لە بەرامبەر ئەو هەموو نەخشە و پیلانە داڕێژراوانەدا بگرێت کە لە دەرەوە دەتەنرێت، من پێم وا نییە بتوانێ خۆیان لەبەر ڕاگری. باوەڕیشت بێ، تێری هەمیشە لێی لە کەمینێیە، گورزی خۆی لێ بوەشێنێ.

– حەمید... ئەو کارانە پەیوەندییان بەئێمەوە نییە، ئێمە سەربازین، ئەرکی سەرشانی ئێمە ئەوەیە کە کاروبارەکانی خۆمان بەتەواوی ئەنجام بدەین و نەهێڵین کەس ڕەخنەمان لەوە لێ بگرێت کە خوانەخواستە کارەکانمان دواخستووە و دەبێ زۆریشمان ئاگا لەوە بێت کە ڕێگا بەکەس نەدەین بتوانێ بەبەرتیل و بەرتیلکاری و فڕوفێڵ هەڵمان خەڵەتێنێ و بمان کڕێ. ئەوەش بزانە کە زۆر ناشایستە و ناخۆشە کە ئێمە وەک دوورە پەرێزێک ڕاوەستین و هەر تەماشا بکەین و ئەوەی لەسەر سنووریش ڕوودەدا ئێمە دەستەوەستان بەرامبەری ڕاوەستین و هیچ نەکەین.

کاک عومەر چایەکی بۆ تێ کرد و هەروەک سەردەمی منداڵی کەوتنە بسکویت پێخواردنێی.

– تۆ دەبێ بەیانی چەند بەتالیۆنێک بنێریتە ناوچەی باکور بۆ پارێزگاری سنوور و بەهێزکردنی و دەبێ سنووری ئەو دارستانەش نیشانە بکرێت و هەر چوار یا پێنج بنە دار بەبۆیاغی سپی ڕەنگ بکرێ، تا چارەسەری هێندێک گیروگرفتی سنووری بکات.

کاک عومەر هەندێ کورتە هەواڵی دایە، هەرکە حەمید ئەوانەی بیست گرژ بوو و لۆچی کەوتە نێوچەوانی.

کە گوێم لەو هەواڵە بوو کە تێری لەوێ لەوبەری سنوورە، یەکسەر تەماشای نەخشەم کرد و خۆم لە جێی تێری دانا کە دەبێ چ بکەم. کاک عومەر ئاژانسێکی زۆر چاکی هەواڵچنی هەبوو. لەبەر ئەوەش کە شتێک ڕوویدابایە یەکسەر لیژنە دەهات، بۆیە ئەو نەخشە و ڕەنگرێژییەی سەر سنوور زۆر پێویست بوو و ئێمە دەمانتوانی زۆر بەچالاکی سنوورەکانمان بپارێزین.

حەمید بەئۆتومبێلێکی سەربازی چووە یانەی ئەفسەران و لەوێ لە بن سێبەرێ کەوتە گفتوگۆ دەگەڵ ئاوالانی.

سەربازەکان بەتەورداس و قەڵانگی درێژەوە کەوتنە دروێنەی ئەو دڕک و داڵانەی ناو دارستانێ، تا ڕێچکەی بەرەو سنوورەکان بشکێنن و ڕێی هاتوچۆیە بکەنەوە. حەمید چەند بەتالیۆنێکی ناردە دەوروپشتی ئەو دارستانەی کە (خەبیر)ەکانی نەوت چادریان لێ هەڵدابوو و چاوەڕێ بوون... چادرەکانیشیان لەو جێیە و لەسەر ئەو عەردانە هەڵدابوون کە ژێرەکەی پڕی زێڕی ڕەش بوو. ئەو عەردانەی کە پێش چەند مانگێک پێترۆز کڕیبوونی و دوای مردنی ویش کەوتەوە دەست حوکمەت.

هەر لەوێش چەند کیلۆمەترێک بەلای ڕۆژهەڵاتەوە دەیانویست شەقامی پان ئەمەریکا ڕاکێشن و بەئالاسکا – پەنامادا بڕوات، بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی کەلوپەلە بازرگانییەکانیان دەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا بگۆڕنەوە و لە واشینگتۆنیش دەیانگوت، ئەگەر هات و گیروگرفتێک لەو ستراتیجییەشدا لە کەنارەکانی ئۆقیانووسی ئارامدا پەیدا بوو، ئەوە پێویستە هێزی سەربازی یەکسەر بنێردرێتە ئەو ناوچانە. چونکە سەرۆکی



ئەمەریکی وای بیر دەکردەوە کە ئەوە بسەلمێنێ کە ئەو شەقامە دەبێتە هۆی ئەوە کە لە ئەمەریکای ناوەندی و ئەمەریکای باشوورەوە کەرەستە خاوە سەرەتاییەکان و بازاڕەکان مسۆگەر دەکات.

مۆنیجۆ لەوە دەدوا کە ئەو شەقامە قیرتاوە هەزاران کیلۆمەتریە بۆیە بەناو ئەو هەموو بیابان و چیا و گرد و تەپۆڵکانەدا دێن، دەیانەوێ ئەو دارستانە کۆنە خۆرسکەش بەو شەقامەوە گرێدەن و پێی ببەستنەوە. لە نێو پایتەختیشدا دەست کرایەوە بەدامەزراندنەوەی پەرلەمان و دانانەوەی وەزیرەکان.

مۆنیجۆ سەرلەنوێ ئەوانەی دەستنیشان کردنەوە کە لە کاتی هەڵبژاردنەکەدا پشتیان گرتبوو و لە کاتی پیلانە شوومەکەشدا دەگەڵیدا بەئەمەک بوون. لەو سەروبەندەدا بوو شاندێک لە شاری وەدەرکەوت کە بۆ دانوستاندنی ئیمتیازی ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر هاتبوون. مۆنیجۆ بەتەنێ هاتبووە مەیدانی ئەو گفتوگۆیەوە.

***

ناکۆکی لەسەر سنوورەکان لە نێوان سەربازەکانی ئەو بەر و ئەم بەری هەردوولا بەجنێودان و قسەی ناشیرین پێکتر دەستی پێ کرد. جنێوی وایان پێک دەدا هەر مەپرسە ئەوەی دەیانگوت نەیان دەگوتەوە و دەشیان توانی یەک سەعاتی ڕەبەق بەبێ ڕاوەستان جنێوان پێک بدەن. هەرچەندە ئەو شەڕە جنێوەشیان ببووە ڕۆتین و کاری ڕۆژانە، بەڵام هەرواش نەبوو ئاشتی تێک بدات. بەڵام هەر لە دوورەوەشڕا دیار بوو کە دڕدۆنگی و ئاڵۆزییەک هەیە.

عومەر قادر چەند تیپێکی سوپای ناردە ناو دارستانەکان و چەند لۆرییەکیشی بەبێگار گرت بۆ ئەوەی تفاقی بەڕێکوپێکی پێ بگەیەنێتە سوپاکەی.

ئەو جنێودان و شەڕە قسەیە تا دەهات هەرایەکەی خەستتر دەکرد و دەبووە مایەی بێزاری هەردوولایان و وای لێ دەکردن خۆیان پێ ڕانەگیرێ و کۆنترۆڵی خۆیان لە دەست بدەن. بۆیە لە شەڕە جنێوەوە ئەوجار بوو بەبەرد

تێکگرتن و لە نێوان درەختەکانەوە کنەی یەکتریان دەدا و ناوی حوکمەتەکانی یەکتریان دەزڕاند، ئەمە وای کرد کە هەست و نەست و ڕێزیان بریندار بکات، تا وای لێ هات دوو تیپی سوپا لە هەردوولاوە تفەنگەکانیان دانێن و بەشەڕی دەستەویەخە، بەدەست و کوڵەمست و تێکهەڵدانێ وە نێو یەک کەون و هێندە تێک هەڵدەن شڕوشیتاڵ بەبەریەکەوە نەهێڵن و هەمووی بدڕێنن و دوایی بگەڕێنەوە نێو سەنگەرەکانیانەوە. دیسانەوە ئەو شەڕە مست و تێکهەڵدانەش هەر نەیتوانی ئاشتی تێک بدات و شەڕ بقەومێ. چەند جارێکان تیپێکی سەربازەکانی کاک عومەر تیپێکی بچکۆلەی سەربازەکانی بێگانەیان بەسەری نووکە نێزە گێڕایەوە و تێیان گەیاندن کە دەبێ هێڵی سنوور بناسن و کەوشەن نەبەزێنن.

حەمید فەرمانی دا نابێ کەس چەک بەکار بێنێت و کەس دەستدرێژی بکاتە سەر کەس، تا شەڕ نەقەومێ، تا وای لێ هات ڕەنگرێژکردنی سنووری ئەو دارستانانە بووە جێی گومان لێکردن. تا ئێستا و لەوەتەی ئەو دارستانانە و مرۆڤی ناو ئەو دارستانانە هەن کەس نەبووە خۆی لێ بەخاوەن بکات و گرنگی پێ بدات، کەچی ئەوا ئەمڕۆ بۆتە جێی گومان و پرسیارێکی سەرەکی.

کاتێ کە مۆنیجۆ گومانی لەوە نەما کە بەرێگایەکی ئاشتییانە ناتوانێ چارەسەرێکی ئاریشە و کێشەکانی سەر سنوور بکەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەسەربەستی و بەرگریکردنە، کاک عومەر قادر لە نووسینگەی (ئەرکانی جەنگەوە) پیلان و نەخشەی دانا کە لە ڕاست و چەپەوە سوپا بنێرێتە سەر سنوور، نێوان هێڵی دوژمنکاری.

مۆنیجۆ و عومەر لەوە بێگومان بوون کە ئەو ڕووداوانەی باکوور نابێ هەروا بەرامبەریان ڕاوەستی و بەدەستەوەستانییەوە سەیر بکرێت. دەبێ چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەو ناوچە جەنگەڵییەی ئەم وڵاتە بدۆزرێتەوە. تا وای لێ دێ هەردوولا بەبێ خۆ ئامادەکردنی پێشەکی و هێز کۆکردنەوە، هەر لایەکیان لە لای خۆیەوە سوپایەکی زۆر دەنێرێتە ئەو ناوچە نەوت



خیزە. بەڵام ئەفسەرەکانی هەردوولاش مەشقێکی سەربازییانەی چاکیان بەسەربازەکانیان کردبوو، بۆیە هەریەکەیان دەیانتوانی زۆر بەوردی لە نێوان ئەو داروبار و چڕوپڕی جەنگەڵەدا چاوەدێری یەکتری بکەن. ئەمە جگە لەوەش کە هەموو ڕۆژێک پێیان ڕادەگەیاندن کە بەهیچ جۆرێک نابێ سنوور ببەزێنن و بپەڕنەوە.

جارێکیان کۆمەڵێک منداڵوتاڵی هەرزە و نەزان دێن و هێڵی نێوانیان دەبەزێنن و دەچن کەری کابرایەکی وەرزێر دەدزن و گندۆرەی دزراویشی لێ بار دەکەن. لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ئەوبەری لای وڵاتی خۆیان تووشی دەورییەیەکی دوژمنیان دەبن.

هەرچەندە دەورییەکە نایەوێ نە کەرەکە و نە گندۆرەکانیان لێ بستێننەوە، کەچی ئەو منداڵ و تاڵانە، دەکەونە جوێندان و بەرد بارانکردنی دەورییەکە و سەربازێکی حەمیدی لەو ناوەدا (٣) سێ پەنجەی بەتەورداسی دەقرتێ. سەربازەکە لە سەیری ئەوانە ئاگای لە ئازارێ بڕابوو. چونکە ئەو جۆرە برینانەش دەجەنگەڵ و نێو لێڕەواریدا شتێکی ئاساییە. بەڵام کەس لەوە خۆش نابێ دوژمن پارچەیەکت لە لەشی کاتەوە. ئەوجا لە نێو ئەو گیا و پووش و پەڵاش و ناودارانەوە چەقویان داویشتنێ، بۆیە سەربازەکان زۆر بەدەستوبردی خۆیان هاویشتە پشت دارەکان و خۆیان پەنادا و هەریەکە فیشەکی داڕنییە نێو تفەنگەکەیەوە. مەگەر هەر بەدەنگی جنێودان بیانتوانیبایە شوێنەکانی دوژمن بدۆزنەوە، دەنا دەو دارستانە چڕوپڕەیدا لە (٤) چوار مەتر بەولاوەتر، کەس کەسی نەدەدیت. نزیکە چارەکە سەعاتێک ئەو شەڕە جنێوە بەردەوام بوو. یەک لە سەربازەکانی حەمیدی پەتی پچڕاند و دەستی بۆ تفەنگێ برد و گوللەیەکی هاویشت و بەناو ئەو هەموو داروبار و پێچ و پەنایەدا، گوللە چوو وەسەری کەرەکەی کەوت. ئیدی هەر ئەوەندە تەقەی ئەو تفەنگەی هات، لە هەموو لایەکی ناو ئەو دارستانەیڕا بوو بەئاگر باران و تەق و تۆقێکی وا گوللە وەک تاوە تەرزەی دەباری و وەدرەخت و دار و بەردان دەکەوت. سەربازەکان ویستیان زۆر لەسەرخۆ، جێگۆڕکێ بەشوێنەکانی خۆیان بکەن و جێی باشتر بگرن.

ئەو دڕکوداڵ و داروبارەی پێشە خۆیان بەتەورداسان هەڵدەبڕی و خۆیان داویشتە ناو ئەو قوڵتانەی عەردی و خۆیان تێدا قایم دەکرد. جا پێش ئەوەی تاکتیکی ئەو مناوەرەیە تەواو کەن، نە تەقەمەنییان پێمابوو و نە فیشەکدانەکانیشیان هیچی تێدا مابوو، بۆیە هەردوولا خۆیان مات کرد و تەقە ڕاوەستا.

ئەو سەربازەی کە پەنجەکانی قرتا بوون، بەدەستەسڕێکی پاک پێچای و بەستیەوە. هەردوو لا دەستیان کرد بەکشانەوە. ئەوەی مایەوە لاشەی ئەو شەهیدانە بوو کە لە گۆڕەپانی شەڕێ کەوتبوون، دەگەڵ چەند گندۆرە و کۆمەڵە قەوانە فیشەکێک و کەرێکی تۆپیو و ئەو گوللانەی کە لێرە و لەوێ لە داروبارەکان و لە عەردیدا چەقیبوون.

***



## پاژی سێزدەهەم

## ڕووداوەکانی سەر سنوور

خەڵکەکە هەموو دڵیان دەکولا و تەزوو و موچوڕکەیان بەدڵدا دەهات و دەچوو. هیچ لایەکیان نەیاندەویست لەو ڕووداوانەی سەر سنووردا دەستپێشخەری تەقەکردن بێت و هەریەکەیان لە لای خۆیەوە خەریکی خۆ پاراستنێ بوو. کەچی بەڵگەی تەقەش زۆر ئاشکرا بوو کە خەڵکەکە هەموو بەفیشەکدانی بەتاڵەوە دەگەڕانەوە بارەگاکانیان. ئەو سەربازەی حەمید کە (٣) سێ پەنجەکەی دەناو دەستەسڕێکیەوە پێچابوون، هێنانی و لە بەردەمی ئەفسەرەکەی لەسەر مێزێی دانان، تا بیسەلمێنێ کە دەستدرێژییان لێ کراوە. هەروەها دەشیان گوت، دەگەڵ ئەو دزی و جەردەیەی ناو ئەو دارستانە، چارەی لەوەمان زیاتر نییە بیکەین.

لە کاتی هاتوچوونی دیبلۆماسییانەی هەردوولاشدا، حەمید هەر خەریکی ئەوە بوو کە هێزە هەرە باشەکان لەو ناوچانەی سەر سنوور دابەش و بڵاو بکاتەوە و هەر تیپەی لە سەنگەراندا جێی خۆی بگرێ. چونکە هەر بۆماوەی چەند ڕۆژێکی کەم ڕووداوەکان سەرلەنوێ دووپات دەبوونەوە و دەورییەکانیان بەڕق و داخ لەدڵییەوە سنووریان دەبەزاندەوە و دەکەوتنەوە بڕینەوەی دارە نیشانکراوەکانی سەر سنوور.

حەمید هەمیشە لە پێشوازی ئەو شاندە نوێنەرانەدا بوو کە لە ڕێی دیبلۆماسییەوە دەهاتن و دەچوون، و ئاگاشی لە ورد و درشتی ڕووداو و پێشهات و هەموو شتەکان بوو. سەرۆک کۆمار و وەزیری بەرگریشی لەوە ئاگادار کردەوە، کە پێکداهاتن و بەرپابوونی شەڕ چاوەڕێی دەم و سەعاتە.

تێری سوێندی تۆڵەسەندنەوەی خواردبوو، بۆیە زۆر بەگەرمی کاری تێدا دەکرد. مەبەستیشی لە تۆڵەسەندنەوە، تۆڵەسەندنەوەی خودی و کەسی نەبوو، بەڵکو ئامانجی ئەوە بوو بگاتە مەرام و مەبەستەکانی خۆی، و هیچ کاتێکیش وای پێشان نەدەدا کە لێدراوە و شکستی هێناوە. ئەو وەکو پیاوێک کە وەکالەتی گشتی بەدەستە و مافی هەیە بەپارەی زۆرەوە هەڵسوکەوت بکات و لە ڕابوردوودا ناوچەی بەرینی نەوت خیزی بۆ ئەو

کۆمپانیانە وەدەست هێنابوو، ئێستاش دەتوانێ ناوچەی دیکەی نەوت خیزی ژێر ئەو زەمینەش بخاتە ژێر دەستی ئەو کۆمپانیایە، جا بەهەر شێوەیەک بێت.

ئەو ڕووداو و شەڕ و شۆڕە بچکۆلانەی ناو ئەو دارستانانەی سەر سنووریشی هەر بۆ هێندێ بوو، کە تا زووە ئەو ناوچانەی بکەونە ژێر دەستی، بەڵام دەبێ لەوەش وریا بێ ئەو وردە شەڕانە تەشەنە نەکەن و نەبنە جەنگێکی گەورە و پەرە بۆ ئەو وڵاتانەی دەورووپشت بستێنێ.

***

بەڕێز تێری هەر حیسابی ژمارەی سەربازەکانی بۆ سوپای مۆنیجۆ کردبوو، بەڵام نەیدەزانی، چەند ساڵە ئەو سەربازانە مەشقی سەربازانە لە نێو ئەو دارستان و دڕک و زەمەندانەدا دەکەن و چ مەشقێکی شەڕی ناو شەقامانیان پێ کراوە.

کاک عومەر وەزارەتی بەرگری ڕاست بردە دەورووپشتی ئەو دارستانانەی سەر سنوور و هەر لەوێش بۆ خۆی سەرکردایەتی کاروبارە جەنگییەکانی دەکرد. ئەوە یەکەم جار بوو لەسەر سنووری ئەو وڵاتە و لە (ریۆ پۆلزیرا)دا شەڕ ڕوویدات. سەربازەکانی مۆنیجۆ مەشقێکی زۆر باشیان پێ کرابوو، و زۆر چاپووکانە دەیانتوانی سەر لە دوژمن بشێوێنن و خۆیان لە دوژمن ون کەن و زۆر بەزەحمەت دەنێو ئەو جەنگەڵەدا ئاشکرا بێن. ئەو تاکتیکە پارتیزانییەی کە لە کوردستانەوە دەگەڵ خۆیاندا هێنا بوو، سەرکەوتنێکی زۆری پێوە بوو. کاک عومەر ئەو گیروگرفت و ئاریشەیەی زۆر بەگرنگی وەرگرت و بەهێندی هەڵگرت، تا بتوانێ ئەو لێهاتووییە و ئەو توانایەی خۆی بۆ مۆنیجۆ نیشان بدات و خزمەتێکی باشی مەردانەشی پێ بکات، هات لە ناوەندەکانی ناوچەی دوژمندا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە وەکو دوو لای چەنگاڵێک پەلاماری دان و هەڵی برین. نەک هەر توانیان تیپەکانی سوپای دوژمن لە باشوورەوەش ڕێگا لێ بگرن، بەڵکە توانیان ناوچە نەوت خیزەکانیشیان لێ داگیر بکەن. ئەمە وای کرد کە نەوتی ژێر زەوی ئەو وڵاتە هەمووی بکەوێتە ژێر چنگی مۆنیجۆوە.

***



تێری هێندەی نەمابوو بۆ جاری سێهەمیش بیدۆڕێنێ، کە برووسکەیەکی بەپەلەی لە مارشاڵ (موشیر)ەوە پێ گەیشت.

ڕووداوەکانی سەر سنووری ئەڵمانیا و پۆڵۆنیاش لەولاوە بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم و هەر لەگەڵ یەکەم تەقەدا بەمەلایین کەس ڕووبەڕووی خەباتی مان و نەمان بوونەوە. لە دایەرەی سەرەکی نیویۆرکدا جێگایەکی باشتریان بۆ تێری دیاری کرد و ئەو ئیمتیازە بچکۆلانەی ئەمەریکای لاتینی بووە شتێکی لاوەکی.

تێری لە (سان فرانسیسکۆ)وە سواری فڕۆکەیەکی چینی (صینی) بوو و بەرەو ڕۆژهەڵاتی دوور (الشرق الأقصى) فڕی بۆ ئەوەی بچێتە ئەوێ و خەریکی لێکۆڵینەوە و لێتۆژینەوەی ئەوێ بێ، چونکە بازرگانەکانی نەوت دەیانزانی لە کوێیان پێویستی هەیە.

***

بەسواری فڕۆکەش لیژنەیەک گەیشتە پایتەخت، بۆ لای مۆنیجۆ.

عومەر قادر داوا کرایەوە، بگەڕێتەوە پایتەخت. سەربازەکانیشی بەهۆی شەڕ ڕاگرتنێوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکان پشوویەکیان هاتەوە بەرێ. ئەو مناوەرە گەورەیەی کردیان توانیان زۆر لە تیپەکانی سوپای دوژمن کڕ و بێدەنگ بکەن و لە ناو وڵاتی خۆیاندا، ڕێی بەهانا هاتنیوەیان لێ بگرن. بەڕاستی ئەو ستراتیژیەتەی کاک عومەر سەرکەوتنێکی زۆر و چاکی وەدەست هێنا. کاک عومەر هێشتا لە ڕێگای گەڕانەوەیدا بوو بۆ پایتەخت و تا گەیشتەوە مۆنیجۆ پەیمانی ئاشتی بەستبوو. بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە، هەموو ناوچە داگیرکراوەکانیان دانەوە و تیپەکانی سوپا خێوەت و چادرەکانیان دەنێو دارستانێدا هەڵکەندنەوە و هاتنەوە ناو سەربازخانەکانی دەوری شار و لێگەڕان تا ئاهەنگ و خۆپیشاندان و مانۆڕێکی سەربازی باشی سەرکەوتنیان بۆ بگێڕن.

مۆنیجۆ و عومەر قادر و حەمید بەسواری ئۆتومبێلێکی تەنتە (سەر کراوە) بەناو شەقامە سەرەکییەکانی پایتەختدا دەڕۆیشتن و لە هەر دوو بەرەوە کچان و ئافرەتان بەگوڵی نێرگز و یاسەمین گوڵبارانیان دەکردن.

بەڵام ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بەکاک عومەر چی! کە دوای مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی هەموو ئەو زەویوزارانەیان بدرێتەوە کە لێیان گیراوە و، بەپێی ئەو ڕێککەوتنەش یەکبوونێکی سەربازی لە نێوانیاندا دروست دەبێت و هانی پیشەسازییەکانی ناوخۆش لە ناو وڵاتی یەکتردا دەدەن و زۆر شتی تریش...

کاک عومەر وای بیر دەکردەوە کە ئەوە نابێتە هیچ... کاغەزەکانی ناو بەرکی دەرهێنان و بەتووڕەییەوە پۆستاڵەکانیشی هاویشتنە قوژبنێ.

***

پاش چوار ڕۆژان هەردوو ڕۆژنامەکانی پایتەخت، هەواڵێکی کتوپڕیان بڵاو کردەوە کە ئەو دوو سەرفەرماندە ستراتیژییە بەڕێزانە، کاک عومەر قادر و حەمید عەقرەب دەستیان لە کار کێشاوەتەوە و وەزارەتی بەرگری و سەرکردایەتی هێزی سوپایان تەسلیم بەسەرەک کۆمار کردۆتەوە و ئەو دەست لە کارکێشانەوەش لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی خۆیان بووە و بەس...

***

هەر سێ پیاو پێکەوە لە کۆشکی کۆماری دانیشتبوون و قۆریە چایەک و (٣) سێ پیاڵەی چایان لەسەر مێزەکە لەبەردەمی بوو. ئەو ئاهەنگەی بەبۆنەی ماڵئاواییانەوە بۆیان کرا بوو کۆتایی هاتبوو. ئەو وڵاتە زۆری سوپاسی ئەو دوو کوردانە کرد و بەگەورەترین (میدال) ڕێزیان لێنرا. بەڵام زۆر کەم کەسێک هۆی ئەم دەست لە کارکێشانەوەیان دەزانی.

چین... چین...

– ئەوە، چین... چینی چیتە عومەر...!؟.

سەرەک کۆمار لەوە نەدەگەیشت کە داخوا ئەو دوو دۆستانەی بۆ بەجێی دەهێڵن.

– لەوێ لە چین، ئیشیان بەپیاوی وەک ئێمە هەر دەبێ... بەڕێز سەرەک کۆمار... ئێمە لێرە زیادین، بۆیە ئێمە نامانەوێ لێرە ببینە جێ ئاماژەی پەنجەی ئەم وڵاتە و ببینە نیشانێک بۆ ئەم وڵاتە، چونکە لێرە ڕێگای ئەو



شتانە نادرێ. جەنابتان بۆ خۆتان سەلماندتان کە لیژنەکانی شاندێک هەموو ژەنەڕاڵەکانی ئەم وڵاتە دێنێ و زۆریش گرینگترە.

چارەنووسی ئەم وڵاتە بچکۆلانەیە بەدەست لایەکی ترە و لە شوێنێکی ترەوە بڕیاری لێ دەدرێ. ئێستاش وەکو ئێمە ئاگادارین، بەڕێزتان هیچ تەنگوچەڵەمە و ئاریشەیەکتان لەبەردەمدا نییە. تازە ئەو گەلەت تێگەیشت و زۆر شتیش فێر بوو و سوپای ئەم وڵاتەش بڕیاری خۆی داوە کە پشتت بگرێ و هەرگیز پشتت بەرنەدا و ئەفسەرەکانیشی بێ ئەمەک نابن لەگەڵتا. تازە ئەوە تێپەڕی وەک ساڵانی پێشووتر بەبەرتیل و فرتوفێڵ بێن و ئەو وڵاتە دوابێخن و بەبێ ئامانج و بەبێ هیچ مەبەستێک کودەتا بەرپا کەن.

بەڕێز سەرەک کۆمار تازە ئەو ڕۆژانە بەسەر چوون، ئەوڕۆ هەموو تێگەیشتوون کە پشتی یەک گرتن بیروباوەڕیان بەهێز دەکات و متمانەیان بەسیاسەتی میری لەسەر خزمەتکردنی ئەم وڵاتە پتەوتر و توندوتۆڵتر دەکات، و ئەوەش شتێکی ئاشکرایە کە تا دێ ئەو گەلە زیاتر بیر لە فێربوونی سیاسەتی وڵات دەکاتەوە.

مۆنیجۆ زۆر باش لەوە تێگەیشت کە عومەر قادر نەک هەر تەنیا سەرکردایەتی سوپا و چارەنووسی ئەم وڵاتەی تەسلیم کردەوە، بەڵکە باوەڕی بەوەش هێنا کە ئەم گەلە هەژارە فێری ڕەوشتێکی باشیش بووە و هەموو دەمێک ئامادەیە دروشمی سەربەستی و سەربەخۆیی و ڕاستی هەڵگرێت.

***

لەبەردەمی کۆشکی کۆماری (پاسەوانی کۆماری) چەکەکانیان خرم لە زەوی دا و بەسینگیانەوە نانەوە و، هەر بەو ئێوارەیەش دەور و تەسلیمیان کرد.

هەر دەو دەمەیدا کە ئەو (٣) سێ پیاوە لە ژووری سەرەک کۆماریدا، دانیشتبوون، عومەر قادر زۆر بەدڵگیرییەوە دەو دیوارەی بەرامبەریەوە ڕاما بوو و هەر دوو چاوی پڕ ببوون لە ئاو و کەسەرێکی زۆریشی لە

دەموچاوانڕا دیار بوو.

مۆنیجۆ و حەمید هەردووکیان ڕوویان وەرسووڕاند و سەیری ئەو تێڕامانەی کاک عومەریان کرد. کە لەو خەنجەرە زێڕەی سەر دیوارەکەی بەرامبەریەوە ڕاما بوو، ئەو خەنجەرە زێڕەی کە هێمای خەبات و تێکۆشان و ئازادییە.

مۆنیجۆ لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا زۆر شت لەو دوو کوردانەوە فێر بوو. ئەو دوو کوردەی خەڵکی ناو ئەو چیا ڕەشانەی مزگەوتەکانیان بەگومبەتی زێڕ ڕازاوەتەوە و ڕووبار و زێیەکانیان وەک زیوی قاڵ دەبریسکێنەوە. بەڕاستی ڕۆیشتنی ئەو دوو کوردە بۆشاییەکی لە ژیانی تێکۆشان و خەباتە نهێنییەکانی ئەودا جێدێڵن.

عومەر من بۆ خۆم و بەدەستی خۆشم ئەو خەنجەرەت پێشکەش دەکەمەوە کە وەکو ئەو هێمایەیە کە دەڵێ: (بیری ئازادی هەرگیز نابەزێ) – فكرة الحرية لا تقهر– ئەو خەنجەرە، لەگەڵ خۆتدا بەخت و شانسیان هێنایە ناو ئەم وڵاتەوە و، منیش زۆر باش لەوە گەیشتم کە بەڕاستی دیبلۆماسییەتی تۆ لەم وڵاتەی مندا جێی خۆی گرت. دەزانم، تۆ بۆیە دەتەوێ ئەو خەنجەرە دەگەڵە خۆتدا بەری، تا لە جێگایەکی دیکەشدا بەهەمان ئەو هێزە نەشکاوە لە بن نەهاتووەوە، بەرگری لە مافی چەوساوەکان بکەیت. ئەوە سەربەستی نیشتمانتە... خەبات و تێکۆشان ڕێگای ژیانتە...

(تیغەی ئەو خەنجەرە هەر بەپاکی بهێڵەوە عومەر...) –احتفظ بنصل الخنجر طاهراً یا عمر– هەروا بەدەم ئەم قسانەوە، مۆنیجۆ کورسییەکەی خۆی بردە تەنیشت دیواری و بەدەستی خۆی خەنجەرە زێڕەکەی هێنایە خوارێ و عومەر زۆر بەماتی و کڕ و بێدەنگییەوە وەری گرتەوە و بەسەری سوپاسێکی گەرموگوڕی بەڕێز مۆنیجۆی کرد، چونکە قسەی بۆ نەدەکرا و چاوەکانی پڕ ببوون لە ئاو.